هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر


# شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا

## ( لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە )

نامەیەکە


ڕزگار واحید حەمەدئەمین

بەکالۆریۆس – زانکۆی سەلاحەددین (2004–2005)


پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە

بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

بەسەرپەرشتی

پ.د.وریا عومەر ئەمین


تشرینی دووەم 2009     گەلاڕێزان 2709     زولحیجە 1430

# ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئەم نامە یە کە به ناوونیـ شانی ( شێوازی بانگکردن لە ز مانی کورد یدا- لێکۆڵینەوەییێکی شیکارییە) قوتابی(ڕز گار واحـید حەمەد ئەمین) به سەرپەر شتی من لە کۆلێجی ز مانی زاذ کۆی سەلاحەددین ئا مادەی کردووە، به شێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت: پ.د.وریا عومەر ئەمین

مێژوو: / / 2009

بەپێی پێ شنیاری مامۆ ستای سەرپەر شت ئەم نامە یە پێ شکەش به لێژ نەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: یادگار ڕەسول حمدامین

سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا

لە بەشی زمانی کوردی

مێژوو: / / 2009

# ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێ مە ئە ندامانی لێژ نەی تاوتوێکردن و هەڵ سەنگاندن، ئەم نامە یەمان خوێ ندەوە، کە بە ناونیـ شانی ( شێوازی بانگکردن لە ز مانی کورد یدا- لێکۆڵیـ نەوەیێکی شیکارییە) و قو تابی (ڕز گار واحـ یدـ حەمەد ئەمین)مان تاقی کردەوەو گفتوگۆ مان لە گەڵیا لە بارەی ناوەڕۆك و لایە نەکانی تریـ یەوە کرد و بڕیارماندا کە شایانی ئەوەیە بە پلەی( ) بڕوانامەی ماجستێری لەزمانی کوردی بدرێتێ.

ناو: پ.د.محەمەد مەعروف فەتاح
سەرۆکی لێژنە
مـ ێژوو: / / 2009

ناو: د.عەبدولوەهاب خالید موسا
ئەندام
مـ ێژوو: / / 2009

ناو: د.ئازاد ڕەمەزان عەلی
ئەندام
مێژوو: / / 2009

ناو: پ.د.وریا عومەر ئەمین
ئەندام و سەرپەرشت
مێژوو: / / 2009

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمان  زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.

ناو: پ.ی.د.نەوزاد حسن خۆشناو
ڕاگری کۆلێجی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
مێژوو: / / 2009

# کورتکراوە و هێماکان

| | |
|---|---|
| ن | ناو |
| ب | بکەر |
| بە | بەرکار |
| ك | کار |
| تە | تەواوکەر |
| ف.ن | فرێزی ناوی |
| ف.ك | فرێزی کاری |
| ف.بەند | فرێزی بەند |
| ف.ن.با | فرێزی ناوی بانگکراو |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| ڕ | ڕستە |
| ج | جێناو |
| پ.س | پێکهاتەی سەرەوە |
| پ.ژ | پێکهاتەی ژێرەوە |
| ب.ن | بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| ئا | ئاوەڵناو |
| ب.گ | بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
| م.د | مۆرفیمی دۆخ |
| ← | دەبێتە/ پێکدێت لە... |
| □...□ | سەرەتاو کۆتایی ئاخاوتن |
| | ڕێککەوتن |
| ::: | درێژکردنەوەی بزوێن. |
| ∅ | کەرستەیەك دەرنەکەوتووە. |
| / | هێزی سەرەکی |
| □ | هێزی لاوەکی(دووەمی). |
| * | ناڕێزمانی |

# لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- |
| Level | ئاست |
| Discourse | ئاخاوتن |
| Grammatical function | ئەرکی ڕێزمانی |
| Particle | ئامراز |
| Function | ئەرك |
| Vocative | بانگکردن |
| Invitation | بانگهێشتن |
| Initial vocative | بانگکراوی سەرەتا |
| Medial vocative | بانگکراوی ناوەڕاست |
| Final vocative | بانگکراوی کۆتایی |
| Subject | بکەر |
| Object | بەرکار |
| Grammatical subject | بکەری ڕێزمانی |
| Logical subject | بکەری لۆجیکی |
| Structure | پێکهاتە |
| Surface structure | پێکهاتەی سەرەوە |
| Deep structure | پێکهاتەی ژێرەوە |
| Family Relationships | پەیوەندی خێزانی |
| Tense | کات |
| Complement | تەواوکەر |
| Transitive | تێپەڕ |
| Intransitive | تێنەپەڕ |
| Pronoun | جێناو |
| Reflexive pronoun | جێناوی خۆیی |
| Case | دۆخ |
| Nominative Case | دۆخی بکەری |
| Accusative Case | دۆخی بەرکاری |

| | |
|---|---|
| Genitive Case | دۆخی خستنەسەر |
| Temporal Case | دۆخی کات |
| Locative Case | دۆخی شوێن |
| Vocative Case | دۆخی بانگکردن |
| Context | دەوروبەر |
| Imperative | داخوازی |
| Modifier | دیارخەر |
| Modified | دیارخراو |
| Declarative | ڕاگەیاندن(ئیخباری) |
| Verb mood | ڕێژەی کار |
| Gender | ڕەگەز |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Head | سەرە |
| Style | شێواز |
| Position of Vocative | شوێنی بانگکراو |
| Command | فەرماندان |
| Lexical | فەرهەنگی |
| Noun phrase | فرێزی ناوی |
| Verb phrase | فرێزی کاری |
| Ellipsis | کرتاندن |
| Reaction | کاردانەوە |
| Lamentation | لاواندنەوە |
| Free Morpheme | مۆرفیمی سەربەخۆ |
| Bound Morpheme | مۆرفیمی بەند |
| Derivational Morpheme | مۆرفیمی وشەداڕێژ |
| Inflectional Morpheme | مۆرفیمی ڕێزمانی |
| Sender | نێرەر |
| Social meaning | واتای کۆمەڵایەتی |
| Emotive meaning | واتای دەروونی |
| Receiver | وەرگر |

# نـــــــاوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 1 | پێشەکی |
| 1 | 1- ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | 2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| 1 | 3- گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | 4- گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | 5- سنوورو کەرستەی لێکۆڵینەوەکە |
| 2 | 6- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| 2 | 7- ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە |
| **4** | **بەشی یەکەم/ هەندێ تەوەرەی گشتی پەیوەندار بە بانگکردن** |
| 5 | 1-1- ئاستە پەیوەندارەکانی زمان بە شیکردنەوەی شێوازی بانگکردن |
| 6 | 1-1-1- ئاستی دەنگسازی |
| 6 | 1-1-1-1- فۆنەتیك |
| 6 | 1-1-1-2-فۆنۆلۆجی |
| 10 | 1-1-2- ئاستی ڕێزمان |
| 10 | 1-1-2-1- مۆرفۆلۆجی |
| 12 | 1-1-2-2- سینتاکس |
| 17 | 1-1-3- ئاستی واتا |
| 17 | 1-1-3-1- واتای سیمانتیکی |
| 17 | 1-1-3-2- واتای پراگماتیکی |
| 17 | 1-1-3-2-1- شێوازی ئاخاوتن |
| 18 | 1-1-3-3- واتای دەروونی |
| 19 | 1-2- بانگکردن و دۆخ |
| 19 | 1-2-1- چەمکی دۆخ |
| 19 | 1-2-2- جۆرەکانی دۆخ |
| 19 | 1-2-2-1- دۆخی بکەری |
| 22 | 1-2-2-2- دۆخی بەرکاری |

| | |
|---|---|
| 1-2-2-3- دۆخی خستنەسەر | 23 |
| 1-2-2-4- دۆخی کات | 24 |
| 1-2-2-5- دۆخی شوێن | 24 |
| 1-2-2-6- دۆخی بانگکردن | 25 |
| 1-3- تێڕوانینی زمانەوانان لە بارەی شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا | 27 |
| **بەشی دووەم/ چەمك و زاراوە و بوارە جیاوازەکانی بانگکردن و مۆرفیمەکانی** | **41** |
| 2-1- زاراوەی بانگکردن | 42 |
| 2-2- پێناسەی بانگکردن | 42 |
| 2-3- مۆرفیمەکانی بانگکردن و سیماکانیان | 44 |
| 2-3-1- مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن | 44 |
| 2-3-2- مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن | 50 |
| 2-4- کرتاندنی مۆرفیمەکانی بانگکردن | 52 |
| 2-5- تایبەتییەکانی بانگکردن | 53 |
| 2-6- چەمك و مەبەستەکانی بانگکردن | 56 |
| 2-6-1- بانگکردن | 57 |
| 2-6-2- وشیارکردنەوە و دەستنیشانکردن | 59 |
| 2-6-3- هاوارکردن | 61 |
| 2-6-4- هەڕەشەکردن | 63 |
| 2-6-5- دوعاکردن | 64 |
| 2-6-6- دۆزینەوە | 65 |
| 2-6-7- لاواندنەوە | 66 |
| 2-6-8- هاندان و وروژاندن | 67 |
| 2-6-9- هەست بریندارکردن | 68 |
| 2-6-10- دیاریکردن | 68 |
| 2-6-11- سەرسوڕمان | 69 |
| 2-7- جیاوازی نێوان سەرسوڕمان و بانگکردن | 69 |
| 2-8- بانگکردنی نازمانی | 72 |
| **بەشی سێیەم/ سیما واتایی و سینتاکسییەکانی بانگکراو و شێوازەکانی بانگکردن** | **74** |
| 3-1- ناوی بانگکراو | 75 |

| | |
|---|---|
| 76 | 3-2- سیما و شێوەکانی ناوی بانگکراو |
| 79 | 3-3- بانگکردنی کەسی نەناس |
| 80 | 3-4- کورتکردنەوەی ناوی بانگکراو |
| 80 | 3-5- کرتاندنی ناوی بانگکراو |
| 81 | 3-6- ڕۆڵی بانگکردن لە ناساندنی ناوی بانگکراو |
| 82 | 3-7- بانگکراو و فرێزی ناوی |
| 86 | 3-8- دابەش بوونی بانگکراو بەسەر جۆرەکانی ڕستە |
| 87 | 3-9- شوێنی بانگکراو لە ڕستەدا |
| 87 | 3-9-1- بانگکراو لە سەرەتای ڕستە |
| 88 | 3-9-2- بانگکراو لە ناوەڕاستی ڕستە |
| 90 | 3-9-3- بانگکراو لە کۆتایی ڕستە |
| 91 | 3-10- ڕێژەی کارەکانی ڕستەی دوای بانگکراو |
| 92 | 3-11- ئەرکی ناوی بانگکراو |
| 93 | 3-12- شیکردنەوەی چەند ڕستەیەکی بانگکردن بە هێڵکاری درەختی |
| 97 | 3-13- بانگکراو و فۆنیمە ناکەرتییەکان |
| 97 | 3-13-1- بانگکراو و هێز |
| 98 | 3-13-2- بانگکراو و ئاواز |
| 101 | 3-14- شێوازە جیاکانی بانگکردن لە کۆمەڵگادا |
| 101 | 3-14-1- شێوازی بانگکردنی فەرمی |
| 102 | 3-14-2- شێوازی بانگکردنی ئاسایی (نافەرمی) |
| 104 | 3-14-3- شێوازی بانگکردنی دۆستانە |
| 104 | 3-15- کاریگەری دەروونی شێوازی بانگکردن لەسەر بانگکراو |
| 107 | - ئەنجامەکان |
| 109 | - سەرچاوەکان |
| 115 | - الخلاصة |
| 116 | Abstract |

# پێشەکی

# پێشەکی

## 1- ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

نامە کە به ناونیشانی( شێوازی بانگکردن له ز مانی کورد یدا-لێکۆڵینەوه یەکی شیکارییه). شیکردنەوەی بانگکردن له ژێر ئەم ناونیشانه پانتایيەکی فراوان دادەپۆشێ، بۆیه سروشتی کارەکه وادەخوازێ، سوود له ئاسته جیاوازەکانی ز مان وەربگیرێ، به تایبەتی ئاستەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و واتا.

## 2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەته، دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی تا ئێستا به شێوەیەکی فراوان له شێوازی بانگکردن له ز مانی کورد یدا، نەکۆڵدراوه تەوه و تاڕاده یەك فەرامۆش کراوه، له بەرهه مه ڕێزمانییەکا ندا لا بەلا ئا ماژەی پێ کراوه، ئەویش له پێ ناوی دەستنی شانکردنی ئامرازەکانی بانگکردن بووه، سەرەڕای ئه مەش بەکارهێنانی شێوازی جیاجیای بانگکردن و کاریگەری جۆری شێوازەکان لەسەر بانگکراو، سەرنجی ڕاکێشاین که ئەم کارەی بۆ تەرخان بکەین.

## 3- گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی لێکۆڵینەوه که لەوەدا یه، که به شێوەیەکی زانستی، پەردە لە سەر لا یەنێکی ڕێزمانی کوردی لادەدا و هەوڵێکه بۆ شیکردنەوەی کردەیەکی ز مانی که ڕۆژا نه به شێوازی جیا له ئاخاوتنی خەڵك بەکاردێ، بۆیه دیاریکردن و ساغکردنەوەی لایەنه جیاوازه کانی ئەم شێوازه ئامانجی لێکۆڵینەوەکەیه.

## 4- گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوه گرفتی تێکەڵبوونی بانگکردن و سەر سوڕمان و ئەرکی بانگکراو و بۆ چوونه جیاوازه کانی زما نەوانان لەم باره یەوه چارەبکرێ و سەراپای شێوازی بانگکردن شیبکرێتەوه، بەڵام سرکی بابەته که وایکردووه بابەته که به ئا سانی خۆی به دەستەوه نەدات و تێکەڵ به زۆربەی ئاستەکانی زمان ببێت، به شیکردنەوەی بابەتەکەش له یەك ئاستدا ئامانجی لێکۆڵینەوەکه نەدەهاته دی.

گەڕان به دوای نموونەی پێویست بۆ شێواز و مەبەستەکانی بانگکردن و دڵنیابوون له دروستی شوێنی بەکارهێنانیان گرفتێکی تری لێکۆڵینەوەکه بوو.

## 5- سنوور و کەرستەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوە یە لە چوار چێوەی ز مانی کوردی-زاری کر مانجی ناوەڕا ست ( شێوە فەرمییەکەی) دایە و کەرستەی خاوی لێکۆڵینەوە کە، ئا خاوتنی ڕۆژا نەی خەڵك و نموو نەی بەرهە مە ئەدەبیە یەکانی (ڕۆ مان و شیعر )ـە، ج گە لە سوودبینین لە چەند دراما یەکی تەلەفزیۆنیی.

## 6- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوە کە لەژێر پەیڕەوی، وە سفی- شیکاری-گ شتی، ئەنجام دراوە، لێکۆڵینەوە کە وەسفییە چونکە لە ئێستای بانگکردن لە زمانی کوردیدا دەکۆڵێتەوە، شیکارییە بەو مانا یەی نموونەکان بە شێوەیەکی بابەتییا نە شیکراونەتەوە و ئەنجا مەکانیان خراونە تەڕوو، گ شتیە چونکە یەك قوتابخانەی زمانەوانی ناکات بە بنەما بۆ ڕوونکردنەوەی بانگکردن.

## 7- ناوەڕۆك و ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکە:

ناوەڕۆکی نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و کورتە بە ز مانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە سێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا (هەندێ تەوەرەی گ شتی پەیوە نددار بە بانگکردن) خراونە تەڕوو، کە سێ تەوەرەن، لە تەوەرەی یەکە مدا، ئا ستە پەیوە نددارەکانی ز مان بە شیکردنەوەی شێوازی بانگکردن باسکراوە. لە تەوەرەی دووە مدا، دۆخ و دۆ خی بانگکردن ڕوونکراوە تەوە، تەوەرەی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ تێڕوا نی زما نەوانان لە بارەی شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا.

بە شی دووەم بە ناونیشانی( چەمك و زاراوەو بوارە جیاوازە کانی بانگکردن و مۆرفیمەکانی) یە، ئەم بابەتا نە دەگرێ تەخۆ: زاراوەی بانگکردن، پێنا سەی بانگکردن، مۆرفیمەکانی بانگکردن و سیماکانیان، کرتا ندنی مۆرفیمەکانی بانگکردن، تایبەتیە یەکانی بانگکردن، چەمك و مەبە ستەکانی بانگکردن، ج یاوازی ن ێوان سەر سوڕمان و بانگکردن، بانگکردنی نازمانی.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی( سیما وا تایی و سینتاکسییەکانی بانگکراو و شێوازەکانی بانگکردن)ـە، کە ئەم بابەتانە دەگرێتەخۆ: ناوی بانگکراو، سیما و شێوەکانی ناوی بانگکراو، بانگکردنی کە سی نەناس، کورتکرد نەوەی ناوی بانگکراو، کرتا ندنی ناوی بانگکراو، ڕۆ ڵی بانگکردن لە نا ساندنی ناوی بانگکراو، بانگکراو و فر ێزی ناوی، دا بەش بوونی بانگکراو

بەسەر شێوەکانی ڕستە. شوێنی بانگکراو لە ڕستە، ڕێژەی کارەکانی ڕستەی دوای بانگکراو، ئەرکی ناوی بانگکراو، شیکردنەوەی چەند ڕستەیەکی بانگکردن بە هێڵکاری درەختیی، بانگکراو و فۆنیمە ناکەرتییەکان، شێوازە جیاکانی بانگکردن لە کۆمەڵگا، کاریگەری دەروونی شێوازی بانگکردن لەسەر بانگکراو.

# بەشی یەکەم

## هەندێ تەوەرەی گشتی پەیوەنددار بە بانگکردن

## 1-1- ئاستە پەیوەندداره‌كانی زمان بەشیكردنەوەی ((شێوازی بانگكردن))

زمان وەكو تایبەتییەكی مرۆڤ، دەمێكە زۆرێك لە مرۆڤەكانی سەرقاڵ كردووە بە شیكردنەوەی، ئەنجامی ئەمەش سەرهەڵدانی تێڕوانین و تیۆری جیاوازە، لە بارەی سەرهەڵدان و پێناسە و تایبەتییەكانی، بەڵام بە گشتی كۆكن لەسەر ئەوەی ((زمان هۆیەكە بۆ لە یەكترگەیشتن)) [محمد معروف فتاح، 1990: 5]. هەبوونی بیر و بۆچوونی جیاواز لەسەر زمان شتێكی ئاساییە، چونكە زمان خۆی دیاردەیەكی ئاڵۆزە و پەیوەندی بە بەشێكی زۆری زانستە مرۆییەكان و سروشتییەكانەوە هەیە، بۆچوونی هەر زانایەكیش لە بارەی زمانەوە لە كلاورۆژنەی تایبەت بەكارەكەی خۆیەوە بووە، پێناسەی هەندێ نووسەر بۆ زمان لەگەڵ لۆژیكی ئەم توێژینەوەیە یەكانگیرە، كاتێ دەوترێ: (زمان، بەرهەمێكی كۆمەڵایەتییە و سیستەمێكی دەنگی سەربەخۆیە، لە كۆمەڵە هێمایەكی لەخۆوە پێكهاتووە، كە كۆمەڵ لەسەری ڕێككەوتوون و یارمەتی تاكەكان دەدات لە پەیوەندی كردندا) [فردینان دی سوسور، 1988: 26-36].

زمانەوانان بۆ شیكردنەوەی زمان چەند ئاستێكیان، لە یەكتر جیاكردووەتەوە، هەرچەندە ئەم ئاستانە بە جۆرێك تێكچڕژاون، ئەگەر بە مەبەستی لێكۆڵینەوە نەبێ ناتوانرێ بە ئاسانی دەستنیشانی سنوری نێوانیان بكرێ. سنوری گشتی ئاستەكان، لە نێوان تاكە دەنگ و ڕستە دایە، چونكە ((سادەترین كەرستەی زمان ئەو تاكە دەنگانەن، كە بە هۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست دەكرێت... ئاڵۆزترین دانەی (ڕێزمانی)ش ڕستەیە)) [وریا عمر امین، 1986: 183]. ئەو دابەشكردنەی ئێستا لەم بوارەدا باوە، زمان دابەشی سێ ئاست دەكات و هەر ئاستێكیش دوو لقی سەرەكی لێدەبێتەوە، وەك لەم هێڵكارییەدا دیارە:




[هۆگر مەحموود فەرەج، 2005: 119].

## هێلکاری ژماره(1)

دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی ئەم ئاستانە بە یەکێ لە دەسکەوتە گرنگەکانی مێژووی زمانەوانی دادەنرێ. ئەمانەی خوارەوە کورتە یەکن لە هەندێ بواری ئەو ئاستانەی کە شێوازی بانگکردنیان تێدا شرۆڤەکراوە:

### 1-1-1- ئاستی دەنگسازی:

**1-1-1-1- فۆنەتیک:** (لە کەرستە هەرە خاوەکانی زمان، کە تاکە دەنگەکانن دەکۆلێتەوە، لە ڕووی دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکە لە لایەن گوێگرەوە). [وریا عمر امین، 1989: 240].

**2-1-1-1- فۆنۆلۆجی:** (ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە یاسا دەنگییەکانی هەر زمانێك دەکۆلێتەوە، لەوانە دەستنیشانکردنی فۆنیمەکان و لێکدانیان لە قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆجی و ئەو گۆڕانانەی لە ئەنجامی ئەم لێکدانانە دێنە ئاراوە، جگە لە مانەش لە(کەرستە ناکەرتیەکان)ی وەك(هێزو ئاوازو تۆن) دەکۆلێتەوە) [وریا عومەر ئەمین، 2007: 33-34].

ئەوەی لەم بوارەدا پتر پەیوەندی بە کردەی بانگکردنەوە هەبێ، (هێزو ئاواز)ە، بۆیە لە خوارەوە بە کورتی لێیان دواوین:

**1- هێز (Stress):**

هێز سیمایەکی بڕگەیە و لە هەموو زمانێکدا هەیە، بەڵام یاسای دانانی شوێنی هێز لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ، زمان هەیە خاوەن یاسایەکی تایبەتە لە دیاریکردنی، شوێنی هێز، بەڵام هەندێ زمانی تر پەیڕەوی یاسا ناکەن [ شحدە فارع واخرون، 2003: 95]. لە پێناسەکردنی هێزدا نووسەران جیاوازییەکی ئەوتۆ پیشان نادەن، بۆ نموونە: وریا عومەر ئەمین دەڵێ: ((هێز زیادە وزەیەکی دەنگییە لەپڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدا)) [وریا عمر امین: 1994: 14]. بەلای (غازی فاتیح)ەوە (سترێس ئەو هێزەیە دەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە، لەو وشانەی لە دوو بڕگە یان زیاتر پێکهاتوون، گۆڕانی شوێنی هێزیش، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەو وشەیە یا گۆڕینی وشەکە لەڕووی ڕێزمانییەوە) [غازی فاتح، 1984: 84]. لەم پێناسەیە ئەرکی هێز دیاری کراوە، بەڵام ئەوەی پێناسەکە هەندێ لەنگ دەکات، ڕوونکردنەوەی هێز بە هێزە و تەنیا جەخت کردنەوەیە لەسەر وشەی فرەبڕگە و فەرامۆش کردنی وشەی یەك بڕگەییە.

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، لە زمانی کوردیدا، بڕگەی بێ هێز نییە، بەڵکو هەموو بڕگەیەك بەشی خۆی لە هێزی بەردەکەوێ، بەڵام پلەی هێزەکان جیاوازە، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ دابەش بکرێن بۆ، هێزی سەرەکی// / و هێزی لاوەکی/ / [*].

کەوا تە دەشێ بووترێ: (هێز تایبەتمەندییەکی بڕگەیە، بۆ قسەکەر بریتییە لە زیادکردنی چالاکی هەناسە و وزەی ماسولکەکانی دەنگەژێیەکان لە کاتی دروستکردنی بڕگە، بەلای گوێگریشەوە بریتییە لە زیاد بوونی دەنگ و بەرزبوونەوەی ئاوازەی بڕگەیەك لە چاو بڕگەکانی تر) [شحدة فارع واخرون: 2003: 95].

لە زمانی کوردیدا چەند جۆرێك هێز هەن لەوانە:

**أ- هێزی وشە:**

بە گشتی لە زمانی کوردیدا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشە، [وریا عمر امین: 1994: 14]، جا ئەگەر وشەکە سادەبێت وەك(کانی/) یان ناسادەبێت وەك(ئاسنگەر/) [رەحمان ئیسماعیل حەسەن، 1998: 78-96]، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ناوێزە و باری تایبەتی لە زماندا.

گۆڕانی شوێنی هێز لە زماندا گۆڕانی واتایی و ڕێزمانی بەدواوەیە (دروست بوونی گۆڕان لە واتاش، لە ئەنجامی گۆڕانی هێز، دەیسەلمێنی هێز لەو زمانەدا فۆنیمە) [محمد علي الخولي، 2000: 46]. ئەم نموونانەی خوارەوە ئەم بیرە زیاتر ڕوون دەکەنەوە:

- ئازادی:

ئا/زا/دی/ ← سەربەستی

ئا/ز/ا/دی ← تۆ ئازادی

- برایەتی:

برا/یە/تی/ ← برایی (تەبایی)

برا/یە/تی ← ئەو برایەتی بڕوانە [وریا عمر امین، 1994: 14].

**ب- هێزی ڕستە:**

بە پێی مەبەست و پێکهاتەی ڕستە، هێزی ڕستە شوێنی خۆی دەگرێت( لە ڕستەی سادەی یەك و شەییدا هێز دەکەوێتە سەر یەکەم مۆرفیمی بنەڕەتی پێکهاتەکە) [عەبدولوەهاب خالید موسا، 2007، 54-55].

---

[*] بڕوانە: Abdulla & MacCaruse, 1967: 141.

وەك:

ڕۆ/ یشتن ، هەڵ/ /فڕی ، جوا/ /نە .

بەڵام لە (ڕستەی سادەی فراوانکراودا، کە لە وشەیەك زیاتر پێکهاتووە، قسەکەر بەپێی مەبەستی خۆی هێز لەسەر وشەکان دادەنێ، لەسەر هەر وشەیەکیش دانرا مەبەست لێی جەختکردنەوەی وشەکە و نەفی کردنی دژەکانییەتی، زۆر جار ئەم هێزە بە هێزی (بەرامبەری) ڕستە ناودەبرێ)[ت] بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:

(قوتابییەکان لە ڕۆژی نەورۆزدا ئاهەنگێکیان سازکرد).

- ئەگەر هێز خرا سەر (قوتابییەکان) واتە (تەنیا قوتابییەکان) نەك کەسانی تر.
- ئەگەر هێز خرا سەر(ڕۆژی نەورۆز) واتە (تەنیا ڕۆژی نەورۆز) نەك ڕۆژانی تر.
- ئەگەر هێز خرا سەر(ئاهەنگ) واتە (تەنیا ئاهەنگیان کرد) نەك شتی تر.

## 2- ئاواز: (intonation)

ڕێزمان نووسانی دێرین گرنگییەکی ئەوتۆیان بە(ئاواز) نەدەدا، چونکە بایەخیان بە قسەکردن نەداوە و وای بۆ چووبوون، (ئاواز) پەیوەندی بە هەستەوە هەیە، بۆیە پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکات، بەڵام ئەم بۆ چوونە لەلای ڕێزماننووسانی سەردەم ڕەتدەکرێتەوە، چونکە زۆربەی زمانەکان ئاوازەیین و ئاوازیش ئەرکی ڕێزمانی هەیە، واتای جەختکردن و هەڕەشە و سەرسوڕمان و پرسیار، دەدات، ئەم مەبەستانەش پەیوەندییەکی پتەویان بە بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی ئاواز هەیە، [غازی مختار، 2007: 155].

ئاواز(گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەکانی دەنگە، کە دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە، هەر ئاوازەش واتا یەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێ) [وریا عمر امین، 1994: 15]. بۆ نموونە قسەکەر ئاوازێکی بەرز(هەڵس) بەکاردێنێ بۆ گۆڕینی ڕستەیەك لە هەواڵدانەوە بۆ پرسیار، کە گوێگر دەتوانێ بە بەڵێ یا نەخێر وەڵام بداتەوە، وەك:

- خەڵاتەکەت بردەوە؟↖

بەڵام قسەکەر ئاوازی کەوت(نزم) بەکاردێنێ، بۆ گەیاندنی هەواڵەکە بە گوێگر و دەڵێ:

- خەڵاتەکەت بردەوە.↙ [شحده فارع واخرون، 2003: 69].

---

[ت] بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

أ- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، 1998: 88-90.

ب- طالب حسين على، 1998: 43.

ج- عەبدولوەهاب خالید موسا، 2007: 55.

بەم پێیە ئاواز زانیاریيەكی زۆری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، جا چ ئەم زانیاریا نە ڕێزمانی بن یان دەروونی.

زمانەوانان لە شیكردنەوەی "ئاواز"دا بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام بەگشتی كۆكن لە سەر ئەوەی (( (گرو پی ئاوازە[ت]-tonegroup)، يەكە يەكی بـ نەڕەتی (ئاواز )ـە intondtion))، [رە حمان ئی سماعیل حە سەن، 1998: 115]. لە لای (هاڵ یدەی)، شیكردنەوەی (ئاواز) لەسەر بنەمای شیكردنەوەی ڕێزمانی دامەزراوە و ئەم شیكردنەوەیەش بەهۆی سێ پەیڕەوی بنەڕەتی ئەنجام دراوە، كە بریتین لە:

1- ئاوازەیی (Tonality): بریتی یە لە دابە شكردنی قـ سە بە سەر گرو پی ئاوازە كان و دیاریكردنی سنووریان.
2- ئاوازەبەندی (Tonicity): بریتییە لە دیاریكردنی شوێنی دانانی بڕگەی ئاوازەبە ند لە گروپی ئاوازەدا.
3- ئاوازە (Tone) ئارا ستەی جووڵا نەوەی ڕەو تە، دوو جۆرن: سەرەكی و نا سەرەكی، سەرەكییەكان بریتین لە:

- ئاوازەی /1/ (كەوت) Falling
- ئاوازەی /2/ (بەرزەهەڵس) High rising
- ئاوازەی /3/ (نزمەهەڵس) Low rising
- ئاوازەی /4/ (كەوت- هەڵس) Falling rising
- ئاوازەی /5/ (هەڵس- كەوت) Rising falling

بڕوا نە [رە حمان ئی سماعیل حە سەن، 1998، 142].

هەر چی ((پا یك  (Pike )ـە كە زما نەوانێكی ئەمریكی يە ز یاتر لە ڕواد گەی هەڵوێستەوە (attitude) تەماشای ئاوازیی كردووە، وا تە ئاواز ئەركێكی هەڵوێستی هە یە، هەڵوێ ستی قـ سەكەر دەگە یەنێ كە دەخرێ تە سەر وا تای فەر هەنگی، نوو سەر چوار ئاستی(ڕەوت-لەرە)ی جیاكردۆتەوە كە بریتین لە: (زۆر بەرز). (بەرز). (ناوەند). ( نزم). بڕوانە [عەبدولوەهاب خالید موسی، 2007: 66].

---

[ت] د.ڕەحمان لە نامەی دكتۆراكەی زاراوەی ((كۆمەڵەی ئاوازە)ی بەكارهێناوە. بەڵام (د.عەبدولوەهاب لە نا مەی دكتۆرای دا لە(ل 62) زاراوەی (پۆلە چیناواز)ی بەكارهێناوە. ئێمە زاراوەی ( گروپ) وەك خۆی پە سند دە كەین، چونكە پێمان وا يە (كۆمەڵ و پۆل) بەرامبەر (گروپ) ناوەستن.

### 1-1-2- **ئاستی ڕێزمان**:

**1-1-2-1- مۆرفۆلۆجی:** سنووری کارکردن له مۆرفۆلۆجیدا وشه‌یه، واته ((مۆرفۆلۆجی دراسه‌ی ڕۆنانی ناوه‌وه‌ی وشه‌یه)) [محه‌مه‌د مه‌عروف و سه‌باح ڕه‌شید، 2006: 7]. وشه‌ش (( له زمانی کورد یا له مۆرفیمێ یان زیاتر پێکدێت)) [وریا عمر أمین، 1986 أ: 13]. باوترین پێناسه‌ی مۆرفیمیش (بچووکترین یه‌که‌ی واتاداری زمانه و توانای دابه‌شبوونی نییه بۆ پارچه‌ی بچووکتر و به هه‌مان واتا له ژینگه‌ی تر دوو باره ده‌بێته‌وه و قه‌باره یه‌کی فیزیکی و ده‌ورێکی له ڕێزمانا هه‌یه)(*)، کاتێکیش لێکدانی مۆرفیمه‌کان دێته پێشه‌وه بۆ داڕشتن و بنیاتنانی ئه‌رك و مه‌به‌ستی تازه، ئه‌م مۆرفیمانه (کارلێك ده‌که‌ن، شێوه‌یان ده‌گۆڕێ به پێی یاساکانی فۆنۆلۆجی، لێره‌وه ده‌ستنیشانکردنی مۆرف و ئه‌لۆمۆرفه‌کانی مۆرفیمه‌کان ده‌ست پێده‌کات، ئه‌م به‌شه‌ش به‌(مۆرفۆفۆنیمك (Morphophonemic) ناوده‌برێ) [محمدی مه‌حموی و نه‌رمین عمر، 2004: 31].

مۆرفیمه‌کان له ناو خۆیاندا ده‌بن به چه‌ند جۆرێکه‌وه، یه‌کێك له‌و دابه‌شکردنانه‌ی بۆ مۆرفیمه‌کان ده‌کرێ ئه‌مه‌ی خواره‌وه یه، که به‌پێی پێویستی توێژینه‌وه که جۆره کانی مۆرفیمی تێدا دیاری کراوه:




هێڵکاری ژماره(2) [محه‌مه‌د مه‌عروف و سه‌باح ڕه‌شید، 2006: 28].

---

(*) بۆ ئه‌م پێناسه‌یه سوود له‌م سه‌رچاوانه وه‌رگیراوه:

أ- وریا عمر امین، 1982: 85-86.

ب- محمد معروف و سه‌باح ڕه‌شید، 2006: 11.

ج- محمد علي الخولي، 2000: 67.

"پێکها تەی بانگکردن" دە چێتە ناو ئەم هێڵکاری یەوە، بۆ یە بە کورتی تایبەتـ یە باوەکانی ئەم جۆرە مۆرفیمانە لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

1- مۆرفیمی سەربەخۆ(ئازاد):

یە کەی ز مانیی سەربەخۆن، ((ما نای دیاردە یەکی مەوزووعی و واقیعی جۆراو جۆر دەبەخ شن و دە توانن وەك ئە ندامێکی ڕ ستە خۆ یان بـ نوێنن)) [ ئەورەحمان حاجی مارف، 2004: 72].

لە ناو خۆیاندا دەبنە دوو بەشەوە:

أ- وشەی فەرهەنگی(لێکسیکی):

سنووری ئەم کۆمەڵە یە کراوە یە و بە هۆی گۆڕانی ز مان بەردەوام ئە ندامی نوێ وەردەگرن، یان هەندێ لە ئەندامانی دەپووکێـنەوە و بەکارهێنانی کەم دەبـێت یان نامێـنێ، ژمارەیان زۆرە و بەشدارییەکی گرنگیان هەیە لە داڕشتنی وا تای ڕ ستە، [محمد ع لی ا لخولی، 2000: 77-79]. وشە واتادارەکانی وەك: ناوە کان و کارە کان و ئاوەڵناوە کان و ئاوەڵکارە کان دەگرنەوە [شحدة فارع وآخرون، 2003: 130].

ب- وشەی ئەرکی:

( ئەو و شانەن، کە خاوەن ئەرکی ڕێز مانین و بە شدارن لە بنیاتـ نانی ڕێزمانی یەتی ڕ ستە، لە چاو و شە فەرهەنگیای یەکان کەمترن، بەڵام بەکارهێنانیان زۆرە) [محـ مد ع لي ا لخولي، 2000: 77-79]. ئەم مۆرفیما نە زۆر جار بەوە لە مۆرفی مە لێک سیکییەکان جیادەکرێنەوە کە وەك ئەوان وا تادارنین، بەڵام پەیوە ندی ڕێز مانی نـێوان و شەکانی ڕ ستە بەهێز دە کەن، جـگە لە مەش ئەم گروپە(کۆمەڵە یەکی دا خراو پێـکدێنن و ژمارە یان د یاری کراوە و ئە ندامی نوێ وەر ناگرن) [ شحدة فارع وآ خرون، 2003: 130]. ئەم گرو پە، سەرجەم ئامرازەکان دەگرنەوە، کە مۆرفیـمە سەربەخۆکانی بانگکردن بە شێکن لێـیان و لە دەرەوەی ڕستە مانا نابەخشن و ئەرکێکیان نییە.

2- مۆرفیمی بەند:

بەو مۆرفیـمە دەو ترێ کە (( هەرگیز وەك دانە یەکی سەربەخۆ دەرنا کەوێ و ئەبێ لەگەڵ مۆرفیمێکی تر دەرکەوێ)) [وریا عمر امین، 1982: 87]. ئەمیش دەکرێت بە چەند بەشێك، لەوانە:

أ- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی:

جۆرە مۆرفیمێکن (دەچنە سەر وشە، بۆ دەر بڕینی پەیوەندی نێوان ئەم وشەیە و وشەکانی تر لە چوارچێوەی ڕستەدا) [وریا عمر امین، 1982: 88]. واتە، ئەرکی ئەم جۆرە مۆرفیمە نوا ندنی پەیوەندیە ڕێزمانییەکانی نێوان وشەکە و دەوروبەریەتی [Crystal, 2003: 300] جگە لەمەش خاوەن چەندان تایبەتی ترن، لەوانە: (ژمارەیان کەمە و کۆمەڵەیەکی نیمچە داخراون و توانای گۆڕینی وشەیان نییە لە بەشە ئاخاوتنێکەوە بۆ یەکێکی تر. [محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، 2006: 49-57]. نموونەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان (ان، ەکە، ێك)، جێناوە لکاوەکان، مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن (ـە، ۆ، ێ).

ب- مۆرفیمی بەندی داڕشتن:

بریتییە لەو مۆرفیمەی کە دەخرێتە سەر وشە، وشەی نوێ دروست دەکەن، ئەمەش یان بە گۆڕینی واتای وشەکە و داڕشتنی وشەیەکی نوێ، یان گۆڕینی پۆلی وشەکە لە بەشە ئاخاوتنێکەوە بۆ یەکێکی تر وەك گۆڕینی (ناو) بۆ (ئاوەڵناو) [شحدة فارع وآخرون، 2003: 123-124]، واتە ئەم جۆرە مۆرفیمە پۆلی سینتاکسی وشە دەگۆڕێ وەك:

- هێز (ناو) ⟵ بێ هێز (ئاوەڵناو) [محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشد، 2006: 57].

## 1-2-2-1- سینتاکس:

**1- فرێز:** سنوری کارکردن لە سینتاکسدا، بە فرێز دەستپێدەکات و لە ڕستەدا کۆتایی دێت، چونکە هەر ڕستەیەك لە زمانی کوردیدا بەلای کەمی لە فرێزێکی ناوی و فرێزێکی کاری پێکهاتووە. سادەترین فرێزی ناویش لە (ناوێك یان جێناوێك) پێکدێت، کە دەشێ بە پێی پێویست، بە هەردوو ئاراستەی چەپ و ڕاست فراوان بکرێ، بۆیە دەتوانین یاسای گشتی(ف.ن) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژین:

| |
|---|
| **ف.ن ⟵ کەرستەکانی پێشەوە + ن + ی + کەرستەکانی دواوە** |

کاتێك کەرستەکانی پێشەوە بریتین لە [جێناوی نیشانە، ڕادە، (هەر، تەنیا)، ئامرازی پرس، جێناوی نەفی، ژمارە، ئاوەڵناوی پلەی باڵا، (بریناو، مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن)].

کەرستەکانی دواوەش بریتین لە [ناو، ئاوەڵناو، ف.بەند، پارستەی گەیەنەر، (ژمارەی تەرتیبی( چوارەم-پێنجەم)، جێناوی لکاو)] بڕوانە: [طالب حسین علي، 1998: 16-21]. وەك:

- هەر تەنیا ئەو دوو دارهـەنـــــارە ی باخەکە بەکەڵکن.

(دیارخەرەکانی پێشەوە) سەرە(دیارخراو) خستنەسەر (دیارخەری دواوە)

**2- ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستە:**

کەرتە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە بارێکی ئاسۆیی دا ڕیزدەبن، (زمانەوانانیش بۆ ئەم ڕیزکردنە، زمانەکان دابەش دەکەنە سەر دوو جۆر، بەشێکیان پەیڕەوی ڕیزبوونی ئازادی وشەکان دەکەن؛ بەشەکەی تریان پابەندن بە یاساوە واتە ڕیزبوونی وشەکانیان، ڕیزبوونێکی چەسپاوە) [شحدە فارع واخرون، 2003: 145]. لە (ڕیزبوونی چەسپاو)دا هەر گۆڕانێك لە شوێنی کەرستەکان ڕوو بدات، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی وشەکان و واتای ڕستەکە. وەك:

- ئازاد لە نەوزادی بردەوە.

ب بە.ن ك

- نەوزاد لە ئازادی بردەوە.

ب بە.ن ك

بەڵام لە (ڕیزبوونی ئازاد)دا، بە گۆڕینی شوێنی کەرستەکان، واتای ڕستەکە و ئەرکی سینتاکسی وشەکان ناگۆڕێت، وەك:

- من نەمامەکە م چاند.

ب بە ك

ڕێککەوتن

نەمامەکە من چاند م.

بە ب ك

ڕێککەوتن

بڕوانە [طالب حسین علي، 1998: 10].

بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا، ڕیزبوونی کەرستەکان بە پێی ئەرك بریتییە لە (ب. بە.ك) بۆ کاری تێپەڕ، (ب.ك) بۆ کاری تێنەپەڕ. جگە لەم دوو قاڵبە سەرەکییە، هەندێ (کار) هەن، پێویستیان بە تەواوکەر هەیە، بە کرتاندنی(تەواوکەر) واتای ڕستەکە دەشێوێ بۆیە زمانەوانان جگە لەو دوو قاڵبە، چەند قالبێکی تریان بۆ ڕستەی کوردی دەستنیشان کردووە، کە ئەمانەن:

- ب . تە . ك ← بنیشت بە دەستیەوە لکا.
- ب . بە . ك . تە ← دەستی خستە ئاوەکە
- ب . بە . تە . ك ← من تۆ بە ئازا دەزانم.

بڕوانە [Fattah, 1997: 246].

### 3- جۆرەكانی ڕستە:

ڕستە لە ڕوانگەی جیاوازەوە پۆلکراوە، بە پێی کار ئەنجامدان و ئەنجام نەدان، دا بەش دەکرێتە سەر ڕستەی ئەرێ و ڕستەی نەرێ، لە ڕوانگەی پێکهاتەوە ڕستەی(سادە و لێکدراو و ئاوێ تە) دەگرێ تەوە، بە پ ێی ئەرك و مەبە ست دابە شکراوەتە سەر ڕ ستەی (زان یاری و هەوا ڵدان، دا خوازی و فەرما ندان، هە ست دەر بڕین-سەر سوڕمان، پر سیارکردن، وروژا ندن، ڕاپەڕاندن، کۆمەڵایەتی و جێخۆشکردن)(تر).

داخوازی یەكێكە لە جۆرەكانی ڕستە، لەڕووی ئەركەوە، (( ئەو ڕ ستەیەیە كە قسەكەر تێ یدا داوای جێ بەجێكردنی كار ێك لە گوێگر دە كات)) [أ بوبكر ع مر قادر، 1993: 4]. ئە مەش چەندین شێواز دەگرێ تە خۆی لەوا نە: (فەرما ندان، بانگكردن، ئامۆژ گاریكردن، پرسیاركردن، تكاكردن... تاد)؛ زمانەوانان هەندێك لەم شێوازانەیان بە جۆرێكی سەربەخۆ داناوە، لەوانە، فەرماندان و پرسیاركردن، وەك ئەوەی هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیان نەبێ، بەڵام (( لە ڕا ستیدا ئەم جۆرا نە (فەرما ندان، پر سیاركردن، دو عاكردن...) هەموویان لە چوار چێوەی داخواز یدا كۆدەب نەوە و بە شێوازێك لە شێوازەكانی دا خوازی دادە نرێن))، بڕوانە [ساجدە عبداللە فەرهادی، 2007: 81] و [قیس اسماعیل، 1988: 15]. چونكە لە هەر یەك لەم شێوازانەدا داوا یەك هە یە لە(نێرەر) ئارا ستەی (وەر گر) دەكر ێت. ئە مە بۆ ئەرك و مەبەستی ڕستەكان درو ستە، خۆ گەر مەبە ست لە پێكها تەی ئەم جۆرە شێوازانە بێت، ئەوا جیاوازی ڕێزمانی لە نێوان پێكهاتەكانیان دەبینرێ، بۆ نموو نە پێكها تەی ڕ ستەی فەرماندان لە ز مانی كورد یدا ج یاوازە لە پێكها تەی ڕ ستەی پر سیار و سەر سوڕمان، لە گەڵ ئەوەی گەلێ جار ((ئاواز)) ڕۆڵی سەرەكی دەبینێ لە دەستنیشانكردنی مەبەستی ڕستەكە.

لە ڕووی پێكهاتە و ئەركەوە بانگكردن لەگەڵ زۆربەی جۆرەكانی ڕستە بەكاردێ، بەڵام لە هەموویان ز یاتر پەیوە ندی بە داخوازی یەوە هە یە، چونكە زۆر بەی جار مەبە ستی

---

(تر) بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ- كوردستان موكریانی، 1985: 54.

ب- محمد معروف فتاح، 1990: 26-33.

جـ- قیس كاكل تۆفیق، 1995: 7.

د- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، 2005: 6.

سەرەکی لە (( بانگکردن)، داخوازی یەکی قسەکەرە لە گوێگر. بۆ یە بە کورتی گرنگترین (تایبەتییەکانی شێوازی داخوازی/فەرماندان) خراوەتەڕوو[تر]:

1- بە گشتی کاری فەرما ندانی تێدا یە و بکەر دە بێ کە سی دووەم بێت، داوا کە ڕوو بەڕووی ئەو دەکرێت و ڕاستی و هەڵە هەڵناگرێت.

2- هەندێ جار قسەکەر دەسەڵاتی بەسەر گوێگردا دەشکێ، بەهۆی پلەوپایە بێ یان تە مەن. بۆیە فەرماندانی(بەهێز) بەکاردێنێ. بەڵام هەندێ جاری تر، بەهۆی دەسەڵات نەڕۆیشتن بێ یاخود قسەکەر خۆی مەبەستی نەبێ، (فەرماندانی بەڕێزەوە) بەکاردێنێ. وەك:

- دانیشە (فەرماندانی بەهێز).

- فەرمووو بەڕێز لێرە دانیشە، (بەڕێزەوە).

3- ئەم شێوازە، دوو شێوەی هەیە، یەکێکیان بە( فەرمانی ئا شکرا) ناودەبرێ، کە بۆ کە سی دووەمی تاك و کۆ گەردان دەکرێ، بە مۆرفیمی (مە-نە) دەکرێ بە نەرێ وەك:

| | ئەرێ | | | نەرێ |
|---|---|---|---|---|
| تاك | ب + نووس + ـە (بنووسە) | مەنووسە | - | نەنووسی |
| | ب + شۆ + Ø (بشۆ) | مەشۆ | - | نەشۆی |
| کۆ - | ب + فرۆش + ن (بفرۆشن) | مەفرۆشن | - | نەفرۆشن |

چاوگی (چوون و هاتن) ناوێزەن و بەر ئەم یاسایە ناکەون (بچۆ/وەرە).

شێوەکەی تریان بە (فەرمانی نائاشکرا) ناودەبرێ و بۆ هەموو کەسەکان گەردان دە کرێ و بە مۆرفیمی(نە) دەکرێ بە نەرێ، وەك: ب + ڕۆ + (م  یت  ات  ین  ن  ن).

بڕۆین (ئەرێ)                    نەڕۆین(نەرێ).

4- داواکە، بەزۆری کارەکییە و دەشێ زارەکیش بێ.

## 4- شیکردنەوەی ڕستە لە ڕوانگەی ڕێبازی(ب. گ):

زاراوەی (ڕێز مانی بەر هەمهێنان) کۆمە ڵە یا سایەك دەگرێ تەوە کە مرۆڤ بەهۆی ژمارەیەکی دیاری کراوی دەنگ، دەتوانێ ژمارەیەکی بێ کۆتا لە و شە و ڕ ستە دابڕ ێژێت، کە بەشێك لە ڕستەکان، پێشتر گوێ بیستی نەبووە و دەتوانێ تێیان بگات، بڕوانە: [محمد محمد، 2004: 82-85]، ئەم بارەش هاو شێوەی یا ساکانی بیرکاری یە، کە ژمارە یەکی د یاری کراو

[تر] بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم شێوازە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ- قیس کاکل تۆفیق، 1995: 27-36.

ب- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول، 2005: 71-76.

له(بەها) ژمارەیەکی بێ کۆتا( بەها)ی تر مان دەدا تێ [ شحده فارع وا خرون، 2003: 165]، بۆ نموونه له ژمارەکانی (0 تا 9) ژمارەی بێ کۆتا دروست دەکرێ.

چۆمسکی له ڕێزمانەکه یدا ز مانی دا بەش کردووه ته سەر دوو ڕەهه ند؛ (تواناست و چالاکی)، که (تواناست زانیاری پەیوه ستداره به یا ساکانی ز مان، ڕۆ ڵی هه یه لەکردەی قسەکردن، یاخود توا نای لێکدانی دەنگەکانی ز مان و پێکهێنانی واتا یه) [ حمدان ر ضوان، 2008: 213]، بەڵام ( چالاکی بەکارهێنانی زما نه، له دەورو بەرێکی د یاریکراو، بۆ یه پەیوەسته به پراگماتیکەوه) [Crystal, 2003: 364]، (ڕێبازی "ب.گ" بایەخێکی ئەوتۆ به د یوی چالاکی نادات) [د یار علی کمال، 2002: 13]، چونکه (قسەکەری هەر زمانێك بەهۆی بنەماکانی توانستەوه، دەتوانێ ژمارەیەکی بێ کۆ تا له ڕ سته پێکبهێنێ و درو ستی و نادروستی و ڕسته و لێڵیکەی بناسێتەوه). [سەلام ناوخۆش، 2005: 59].

له ڕوانگەی ئەم ڕێبازەوه ڕ سته دوو پێکها تەی هه یه، (پێکها تەی سەرەوه، پێکها تەی ڕستەکەیه، وەك چۆن گۆدەکرێ، له پێکها تەی ژ ێرەوه وەر گیراوه، له ئەنجامی پ یادەکردنی یا ساکانی گوێزا نەوه، هەر چی پێکها تەی ژێرەوه یه، وا تای ڕ ستەکەیه له مێ شك و هۆ شی قسەکەر) [حمدان رضوان، 2008: 213].

(له زمانی کوردیدا ڕسته هەیه یەك پێکهاتەی سەرەوه و چەند پێکهاتەیەکی ژ ێرەوەی هەیه، وه به پێچەوانەش ڕسته هەیه پێکهاتەیەکی ژ ێرەوه و چەند پێکهاته یەکی سەرەوەی هه یه)(تێ) بڕوا نه: [ور یا عو مەر ئەمین، 2005: 295-308] له کاتی گوا ستنەوەی ڕ سته له(پ.ژ) بۆ(پ.س)، هەندێك یاسا لەسەر ڕستەکه پیاده دەکرێ، که بەشێکیان پێ یان دەو ترێ یاسا به خورتییەکان، بەشەکەی تریان پێ یان دەو ترێ یا سا بەئارەزوویەکان، که شێوەکانی لادان(کرتاندن) و جێگۆڕ کێ و جێگیری و کۆپی کردن و ز یادکردن، دەگرێ تەوه، [د یار علی کمال، 2002: 58-69]. که سەرجەمیان به یاساکانی گوێزانەوه ناودەبرێن [ حمدان ر ضوان، 2008: 218].

- دەرم کرد. پ.س

- من ئەوم دەرکرد. پ.ژ




(تێ) د.وریا عومەر ئەمین، زاراوەی(بنج) بەرامبەر (پ.ژ) و زاراوەی (سیما)ی بەرامبەر (پ.س)، بەکارهێناوه.




1-1-3- **ئاستی واتا**:

**1-1-3-1- وا تای سیمانتیکی:** (واتا یەکی هۆ شەکییە و بەهۆی سیما واتای یەکان، د یاری دەکر یێت) [عەبدولوا حد مو شیر، 2005: 50]، یا بریتیە یە لە ( شیکردنەوە و وە سفکردنی ما نای ڕ یزە دەن گەکانی دەربڕی نە زمانی یەکان، کە تەنها گرن گی بە ما نای و شە فەرهەنگی یەکان نادات، بەڵکو لا یەنی ڕێز مانیش دەگرێ تەوە، وا تە تەنیا لە وا تای و شە ناکۆڵێتەوە بەڵکو واتای ڕستەش لەخۆ دەگرێت) [محمد محمد، 2004: 17].

**1-1-3-2- واتای پراگماتیکی:** لە زمانەوانی نوێدا، پراگماتیک بە واتای لێکۆڵینەوەی زما نە لە ڕوانگەی ئا خاوتنی خەڵك، وا تە بەکارهێنا نەوە [Crystal, 2003: 364] گرنگترین ج یاوازی لە گەڵ ( سیمانتیك)دا لەوەدا یە کە ( سیمانتیك لە (ما نا) دەکۆڵێ تەوە، بەڵام پراگماتیك لە بەکارهێنان) [محمد محمد، 2004: 19]. ئەم جۆرە واتا یە لە دەورو بەر وەردەگیرێت، جلەوی دەوروبەریش بە دە ست چەند شتێکەوەیە، لەوا نە کۆ مەڵ و دەروو نی تاك.

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان زمانەوانی کۆمەڵایەتی و پراگماتیك هە یە چونکە (( لە ڕێ گای پراگماتی کەوە دە توانین لە زما نەوانی کۆمەڵا یەتی بدوێین، بەهۆی کردە کانی ئاخاوت نەوە دە کرێ پ لەی کۆمەڵا یەتی و چینایەتی و ئا ستی ڕۆ شنبیری قـ سەکەر د یاری ب کرێ...)) [ سەلام ناوخۆش، 2004: 61]. بۆ یە لە د یاریکردنی هە ندێ تایبەتمە ندی کۆمەڵایەتی قـسەکەر و دەستنی شانکردنی جۆری پەیوە ندی کۆمەڵا یەتی قـسەکەر و گوێگر، پ شت بە جۆری ئەو زما نە دەبە سترێ کە قـسەکەر لە دەورو بەرێکی د یاریکراودا بەکاری دەهێنێ، لە پێنای ئەوەی شێوازی ئاخاوتنی تاك دیاری بکرێ[ شحدة فارع وآ خرون، 2003: 184].

**1-1-3-2-1- شێوازی ئاخاوتن:** گومان لەوەدا نییە هەر تاکێك ڕۆژانە لە کۆمەڵگادا، ئە گەر بەوردی گوێبی ستی ئا خاوتنی چینە جیاوازە کانی کۆ مەڵ ب ێت، دەتوا نێ شێوازی ئا خاوتنی مندا ڵ لە هی گەورە و خوێ ندەوار لە هی نەخوێ ندەوار، مامۆ ستا لە گەڵ بازر گان و ... تاد جیابکاتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا جێگای بایەخی زمانەوانانە، گۆڕانی شێوازی ئا خاوتنی تا کە،

له بارێکەوە بۆ بارێکی تر، [نایف خرما، 1978: 231]، ئەوەی کۆنترۆڵی ئەم گۆڕا نە دە کا ((چوار چێوە کۆمەڵایەتییەکە یە، کە ئا مانج و بۆ نە و کات و شوێنی ئا خاوتن و تە مەن و ڕەگەز و پلەوپایەی کۆمەڵا یەتی و ئا ستی ڕۆ شنبیری قسەکەر و گوێگرن، کە بە شداربووانی ئاخاوتنە کە نا چار دە کەن بە هەڵبژاردنی دەربڕی نەکان)) [ هێمن عەبدولحەم ید، 2006: 34].

مارتتن جۆنس شێوازی ئاخاوتنی تاك، دابەش دەكات بۆ پێنج جۆر: 1- شێوازی و شك. 2- شێوازی فەرمی. 3- شێوازی ڕاو یژکاری. 4- شێوازی ئا سایی(نافەرمی). 5- شێوازی دۆستانە.

بەڵام ئەوەی پتر سوودی لێ دەبی نرێ لە( شیکردنەوەی شێوازی بانگکردن)دا، ئەم شێوازانەی خوارەوەن:

1- شێوازی فەرمی: بەکارهێنانی ئەم شێوازە وا تای بوونی پا یەی کۆمەڵا یەتی دوورە، لە ن ێوان ق سەکەر و گوێگر، وەك: پەیوە ندی ن ێوان هەژار و دەوڵەمە ند، ئەف سەر و سەرباز، فەرمانبەر و بەڕێوەبەرەکەی....

2- شێوازی ئاسایی(نافەرمی): لە نێو هاوڕێکاندا بەکاردێ، لێرەدا زمانی بەکارهێنرا و ز مانی خەڵکی ئاسایی و سادەی کۆمەڵگایە.

3- شێوازی دۆ ستانە: لە پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یە زۆر نزیکەکا ندا بەکاردێ، وەك ن ێوانی هاوسەران و خۆشەویستان و تاکەکانی خێزان. زۆر بە کەمی شێوازی فەرمی ت ێدا بەکاردێ، زیاتر پشت بە زمانی خەڵکی ئاسایی دەبەستێ. بڕوانە: [نایف خرما، 1978: 232-234].

**3-3-1-1- واتای دەروونی:** (لە سەر بن چینەی هە ست و سۆز بن یات دەنر ێت و هەڵوێ ستی تاك دەردە خات، بەرام بەر بە کەس، بە پ ێی کەس و کۆ مەڵگا دەگۆڕ ێت) [عەبدولواح ید موشیر، 2005: 72]، لە ناوخۆیدا دابەش کراوەتە سەر چەند جۆر ێك، کە بریتین لە، وا تا دەروونی یەکانی (کۆمەڵا یەتی و خودی و سیمانتیکی و پراگ ماتیکی) بروا نە: [س.پ: 81-102]. بەهۆی ئەم جۆرە واتا یە، ئەو دەربڕینا نە د یاری دە کرێن کە کاری‌گەری ( ئەرێنی و نەرێنی)یان لەسەر (وەرگر) هەیە.

شیکردنەوەی(شێوازی بانگکردن) لەم ئاستانەی سەرەوە، دە چێتە بواری (( بانگکردنی زمانی))یەوە، بەڵام هەندێ جار پەیوەندیکردن بە گشتی و( شێوازی بانگکردن) بە تای بەتی، لە ڕێگای هەندێ هێمای نازمانییەوە دەبێ، وەك زمانی جەستە و هەندێ جۆری دەنگ(تر).

(تر) بڕوانە بەشی دووەم (بانگکردنی نازمانی) ل72 .

## 1-2- بانگکردن و دۆخ:

### 1-2-1- چەمکی دۆخ:

دۆخ کاتیگۆری یەکی ڕێزمانیە یە، بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکی فرێزە ناوی یەکان و پەیوەندی نێوان و شەکانی ڕستە، بەپێی کەر ستەکانی، وەك بکەر و بەکار و .... تاد، بەکاردێت، لە پۆلێنی چاولێکەری دا، کە لە ڕێزمانی لاتینی وەرگیرابوو، چەند فۆرمێکی مۆرفۆلۆجی بۆ کۆتایی ناوەکە زیادکراوە، بە مەبەستی پیشاندانی ئەرکە ڕێزمانییەکەی [Crystal, 2003: 23] واتە لە ڕێزمانی چاولێکەری دا دۆخ بریتییە لەو گۆڕانەی کە لە کۆتایی ناو ڕوودەدات، بەهۆی گۆڕانی ئەرکەکەی لە ڕستەدا [محەمەد ڕەزای باتینی، 1993: 62] سیستەمی تایبەت بە دۆخ و جۆرەکانی لە هەموو زمانەکاندا وەکو یەکنین، بۆ نموونە (لە هەندێ زماندا (دەور) لە ڕستەدا شێوەیەکی تایبەتی بە فرێزی ناوی دەبەخشێ پێی دەوترێ دۆخ) [وریا عمر امین، 1982 أ: 17].

بەلای (فیلمۆر)یشەوە (ئاستی ژێرەوەی ڕستە برتییە لە کارێك و کۆمەڵە دۆخێك، کە مەبەست لە دۆخ ئەو پەیوەندییە سینتاکسیانەیە کە ناو و ئەو ڕۆنانە دەگرێتەوە کە تیایدا بەکاردێت، ئەم پەیوەندیانەش لە ڕووی واتاوە گرنگن) [یوسف شریف سعید، 1990: 1-9]، واتە فیلمۆرلە ڕوانگەی (واتا و ئەرکەوە) دۆخەکان دەستنیشان دەکات نەك بەهۆی نیشانەی تایبەت بە دۆخەکان.

### 1-2-2- جۆرەکانی دۆخ:

لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی دۆخ، ئەرکە سینتاکسییەکان و نیشانەکانی دۆخ و واتا گرنگن، هەر بۆیە زمانەوانان بە گشتی لە دیاریکردنی چەندییەتی و چۆنییەتی دۆخەکان تاڕادەیەك بیروڕای جیاواز یان هەیە، بەڵام هەندێ لە دۆخەکان زیاتر گرنگییان پێدراوە. ( گرنگترین دۆخەکانی زمانە جیاوازەکان بریتین لە: دۆخەکانی (بکەری، بەرکاری، خستنەسەر، شوێن، کات، بانگکردن... تاد) [Trask, 1993: 35]. ئەمانەی خوارەوە گرنگترین جۆرەکانی دۆخن لە زمانی کوردیدا:

### 1-2-2-1- دۆخی بکەری(*):

بریتییە لە دۆخی ئەو ناوە یان جێناوە کە دەبێتە بکەری کارێك [Oliphant, 1955: 38]. یان بە واتایەکی تر (( لە دۆخی بکەریدا ڕوودانی ڕووداو بە

---

(*) لە زمانی کوردیدا زاراوەی (دۆخی ڕاستەوخۆ، حالی ڕاست)ی بۆ بەکارهاتووە، ئێمە لێرەدا (دۆخی کارا)ش (Agentive) لە پاڵ ئەم دۆخە باس دەکەین.

تەواوی دەکەوێتە سەر بکەر، بەوا تا ئەوەی کە بە کارەکە هەڵدەستێت)) [کوردستان موکریانی، 2000: 16]. لە شێوە ئەدەبیەکەی کرمانجی ناوەڕاستدا، بکەر هیچ مۆرفیمێکی دۆخی ناچێتە سەر(ت)، وەك لەم ڕستەیەدا دیارە:

- شێرکۆ هۆنراوەکەی خوێندەوە.




(ت) لە هەندێ شوێن و ناوچەی زاری کرمانجی ناوەڕاست، وەك: (خۆشناوەتی، ڕەواندوز، باڵەکایەتی...تاد)، لە ڕابردووی تێپەڕدا ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کاری ڕستەدا دەبێت، لێرەدا بکەری ڕستە دەکەوێتە دۆخەوە، بە پێی ڕەگەز (ی- بۆ نێر) و (ێ- بۆ مێ) دەچنە سەر بکەر، بڕوانە [عادل ڕەشید قادر، 2001: 47] ئەم بارەش لە زانستی زماندا بە ئێرگەتیف (Ergative) ناودەبرێ [وریا عمر امین، 1982 أ: 18]. وەك:

- ئازادی داربڕینەوە.

نەسرینێ بزنەك دۆشی.







(یر) ڕێککەوتنی نێوان بەشە بنچینەکانی ڕستە(ب.بە.ك) بەپێی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە کرمانجی ناوەڕاست ڕێککەوتن لە نێوان(ب. بە) دا یەکاتێ کارەکە تێپەڕە، بەڵام لە کرمانجی ژووروودا، ڕێککەوتن لە نێوان(بە.ك) دایە. بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: [وریا عمر امین، 1982 أ: 16].

لەم نموونە یەی سەرەوە، کاری ڕ ستەکە (ڕا بردووی تێ پەڕە)، ئە گەر کاری ڕستەکە(تێنەپەڕ)یش بێت، ڕابردووبێ یان ڕا نەبردوو بکەر هیچ نیشانەیەکی دۆ خی پێوە نالکێ، وەك:

1- ڕەوا Ø چوو بۆ هەولێر.

ب م.د ك.ڕابردوو تێنەپەڕ ف.بەند

2- ڕەوا Ø دەچێ بۆ هەولێر.

ب م.د ك.ڕانەبردوو ف.بەند.

(لە سیستەمی دۆخی (بکەری)دا هەردوو ئارگیۆمێنتی (بکەر و کارا) لە یەك (دۆخ)دا کۆدەبن، وا تە یەك دۆخ وەردە گرن، کە دۆ خی بکەری یە) [ڤ یان سلێمان حاجی، 2007: 114]. بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان (بکەر و کارا)مان بۆ دەر کەوێ دۆ خی کارا (Agentive) کە (فیلمۆر) دەستنی شانی کردووە، بە کورتی دەخەی نەڕوو؛ کە (بریتی یە لەو دۆ خە زیندووەی، کە کارێك ئەنجام دەدا، یان دەبێتە هۆی بە ئەنجام گەیاندنی کارێك، وەك:

1- زیرەك نامەکەی خوێندەوە.

کارا

2- زیرەك نامەکەی بە قوتابییەکان خوێندەوە.

کارا

لە هەردوو ڕستەکەدا (زیرەك) کارایە، چونکە لە ڕستەی یەکەم کارێکی ئەنجام داوە و لە ڕستەی دووەم بۆتە هۆی بە ئەنجام گەیا ندنی کار ێك، کەوا تە(زیرەك) زیندووە و توا نای ئەنجا مدان یان بوو نە هۆی ئەنجا مدانی هە یە و کاری (خوێند نەوە)ش لەو کارانە یە کە توا نای هەڵبژرادنی(کارا)ی هە یە، لە هەمان کا تدا (ز یرەك) (بکەری ڕێزمانی) یە، وا تە دە توانین بڵێین ( هەموو کارا یەك بکەری ڕێز مانی دێری نە، بەڵام بە پێ چەوانەوە ئە مە دروست نییە، چونکە هەموو بکەرێکی ڕێز مانی کارا نی یە)، [یو سف شریف سعید، 1990: 9].

أ- باران باری. ب- دارەکە شکا.

ب.ڕێزمانی ب.ڕێزمانی

بکەری ڕێزمانی بەو ناوە دەوترێ کە خانەی بکەر پڕدەکاتەوە، جا ناوەکە بکەری ڕاستەقینە بێت یان ناڕاستەقینە، بەڵام بکەری مەنتقی(لۆجیکی) بریتییە لە بکەری ڕاستەقینەی کارەکە، ئەگەرچی لە شوێنی خۆی نەبێ یان دەرنەکەوتبێ، [محمد علي الخولي، 1982: 111، 160]. ئەوەی لە نموونەکانی (أ. ب) دەبینرێ بکەری ڕاستەقینەی کارەکان دەرنەکەوتووە، کە هێزێکی سروشتییە و بکەری لۆجیکی کارەکانی(باری ، شکا)یە.

## 1-2-2- دۆخی بەرکاری[تر]:

بەرکاری ڕاستەوخۆ کەرستەیەکی بنجی ئەو ڕستانەیە، کە کارەکانیان تێپەڕن، (دۆخی بەرکاریش) دۆخی ئەو ناوە یان جێناوەیە، کە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆی کاردەبینێ. [Oliphant, 1955: 38]. لە شێوە ئەدەبییەکەی کرمانجی ناوەڕاستدا، بەرکار هیچ مۆرفیمێکی دۆخ وەرناگرێت[یر]، وەك:

---

[تر] لە زمانی کوردیدا ئەم دۆخە چەند زاراوەیەکی تری بۆ بەکارهاتووە، لەوانە: دۆخی ناڕاستەوخۆ، تیان، تەواندی.

[یر] لە بەشێکی زۆری کرمانجی ناوەڕاست، وەك هەولێر و موکریان... بەرکاری ڕستە دەکەوێتە دۆخەوە، [Mackenzie, 1961: 58].

ئەوان گا ی سەردەبڕن.

بە م.د

- کوڕەکە سێو ی دەخوات.

- کچەکە سێو ی دەخوات.

بە م.د

لە هەندێ باری تردا، ئەگەر بەرکار ڕەگەزەکەی ئاشکرابوو، بە پێی جۆری ڕگەزەکەی (ی- بۆ نێر) و (ێ- بۆ مێ)ی دەچێتە سەر وەك:

- قەسابەکە بەرانی سەردەبڕی. (بەران) < + نێر >

م.د

- قەسابەکە بزنێ سەردەبڕێ. (بزن) < + مێ >

م.د

بڕوانە [عادل ڕەشید قادر، 2001: 49]، ئەم بارانە لە (ئیعراب)ی عەرەبی دەچێ [مەسعود محەمەد، 1977: 279]:

- ئەحمەدی دەبینم.

- فاتمێ دەبینم.

لە زمانی عەرەبیدا (بکەر و بەرکار) سیمای مۆرفۆلۆجییان هەیە، بۆ نموونە:

- کتبَ الولدُ الرسالةَ ←

-الولدُ: دۆخی بکەری وەرگرتووە، نیشانەکەی بریتییە لە مۆرفیمی " ُ " (ضمة).

الرسالة: دۆخی بەرکاری وەرگرتووە، نیشانەکەی بریتییە لە مۆرفیمی " َ " (فتحة)، بڕوانە [وریا عمر أمين، 1982 أ: 17].

- ژیار وێنە دەکێشێت.




بەرکاری ناڕاستەوخۆ[ت]، بە هەمان شێوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ، لە شێوەی ئەدەبی کرمانجی ناوەڕاستدا، نیشانەی دۆخ وەرناگرێت[یر]، وەك:

- مامۆستا دیارییەکی دایە هیوا Ø

ب.ن م.د

### 3-2-2-1- دۆخی خستنەسەر(ئیزافە):

لە پێکها تەی(فرێزی ناوی)دا، کەر ستەکانی پێ شەوە بەبێ یار مەتی مۆرفیمی خستنەسەر دەبنە دیارخەری(سەرە)ی فرێزە ناوییەکە، بەڵام کەرستەکانی دواوە بە یارمەتی

---

[ت] بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بە یار مەتی پیرپیۆز شنەکانی(بە، لە، بۆ) دادەڕێژرێت، بەڵام هە ندێ جار ئەم مۆرفیما نە، بە مۆرفیمی(ە) جێگیر دەکرێن، ئەم مۆرفیمانە دەتوانن ڕۆڵی تریش بە ناوەکە ببەخشن وەك: شوێن، سەرچاوە، ، ڕێڕەو.

[یر] لە هەندێ لە شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست، وەك هەولێر، موکریان، خۆ شناوەتی...تاد. نیشانەی دۆخ دە چێتە سەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ، نیشانەکانی بریتین لە (ی- بۆ نێر) (ێ- بۆ مێ) [مەسعود محەمەد، 1977: 282]، وەك:

- مامۆستا دیارییەك دەداتە هیوای.

ب.ن م.د بۆ نێر

- مامۆستا دیارییەکە دەداتە نەسرینێ.

ب.ن م.د بۆ مێ. [عادل ڕەشید قادر، 2001: 51].

- (وەرن تەکبیرێ بکەن لە بۆ فەرخۆلەی.

م.د بۆ نێر.

- لە خاتوو پەریخانێی دەکرد سەلام و سلاوە) [مەزن عثمان، 2008: 66].

م.د. بۆ مێ

مۆرفیمەکانی (ی، ـە) کە ڕەگەز پیشان نادەن، دەبنە دیارخەری( سەرە)و دۆخی خستنەسەر پێکدێنن[ت]، بڕوانە [کوردستان موکریانی، 2000: 69]:




## 1-2-2-4- دۆخی کات:

ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا، ناوی کات یاخود ئاوەڵکاری کاتی دەگرێتەوە، واتە (( ئەو ناوەیە کە کاتی ڕوودانی کارەکە نیشان دەدات)) [فەرەیدون عەبدول محەمەد، 1988: 99]. هەندێ جار (پێشبەندی ( لە)و پاشبەندی(دا) کاتی ڕوودان نیشان دەدات[پ]، [کوردۆییف، 1984: 87].

- لە پاییزدا گەڵای دارەکان دەوەرن.
- سبەی شەو دەچین بۆ لای هاوڕێکەمان.

## 1-2-2-5- دۆخی شوێن:

ئەم دۆخە لەگەڵ ناوی شوێندا دێت، شوێنی ڕوودانی کارەکە نیشان دەدات، بە هاوکاری، پێشبەندی(لە)و پاشبەندی(دا) دادەڕێژرێت، [Qanatê Kurdo, 1981: 51].

- لە هەولێردا دەژیم.

---

[ت] لە بەشێکی زۆری شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست، وەکو(موکریان، هەولێر، خۆشناوەتی، پژدەر...)، لە خستنەسەردا مۆرفیمی(ێ) بۆ ناوی تاکی مێ بەکاردێ، وەك:

خوشکێ میر هات، بڕوانە: [Mackenzie, 1961: 61]، بەڵام ئەگەر ناوی دیارخراو (کۆ) بێ، بۆ ناوی نێر و مێ، هەر(ی) بەکاردێ، وەك:

کچانی مهاباد جوانن، بڕوانە[مەزن عثمان، 2008: 69]

م.خستنەسەر

[پ] لە هەندێ لە شێوە زارەکانی هەولێر بە گشتی (وشەکانی "شەو، ڕۆژ، بەهار، زستان"و هەموو ئەو شانەی ناوی کاتن، ئەگەر وەکو ئاوەڵکاری کاتی بەکارهاتن دەکەونە دۆخەوە، مۆرفیمی(ێ)ی دۆخیان پێوە دەلکێ، وەك:

- بەهارێ دەچمە دەشتێ.
- شەوێ زوو دەنووم.
- سبەینێ دێمە لات.

ئەگەر وشەکانی سەرەوە ببنە(نیهاد)و ئەرکی ڕێزمانییان هەبێت، مۆرفیمی(ێ) وەرناگرن، وەك:

- بەهار کەژێکی خۆشە.
- شەو بەسەر چوو.

بەڵام وشەی(بەیانی) بەر ئەم یاسایە ناکەوێ، واتە مۆرفیمی (ێ) وەرناگرێ، بڕوانە [مەسعود محەمەد، 1977: 275].

چەمکی شوێن لەوە فراوانترە کە تەنیا شوێنی ڕوودان، یان ئەو شوێنەی کە (بکەر)ی تێدایە بگرێتەوە، بەڵکو ئەو بارانەش دەگرێتەوە، کە (بکەر) لە شوێنی ڕوودانەکە دێتەوە، یان پێیدا تێدەپەڕێ، یان بۆی دەچێ[تر]، کە لە سیستەمی دۆخ دا بە، (شوێن، سەرچاوە، ڕێڕەوە، ئامانج)[یر]، ناوەدبرێن. ئەم بارانە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەداتەوە:

- لە کوێ بووی؟ لە هەولێر بووم.
- لە کوێوە دێی؟ لە هەولێر(ەوە)-(ڕا) دێم.
- بە کوێدا ڕۆیشتی؟ بە هەولێردا ڕۆیشتم.
- بۆ کوێ دەڕۆی؟ بۆ هەولێر دەڕۆم.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە داڕشتنی ئەم دۆخەدا، پێشبەندەکانی ( بە -، لە -، بۆ -)و پاشبەندەکانی (- دا، - ڕا، -ەوە) ڕۆڵی سەرەکییان هەیە[سه]، بڕوانە [کوردۆییێف، 1984: 85-86].

## 6-2-2-1- دۆخی بانگکردن:

مۆرفیمەکانی بانگکردن لە زۆر بەی زمانەکاندا دۆخی ڕێزمانییان پێکهێناوە، بەڵام دواتر لە هەندێ زمان بەرەو لەناوچوون ڕۆیشتوون، بۆ نموونە لە زمانی گریکی و لاتینی و زمانی کۆنی ئینگلیزی ( بانگکردن) وەکو دۆخی ڕێزمانی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لە پاڵ دۆخەکانی بکەری و بەرکاری و خستنەسەر...، بڕوانە [Fromkin, 1988: 304]، زمانی ئینگلیزی ئێستا (دۆخی بانگکردن) پێکناهێنێ، بەڵام وەکو فرێزێکی ناوی لە شوێنی مەبەست بەکارهێنانی هەیە، بڕوانە [Crystal, 2003: 494]، ئەم دۆخە لە زمانی

---

[تر] م.هیدایەت عبداللە لە نامەی ماستەرەکەی هەشت چەمکی بۆ ئاوەڵکارە شوێنیەکان دیاری کردووە، لەوانە: ( سەرهەڵدان، سەرچاوە، ئاراستە، جێگیربوون، کۆتایی، گیرسانەوە، ئامانج، سوودوەرگر)، بڕوانە [هیدایەت عبداللە محەمەد، 1993: 94-95].

[یر] مەرج نییە هەموو کات، ((سەرچاوە و ئامانج) شوێنی دەستپێکردن یان ئەو شوێنە بێ کە بۆی دەچی، وەك:
- ئەم دەرگایە لە دار(سەرچاوە) دروست کراوە.
- کاوە دەیەوێت ببێت بە ئەندازیار(ئامانج). بڕوانە [یوسف شریف سعید، 1990: 17-20].

[سه] مۆرفیمەکانی (ی-نێر)و (ێ- مێ) وەکو نیشانەی دۆخ و پیشاندانی ڕەگەزی ناو، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی بەشێك لە شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست (دۆخی شوێن) دیاری دەکەن، ئەگەر ناوی شوێنەکە وەك ئاوەڵکار بەکارهات. وەك:
- چوومە دەرێ.
- دەچمە دەشتێ.
- دەچمە شارێ.
- دەچمە هەولێرێ. بڕوانە [مەسعود محەمەد، 1977: 276-281].
لەم نموونانە سەرەوە، ناوەکان جگە لە دۆخی شوێن، دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەنوێنن.

کورد یدا، دۆخێکی سەرەکییە، چونکە زۆر بەی زار و شێوەزارەکانی ز مانی کوردی، خاوەن مۆرفیمی (دۆخی بانگکردنن). کە بریتین لە (ـە، ۆ□ بۆ تاکی نێر) و (ێ□ بۆ تاکی مێ) (ین + ـە) بۆ کۆی نێر و مێ)، ئەم مۆرفیمانە بە زۆری دە چنە سەر ناوی گ شتی وەك: کوڕ، کچ، خاڵ، پوور، ...، بڕوانە: [کۆردۆییێف، 1984: 77]. تەنانەت لە شێوازاری سلێمانی کە بە گشتی مۆرفیمەکانی دۆخیی تێدا سواوە، مۆرفیمەکانی بانگکردن هێ شتا بەکارهێنانیان ماوە، لە گەڵ ئەوە شدا ئە مە ئەوە ناگە یەنێ کە (( کردەی بانگکردن))، تەنیا بەهۆی مۆرفیـمە بە ندەکانی بانگکردن دابڕ ێژرێت، بەڵکو زۆر جار (مۆرفیـمە سەربەخۆکانی بانگکردن)ی وەك(ئەی، هۆ، هێ...) و (ئاواز)ی تایبەت بە بانگکردن، ڕۆڵی سەرەکی دەب ینن لە دەر بڕینی شێوازی بانگکردن، هەر ئە مەش وای لە زما نەوانێکی وە کو (کوردۆیـ ێف) کردووە، ب ڵێ: ((دۆ خی بانگکردن وە کو شێوەیەکی ڕێز مانی بە پرۆسێ سی لە ناو چووندا تێدە پەڕێ)) [س.پ: 79].

- خاڵۆ، ماڵی کاك شێرزاد لە کوێیە؟
- هێ‌ی پووری، ئاگاداری خۆت بە، بانەکەوی.
- ڕۆزە خان، مامۆستا ئازاد بانگت دەکا.

جێی سەرنجە (ڕێککەوتنی تەواو هەیە، لە نێوان بانگکراو و کاری ڕ ستەکە، لە ڕووی نیشانەکانی مۆرفۆلۆژییەوە)، [کوردستان موکریانی، 2000: 19]، وەك:

کوڕە، بخوێنە          کوڕینە ، بخوێنن

ڕێککەوتن          ڕێککەوتن

لە نموو نەکانی پێ شەوە، مۆرفیـمە بە ندەکانی بانگکردن، بە ناوی گ شتییەوە لکاون، هە ندێ جار لە گەڵ ناوی تای بەتی دەردە کەون، بۆ مەبە ستی (ب چووککردنەوە)ی ناوە کە، یان(بۆ دارشتنی ناوی تایبەتی نوێ)، [کۆردۆییێف، 1984: 79]، وەك:

- ڕەشید ⟵ ڕەشۆ، ڕەشە.
- شێرزاد ⟵ شێرۆ، شێرە.
- عائیشە ⟵ عەیشێ.
- خەجیجە ⟵ خەجێ، خەجە.
- فاتمە ⟵ فاتێ، فاتە.

(هە ندێ جار فۆرمی گ شتی بانگکردن، کە هەڵگری نیـ شانەی دۆ خن، لە گەڵ ناوی بانگکراوی تایـ بەتی، پێکەوە لە کردەی بانگکردن دەردە کەون، ئەو کات مۆرفیمی بە ندی بانگکردن، تەنیا دەچنە سەر ناوە گشتییەکە)، [کوردستان موکریانی، 2000: 18]، وەك:

- کچێ نەشمیل، بخوێنە.

- کوڕە سیروان، بخوێنە.

## 1-3- تیڕوانینی زمانەوانان لە بارەی ((شێوازی بانگکردن)) لە زمانی کوردیدا:

باسکردنێکی گشتگیری شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، بەبێ پێدا چوونەوە بە کەلتووری زمانەوانی کوردی لەم بوارەدا و ڕوونکردنەوە و تەواوکردنی بۆ چوونی زمانەوانانی کورد لە بارەی بانگکردنەوە، لێکۆڵینەوەکە دوچاری لەنگی دەکات. لە هەمان کاتدا بۆ چوونەکانی ئەو زمانەوانانە دەبنە مایەی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای شیکردنەوەی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر چاوێك بە کتێبە ڕێزمانییەکاندا بخشێنرێ، دەبینرێ، لە زۆربەی کارە ڕێزمانییەکاندا، باسی ((بانگکردن)) کراوە، بەڵام باسکردنەکان بە شێوەیەکی سادەیە، چونکە ئەو باسانەی لەسەر ((بانگکردن)) نووسراون، بە شێوەیەکی سەربەخۆ نین و نە چوونەتە بنج و بنەوانی بابەتەکەوە، کردەی بانگکردن بە گشتی و مەبەستەکانی بانگکردن و ڕۆڵ و شیکردنەوەی بانگکردن لە ئاستە جیاوازەکانی زمان، باس نەکراوە، بەڵکو بەگشتی باسی مۆرفیمەکانی بانگکردنیان کردووە.

ئاوڕدانەوەی زمانەوانانی کورد لە((شێوازی بانگکردن)) لە پێناو دوو ئامانجی سەرەکی بووە:

1- هەندێ زمانەوان، ویستوویانە بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا دیاری بکەن، لە کۆتایی دیاریکردنەکەدا هەندێ فۆرم ماونەتەوە، لەوانە؛ فۆرمەکانی(بانگکردن، سەرسوڕمان، خۆزگە خواستن...) ئەمانەیان بەتێکڕا کۆکردوەتەوە و بە بەشێکی ئاخاوتنیان داناوە، ناویان ناوە ((ئامرازەکانی بانگکردن)) یان ((ئامرازەکانی سەرسوڕمان)) یاخود ئامرازەکانی ((بانگکردن و سەرسوڕمان)) پێکەوە.

2- هەندێ زمانەوانی تر لە پاڵ باسکردنی دۆخەکانی زمانی کوردی و دیاریکردنی ڕەگەزی نێر و مێ، باسەکانیان خستووەتەڕوو، لێرەشدا زمانەوانان مۆرفیمە بەندەکانی دۆخی بانگکردنیان بە ((ئامرازی بانگکردن))(تێ) لە قەڵەم داوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆچوونی زمانەوانەکان، بە پێی مێژووی ساڵی چاپی کتێبەکان بخرێتەڕوو، لە شوێنی پێویستیشدا سەرنجی لێکۆڵەر پیشان دراوە.

سەعید سدقی یەکەم ڕێزماننووسی کوردە، کە بە زمانی کوردی و زۆر بە کورتی باسی (بانگکردن)ی کردووە، لە باسەکەیدا سەرکەوتوو بووە، چونکە مەبەستی باسکردنەکەی تەنها

---

(تێ) لەم لێکۆڵینەوەیەدا (مۆرفیمی بەندی بانگکردن) بەرامبەر بە نیشانەکانی دۆخی بانگکردن کە بریتین لە (ۆ، ـە، ێ، ینە )ـە دەوەستێ، بەرامبەر (ئامرازەکانی بانگکردن) کە بریتین لە ( ئەی، هۆ، ...) ( مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن) بەکارهاتووە، بۆ هەردووکیان (مۆرفیمی بانگکردن) بەکارهاتووە.

د یاریکردنی مۆرفیی مەکانی بانگکردن بووە، سەرکەوتنەکە شی لەوەدا دەردە کەوێ، کە توانیویەتی مۆرفیمەکانی بانگکردن و سەر سوڕمان و وریاکرد نەوە، لێکجیابکا تەوە و بەجیا نموونەیان بۆ بهێنێتەوە.

سەرەتا(سەعید سدقی) لەژێر ناونیشانی(اصوات)دا، دەڵێ: ((ئە صوات چەند ئەداتێکن بەعزە حالاتی بەیان دە کەن))، [سعید صدقی، 1928: 59]. نوو سەر دەنگەکان دە کات بە دوو بەشەوە بەشێکیان بۆ مرۆڤ بەکاردێن و بەشەکەی تر بۆ ئاژەڵ، وەك دە ڵێ: ((ئەوا نەی کە بۆ ئینسان لە عەمەل دەهێنرێت وەکو، ئەدەواتی (نیدا) بانگکردن، (تحسین) جوانکردن، (تعجب) واق وڕمان، (تأسف) عاجزبوون، (تنبیە) وریاکردنەوە، ( تحذیر) تر ساندن)) [س.پ: 59]. ئەوەی لەم دەقەی سەرەوە دەردە کەوێ، نوو سەر ویستوویەتی پێنا سەی ( ئامراز) بکا، بەوەی چەند بار ێك دەردە خەن و بارە کانیش یە کە یە کە دەخا تەڕوو، بەڵام تەنها ناو یان دەهێ نێ و نموو نەیان بۆ دەهێنێ تەوە. نوو سەر ئەو مۆرفیما نەی کە بۆ بانگکردنی مرۆڤ بەکاردەهێنرێن بەم شێوەیە باسی کردوون:

(( (ئەرێ، ئەی) بۆ بانگکراوێ دەبێ کە نزیك بێ، وەکو:

- ئەرێ خالید، ئەمشەو بۆ نەهاتیت.

- ئەی خودا، داد لە دەست طالعی شوم.

(هۆ) بۆ بانگکردنی دوور: هۆ عوسمان وەرە ئێرە.

(هۆ هۆ) بۆ بانگکردنی دوورتر: هۆ هۆ یونس ڕاوەستە هەتادێم.))، [س.پ: 59-60].

هەروەها نوو سەر با سی ئەو فۆرما نە یان (دەنگا نە)ی کردووە، کە بۆ ئاژەڵ بەکاردەهێنرێن، لەم بارەیەوە نووسیویەتی (ئەو ئەسواتەی کە بۆ حەیوانات بەکاردەهێنرێن ئەما نەن: ( پش پش) بۆ بانگکردن، ( خت خت) بۆ دەرکرد نی پ شیلە، ( گدی گدی) بۆ بانگکردن، (یخە یخە) بۆ دەرکردن و لێخوڕینی بزن و مەڕ، ( بۆڕە) بۆ گاومانگا، (حیلە) بۆ ئەسپ و ماین، (قیڕە) بۆ قەلەڕەش... هتد) [س.پ: 62].

لێرەدا ناوی دەنگەکانی وەك ( بۆڕە، حیلە، قیڕە...) کە ئاژە ڵەکان دەر یان دە بڕن تێکەڵکراون لەگەڵ ئەو فۆڕمانەی مرۆ ڤ لە بانگکردن و دەرکرد نی ئاژە ڵدا بەکاری دە هێن، کەچی ناوی دەنگەکان بۆ بانگکردن و دەرکردن ناشێن.

تۆفیق وە هبی لە ک تێبی ((دە ستووری ز مانی کوردی))، لە پێنا سەی ( ئامرازی بانگکردن)دا، دەڵێ: (( ئەداتی ندا دەنگێکە بۆ پیشاندانی حسێکی وە کو خۆ شی، عاج باتی، پەژارە، ترس...هتد بەکەڵك ئەهێنرێ ئەمانە لەگەڵ کەلیمەکانی تری جومـلەدا لاقە یەکیان نابێ؛ وەکو:

ئای ! له بیرم چوو.

ئۆخەی ! ڕزگارم بوو.

ئۆف ! له دەست تۆ وەخته شێت بم. ))، [تەوفیق وەهبی، 1929: 19].

پێناسەکەی نووسەر سنوورەکەی یەکجار فراوانه، زیاتر پەیوەندی بە کردەی هەست دەربڕینەوە هەیە، نەك بانگکردن. هێنانەوەی نموونەکانیش پەیوەندی بە دەربڕینی هەست بە شێوەی سەرسوڕمان هەیە و ئامرازی بانگکردن لەو نموونانەدا نەهاتووە، خاڵی ئەرێنی پێناسەکەی نووسەر ئەوەیە، کە فۆرمەکانی (ئای!، ئۆخەی!، ئۆف!) بە پێکهاتەی سەربەخۆ لە قەڵەم داوە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە پێکهاتەی ڕستەکەوە نییە. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێ، کە ئەم فۆرمانەی سەرەوە بوونەتە مایەی ئەوەی لە ڕووی ئەرکی واتاییەوە، ڕستەکان ببنە (ڕستەی سەرسوڕمان).

تۆفیق وەهبی لە هەمان سەرچاوەدا، لەژێر ناونیشانی (وەزیفەی ندای)، پێناسەی ناوی بانگکراو دەکات و دەڵێ: ((ناوی کەسێ یان شتێ کە هەر بۆ بانگکردن و ڕووتێکردن بە کەڵك بهێنرێ و لە گەڵ هیچ فعلێکا لاقەیەکی نەبێ پێی ئەڵێن نیداکراو)) [ تەوفیق وەهبی، 1929: 48]. وەك:

- کوڕە، تۆ بۆ ناچیته مەکتەب؟

- ئەمجارە نۆرەی تۆیە، پشکۆ؟

نووسەر لە پێناسەی ناوی بانگکراو و هێنانەوەی نموونەکاندا ویستوویەتی پێمان بڵێ، ناوی بانگکراو لە ڕستەدا سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە و دەتوانرێ شوێنی بگۆڕدرێ، لە سەرەتای ڕستە یان لە کۆتایی ڕستە بێت، بۆ جیاکردنەوەی ناوی بانگکراو لە ڕستە(،) فاریزەی بەکارهێناوە.

هەر لە پێناسەکەدا نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە، کە (ناو)ەکە یان ( بانگ دەکرێت) یان (ڕووی تێدەکرێت) کە مەبەست لە ڕووتێکردن، هەروەك لە نموونەکانیش دیارە (دواندن)ـە، نەك بانگکردنی کەسەکە بۆ لای قسەکەر. جگە لەمانە هەر لە پێناسەکەدا، نووسەر ناوی بانگکراو دەبەستێتەوە بە ناوی (کەسێ یان شتێ) بەڵام لە نموونەکانی نووسەر ناوی (شت)ی بێ گیان بەرچاو ناکەوێ.

لە بارەی دروستکردنی ناوی بانگکراو، نووسەر چەند یاساییەکی باس کردووە کە ئەمانەن:

(( 1- لە ناوی تاکا:

أ- پیتی(ە) ئەخرێتە دوای ئەو ناوانەی کە پیتی کۆتاییان (نەبزوێن)ـە، بەڵام ئەوانەی پیتی کۆتاییان (بزوێن)ـە هیچ ناخرێتە دوایانەوە؛ وەکو: (کوڕە، جوتیارە، ئاغا، میرزا) بۆ ڕەگەزی مێ لە جیاتی (ە) زۆرجار (ێ) بەکارئەهێنرێ (خوشکێ، پوورێ) )) [تەوفیق وەهبی، 1929: 48-49]. نووسەر لە دەستنیشانکردنی ئەم خاڵەدا سەرکەوتوو بووە، چونکە توانیویەتی چۆنیەتی کارکردنی مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن، بەپێی ڕەگەزی ناوەکە و فۆنیمی کۆتایی ناوەکە دیاری بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە جۆری ناوەکە لە ڕووی (تایبەتی و گشتی)یەوە دیاری بکات، چونکە زۆر بەکەمی مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن دەچنە سەر ناوی تایبەتی، ئەگەر ئەمە ڕوو یدا مەبەست لێی، جگە لە بانگکردن ڕەنگە بۆ بچووککردنەوە، یان خۆشەویستی یان دارشتنی ناوی تایبەتی نوێ بێ.

((ب- هەندێ جار ئەداتی تەعریفی (ەکە) ئەخرێتە دوای ناوەوە؛ ئەمە بۆ نەزاکەت و پاڕانەوە بەکەڵك ئەهێنرێ؛ وەکو، مارفەکە، کوڕەکە، براکە)) [س.پ: 49]. لە نموونەی یەکەمدا مۆرفیمی (ەکە) چۆتە سەر ناوی تایبەتی بەڵام لە نموونەکانی تر ئەم مۆرفیمە چۆتە سەر ناوی گشتی، ئەگەر لێرەدا مەبەست لێیان بانگکردن بێت بە شێوازی (نەزاکەت و پاڕانەوە) ئەوا ناوەکان پێویستیان بە جێناوی لکاوی(م) دەبێت وا تە دەوترێ(کوڕەکەم، براکەم).

((ج- هەندێ جار ئەداتی(ئەی) ئەخرێتە پێش ناوەوە؛ وەکو، ئەی حوکومدار، چی بێ و لە تۆ نەهێنی بێ؟)) [س.پ: 49]. لەم خاڵەدا نووسەر تەنیا ئاماژەی بە مۆرفیمی ( ئەی) کردووە، لەگەڵ ئەوەی چەند مۆرفیمێکی تری سەربەخۆی بانگکردن هەن کە هەمان ڕۆڵی( ئەی) دەبینن، لە دارشتنی ناوی بانگکراودا، لەوانە(هۆ) کە بۆ بانگکردنی دوور بەکاردێ.

((د- ئەتوانرێ ناو بەبێ ئەدات و حەرفی زیادیش ندا بکرێ؛ وەکو:

- شوان، ئەم ڕێیە بۆ کوێ ئەچێ؟...)) [س.پ: 49]. بانگکردن لەم بارەدا بەهۆی ئاوازی تایبەتەوە دەبێ.

2- لێرەدا نووسەر باسی دروستکردنی ناوی کۆی بانگکراو دەکا و دەڵێ: ناوەکە بە نیشانە(ان) کۆدەکرێتەوە و دواتر /ا/ دەگۆڕدرێ بۆ/یـ/، پاشان نیشانەی (ە) بە دوای /ن/ەوە دەلکێنرێ، وەك:

| ناوی تاك | ناوی کۆ | ناوی بانگکراوی کۆ |
| --- | --- | --- |
| شاگرد | شاگردان | شاگردینە |
| پیاو | پیاوان | پیاوینە |

ئەتوانرێ مۆرفیمی(ئەی)ی بانگکردن لە پێش ناوەکە دابنرێ وەك:
- ئەی شاگردینە، دەمی تێکۆشینە، بڕوانە [تەوفیق وەهبی، 1929: 49-50].

نوری عەلی ئەمین لە کتێبی (قەواعیدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا)، زاراوەی (دەنگدان)ی بەرامبەر (النداء)ی عەرەبی بەکارهێناوە، نووسەر لەم کتێبەدا بە کورتی باسی کردەی بانگکردنی کردووە.

لە پێناسەی بانگکرد ندا دەڵێ: ((دەنگ دان: بۆ گاز ندە و ڕا گرتن و وریاکرد نەوەی دوێنراو(مخاطب) بەکارئەهێنرێ، وەك:

أ- ئەی بوکینە بۆ لەگەڵ خەسووتانا، ناسازێن..!

ب- ئەی پرشنگ بخوێنە پێش ئەکەوی.)) [نوری علی امین، 1956: 74]. پێناسەکە باسی سێ مەبەستی بانگکردنی کردووە، نموونەی یەکەم بۆ گلەیی و هی دووەم بۆ ئاگادارکرد نەوە دەشێ. لە بارەی پێناسەی ( ناوی بانگکراو)ەوە نووسەر دەڵێ: ((دەنگ دراو(المنادی) ئەو ناوەیە کە ئەکەوێتە دوای ئامرازی دەنگدانەوە، وەك:

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین

هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین)) [س.پ: 74].

ئەم پێناسەیەی سەرەوە بەوردی ناوی بانگکراو دیاری ناکات، چونکە مەرج نییە ناوی بانگکراو بەردەوام لە دوای مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردنەوە بێت، لەبەر ئەوەی گەلێ جار دەبینرێ کردەی بانگکردن بە هۆی ئاواز یان مۆرفیمی بەندی بانگکردن کە دەکەونە دوای ناوی بانگکراوەوە ئەنجام دەدرێت. ( نوری عەلی ئەمین) لە پێناسەکردنی مۆرفیمی بانگکردندا دەڵێ: ((ئامرازی دەنگدان ئەو ئامرازانەیە، کە ئەکەونە پێش دەنگ دراوەوە، وە بە بۆنەیانەوە دەنگدان پێك دێ، ئامرازی دەنگدانیش ئەمانەن: ئەی، هۆ، هۆهۆ، ئەرێ. وەك ( ئەی گوڵ سەرم لە جواندیت سوڕماوە!)) [س.پ: 74]. ئەم پێناسەیە بۆ مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن پێناسەیەکی دروستە، بەڵام نووسەر لە مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن (ـە، ۆ، ێ) نەدواوە، هیچ ئاماژەیەکی بە چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی بانگکردن نەکردووە.

نووسەر بە شێوەیەکی گشتی ناوی بانگکراوی دابەش کردووەتە سەر چوار جۆر: ((1- دەنگ دراوی دیاری (علم). 2- دەنگ دراوی إضافي. 3- دەنگ دراوی وەصفی. 4- دەنگ دراوی مەبەستی (منادی مقصودة) ))، [س.پ: 75-77]؛ لە جۆری یەکەمدا ناوی بانگکراو ناوێکی تایبەتی ناسراوە، وەك( نازەنین)، لە جۆری دووەمدا لە دیارخەرو دیارخراو پێك هاتووە،

وەك(ئەی پەریی بەهەشت)، لەهی سێیەمدا لە ناوێك و ئاوەڵناوێك پێكهاتووە كە نووسەر بە ( صفه و مو صوف) ناوی بردوون وا تە دیارخەر(ئاوەڵناو )ـە وەك( ئەی گ یانی شیرین). لە چوارەمدا ناوی بانگكراو ناوێكی گشتی نەناسراوە بەهۆی بانگكردنەوە بۆتە ناسراو، وەك:

- ئەی سوار، ڕاوەستە هەتا دێم.

دەستنیشانكردنی جۆرەكانی ناوی بانگكراو، كارێكی زانستیانەیە.

نوری عەلی ئەمین لە كتێبێكی تری بە ناوی (ڕێزمانی كوردی) دوو بارە لە بانگكردن دواوە، ئەمجارە ز یاتر جەختی لە سەر مۆرفیـ مەكانی بانگكردن كردووە و بەم شێوەیە پێناسەی كردوون ((ئامرازی نیدا ئەو واژەیەیە كە یا بۆ وریاكردنەوەی دوێنراو(مخا طب) وە یا بۆ دەر بڕینی هە ست بە(پە ستی، پەژارە، سەر سوڕمان، خۆ شی، ترس، چاكە)، بەكاردەهێنرێ، وەك:

- ئەی وەتەن، باجارێ وابێ تا هەلێكت دێتە پێش

تێ ئە گەی ئەو سا وە كو شێر ئارەزووی مە یدان ئە كەم))، [ نوری عەلی ئەمین، 1960: 211].

لەم دێرە شیعرەدا فۆرمی(ئەی) مۆرفیمی بانگكردنە و (وەتەن) ناوی بانگكراوە.

پێناسەكەی نووسەر سنوورەكەی فراوانە و بەشی زۆری ئەو مۆرفیمە سەربەخۆیانەی كە بۆ هە ست دەر بڕین بەكاردەهێنرێت لە خۆدەگر ێت، ئە مەش وای كردووە نوو سەر ژمارەیەكی زۆری مۆرفیم لە ژێر ناوی( ئامرازی نیدا) بژمێری و نموو نەیان بۆ بهێنێتەوە. لەوانە: ((ئەی، هۆ، ئەیێ، ـە، یێ، ئای، ئای ئای، ئادەی، چش، دە چش، حە ست، وەی، وەی وەی، هیزە، ئۆی، ئۆف، ئاخ، خۆزگە، بر یا، كا شكێ، ها ها، ئەها، دەك، ئەك، هەك، هەی، وای، داد، داخ، ... تاد)) [س.پ: 213-214]. لە هەموو ئەم فۆرما نەی سەرەوە، تەنها پ ێنج فۆرمی سەرەتا مۆرفیمی بانگكردنن، ئەوانی تر زۆربەیان بۆ هەست دەربڕین بەكاردێن.

لە هەمان بەرهە مدا نوو سەر لە درو ست كرد نی ناوی بانگكراو دواوە و دە ڵێ: ( لە واژەیەكی سادە یان لێكدراو یان لە دەستەواژەیەك پێكهاتووە) [س.پ: 212].

لێژنەی زمان و زانستەكانی كۆڕی زانیاری لە كتێبی(ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی)، با سی (بانگكردن)یان كردووە، بەڵام با سكردنەكەیان لە پاڵ كۆ مەڵێك فۆرمی تردا یە كە بە لای لێژنەوە سەرجەمیان (ئامرازی سەرسوڕمانن)، واتە(لێژنە) تەنها لە مۆرفیـمەكانی بانگكردن دواون، ئەویش بە تێكەڵی لەگەڵ فۆرمەكانی سەرسوڕمان، ئەم بڕیارە یان دوای پێدا چوونەوە بەو زاراوانەی لەم بوارەدا پێشتر بەكارهاتوون و گوا ستنەوەی بۆ چوونەكانی ڕێزماننووسان

بووە، بۆیە(لێژ نە) کەوتۆ تە هەمان سەنگەرەوە کە نوو سەرانی پێ شتر تیای بوون. بەلای لێژنەوە(ئامرازی تعجب) ئەمانەن: ((خۆزگە، کاشکێ، بریا، بەڵکو، ئەرێ، ئەی، (ە)، ێ، هێ، هۆ، ەکە، یا، (ئافەرین)و هەڤاڵەکانی، (هەی، هەی هەی، وەی وەی)، (ئا، ئادەی...)، ( ئاخ، داخ، ...)، ئەدی، ( پەکوو، پەك)، ( پەح، پەحا)... تاد)) بڕوا نە [لێژ نەی ز مان، 1976: 418-448]، جگە لەم فۆرمانەی سەرەوە، (لێژنە) چەند فۆرمێکی تری لەم شێوانەی ڕیز کردووە و بە کورتی لە بەکارهێنانی هەریە کەیان دواوە و نموو نەی بۆ هێناونە تەوە، بە شێك لەو مۆرفیما نەی سەرەوە پەیوە ندییان بە سەر سوڕمانەوە نیـ یە و دە شێ بۆ( بانگکردن) بەکاربهێنرێت، کە ئەمانەن:

**1- مۆرفیمی ئەرێ:** - ئەرێ درەختەکانت ئاودا؟

- ئەرێ لە کوێ بوون؟

لێژنە سەرنجی خۆی لە بارەی ئەم مۆرفیمە دەربڕیوە، بەوەی دەتوانرێ لەگەڵ هەموو جۆرە کارێك و ڕستەی پرس و ڕاگەیا ندن و مۆرفیمی بانگکردنی تر بەکاربهێنرێ، لە گەڵ ئەوەی هەندێ ئەرکی بەلاغی دەبینێ [س.پ: 428].

**2- مۆرفیمی ئەی:** ئەی مەلی وردیلەی دەنگ خۆش

بـــــۆم بڵــــێ ئاوازێك بەجۆش

لە پاڵ باسکردنی ئەم مۆرفیمە، بەلای لێژ نەوە(بانگکردن دە شێ بەبێ مۆرفیمی( ئەی)، یا هیچ مۆرفیمێکی تر پێکبێت وەك:

1- هەولێر، چەند خۆشیت!

2- فەرهاد، کەی هاتیەوە؟

3- پیرەمەگرون، چەند بەرزیت! [س.پ: 429].

لێژ نە لە هێنا نەوەی نموو نەی(1-3)دا مەبە ستی سەرەکییان نەپێکاوە، چونکە ئەم ڕ ستانە ز یاتر وا تای سەر سوڕمان دەگە یەنن. بەڵام ڕ ستەی(2) درو ستە و بۆ(دوا ندن) بەکارهاتووە.

**3- مۆرفیمی (ـە)، (ێ):** لێژ نە مۆرفیـ مەکانی دۆ خی بانگکردنی بە ( ئامرازی سەربەخۆ) دا ناوە، لێژ نە توانیو یەتی چۆنیەتی لـ کانی ئەم مۆرفیما نە بە(ناو)ەوە د یاری بـ کات و دەستنیشانی ڕەگەزی (نێر و مێ)یان بکات، وەك:

- شوانە، ئەو بەرخانە بۆ کوێ دەبەیت؟

- خوشکێ، ئاگاداری منداڵەکان بە.

- کابرا، ڕێگاکەم نیشاندە. [س.پ: 430-432].

## 4- مۆرفیمی(هێ):

- هێ کچێ، ئاگاداری خۆت بە.

بەلای لێژ نەوە((ئامرازی ( هێ) بۆ مێیـ نە بەکاردێت، ... پێویـ ستە نیداکراوە کەش کە(مێینەیە) ئامرازی (ێ)ی مێیـ نەی بخرێـ تە دواوە)) [لێژ نەی ز مان، 1976: 432-433]. بەهۆی ئەوەی ئەم مۆرفیـ مە هەڵگری واتا یەکی دەروو نی نەرێنیـ یە و ز یاتر بۆ سوککردن بەکاردێ و ڕێزی کەم تێدا یە، ئێـ ستا بەکارهێنانی کەمبۆ تەوە، مەرجیش نیـ یە وەك لێژ نە بۆی چووە، هەموو جار لە کۆ تایی ناوە بانگکراوە کە، مۆرفیمی(ێ) بەکاربێت، وەك لەم نموونەیەدا دیارە: - (هێی تۆ، کارەکانت جێبەجێکرد؟)

جێی باسە(هێی) ئەلۆمۆرفی (هێ)یە.

**5- مۆرفیمی( هۆ):** لێژ نە چەند شێوەیەکی تری بۆ ئەم مۆرفیـ مە دەستنیـ شانکردووە کە ئەمانەن: (هۆ هۆ، هۆو، هۆی، هەیهۆ، ئەرێ هۆ، ئەرێ هۆی) وەك:

- هۆو قادر، ئاوەکەم بۆ بەردەوە.
- هۆ کابرا هۆو، وڵاغەکە لە دەغڵەکە دەرکە.

لێژنە ئاماژەی بە چەند مەبەستێك کردووە کە ئەم مۆرفیمەی تیادا بەکاردێ لەوا نە: ((نیدای سادە، هەڕەشە، نیدای دوور، تەئکید، نیدای نامەعلوم)) [س.پ: 435]. بەگشتی ئەم مۆرفیمە بۆ دوور بەکاردێ، هەروەها لێژ نە تێبینیـ یەکی تری دەربڕ یوە، بەوەی کە ئاوازی دەربڕین لە هەر یەك لەو مەبە ستانەی سەرەوە جـ یاوازە، بەڵام جیاوازییە کەی دەستنیـ شان نەکردووە و پێ دەچێ بە هەڵە زاراوەی ( نەبرە) کە بەرامـ بەر بە(هێز) دەوە ستێ، لە بری (ئاواز) بەکارهاتبێ، بڕوانە [س.پ: 435].

## 6- مۆرفیمی (ەکە):

لێژ نە هەمان ئەو نموونا نەیان هێناوە تەوە کە مامۆ ستا تۆف یق وە هبی بۆ مۆرفیمی(ە کە) هێناویەتیـ یەوە کە بریتین لە (مار فە، کوڕە کە، برا کە) بڕوا نە: [ تەوفیق وەهبی، 1929: 49]. لێژنە پێیان وایە ((ئەم سیغەی (مارفەکە، کوڕەکە، برا کە) هە ڵدەگرێ پـ ێی بـ گوترێ سیغەی نـ یدای (مـ عین) کە لەو ێدا ئامرازی (ە کە)ی تەعریف بۆ نـ یدا بەکارهاتووە بۆ نموونە:

1- کوڕەکەی من چوو بۆ قوتابخانە.

2- کوڕەکە، ئەمە چییە بەدەستتەوە؟

لە ڕ ستەی یەکە مدا (کوڕە کە) ناوێکی نا سراوە بە(ە کە)، بەڵام لە ڕ ستەی دووەمدا(کوڕە کە) (نـ یداکراوێکی معیـ نە) بەهۆی(ە کە) ))، بڕوا نە [لێژ نەی ز مان، 1976: 437]. ئەوەی جـ ێی تێڕاما نە لیژ نە مۆرفیمی نا سیاوی(ەکە)، کە هە ندێ جار بە شداری درو ستکردنی ناوی بانگکراو دە کات بە(ئامرازی بانگکردن) یان دا ناوە، ئە مەش بەهۆی وردنەبوو نەوەی تەواو لە (درو ستکردنی ناوی نـ یداکراو)ی تۆفـ یق وە هبی، چونکە تۆفـ یق وەهبی مۆرفیمی (ەکە)ی بە(ئامرازی بانگکردن) دا نەناوە، بەڵکو تەنیا وتوویەتی(بە شداری دروستکردنی ناو بانگکراو دەکات) بڕوانە [تەوفیق وەهبی، 1929: 49].

7- **مۆرفیمی(یا):** بەلای لێژنەوە پێ دەچێت ئامرازی(یا) وەك تۆفیق وە هبی بۆی چووە، لە عەرەبییەوە وەرگیرابێت. لەبەر ئەوەی بە زۆری لە گەڵ و شەی ئاینی بەکاردێ، وەك: یاخوا، یاپێغەمبەر...، هەر بەڕای لێژ نە ئامرازی بانگکردنی( ئەی)ی کوردی نزیـکە لە(یا) بڕوا نە [لێژ نەی ز مان، 1976: 437]، هەر چەندە ئەم نزیکـ یەیان ڕوون نەکردۆ تەوە، بەڵام پێ دەچێ ئەم بیرەیان لەوەوە لە لادروست بووبێ کە لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکی ئاینی یان هەر دەقێکی تر زۆربەی جاران مۆرفیمی(یا) بەرامبەر بە(ئەی) دەوە ستێ. بەڵام لە گەلێ دە قی کوردیدا، ناکرێ ئەم دوو مۆرفیمە شوێنی یەکتر بگرنەوە، بۆ نموونە:

- ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین.
- یا مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین.

جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی) کاتێك باسی نێر و مێ (ڕە گەز)ی کردووە، لە دۆخی بانگکرندا ئەم جیاوازییەی لە هەردوو زاری کر مانجی ژووروو و کر مانجی ناوەڕا ستدا بەدی کردووە، بۆ یە زۆر بە کورتی لە(دۆخی بانگکردن) دواوە و دە ڵێ: ( لەم دۆخەدا(ۆ- ○) بەکاردەهێنرێ بۆ نێر، وەك کوڕۆ، باڤۆ، هەروەك لە کرمانجی ناوەڕاست (لـە ☐ e) بەکاردەهێنرێ بۆ بانگکردنی نێریـ نە، وەك: ( کوڕە، با بە، ما مە) ئە مە ئە گەر دەنـ گی کۆتایی وشەکە نەبزوێن بێت، بەڵام ئەگەر بزوێن بێت، ئەوا ناوە کە وەك خۆی دەمێنێـ تەوە و هیچ نیشانەیەك وەرناگرێت وەك: (کابرا، مامۆستا) بۆ ڕەگەزی مێ لە هەردوو شێوازەکەدا (ێ- ê)بەکاردەهێنرێ، وەك: کچێ، پوورێ) [جەمال نەبەز، 1976: 27-28].

جەمال نە بەز با سی ناوی کۆی دۆ خی بانگکردنی نەکردووە، چونکە ڕە گەز پیـ شان نادات، وەك کوڕینە، کچینە.

ئەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)دا کاتێك باسی(ناو) دەکات، لە باسکردنی ئەو بارانەی کە (ناو) ڕەگەز پیشان دەدا، بە کورتی باسی (دۆخی بانگکردن[ت])ی کردووە و تەنها نیشانەکانی ڕەگەزی (نێر و مێ)ی لە زارەکانی کرمانجی (ناوەڕاست[ێ]) و ژووروو) خستۆتەڕوو سەبارەت بە کرمانجی ناوەڕاست نووسیویەتی ( لە زۆر بەی شێوەزارەکانی ناوەڕاستدا لە دۆخی بانگکردن) جیاوازی لە نێوان (نێر و مێ)دا دەکرێ، تەنانەت لە ناو سلێمانیشدا ئەم جیاوازییە بەدی دەکرێ، ئەویش ئەوەیە بە کۆتایی ناوی نێرەوە نیشانەی (ـە)و، بە کۆتایی ناوی( مێ)وە نیشانەی (ێ) دەلکێ)، [ئەورەحمانی حاجی مارف، 1979: 179]، وەك:

- ئەی بابە ئەی نووری نەزەر چەند حەقی تۆم کەوتۆتە سەر.
- کچێ ئاگاداری ئەو منداڵە بە.

هەروەها نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆر جار نیشانەی (ە)ی دۆخی بانگکردن بەبێ جیاوازی بۆ نێرو مێ بەکاردێ، بە پێچەوانەی(ێ)وە کە تەنها بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێ وەك:

- پوورە/ پوورێ بۆ کوێ دەچی؟ [س.پ: 180]. جگە لە باری تاك، نووسەر نیشانەی(ینە) بۆ دۆخی بانگکردنی کۆ بەکارهێناوە، بەبێ جیاوازی لە ڕەگەز:

کوڕینە/کچینە خێرا وەرن. [س.پ: 180].

کوردۆییێف لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی) لە پاڵ باسکردنی دۆخەکانی ناو لە زمانی کوردیدا، باسی دۆخی بانگکردنی کردووە، سەرنجەکانی لە هەندێ ڕووەوە، لە ڕێزماننووسانی پێش خۆی وردترە.

کوردۆییێف کەرستەی باسەکەی دیالێکتی (کرمانجی و سۆرانی)یە واتە هەردوو زاری(ك.ن) و (ك.ژ) باسکردووە، لەگەڵ ئاماژەکردن بە هەندێ شێوەزاری ئەم دوو زارە. سەرەتا نووسەر دەستنیشانی مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردنی کردووە، کە بریتین لە: (ێ- بۆ مێ) و (ۆ- بۆ نێر) لە (ك.ژ)، (ێ- بۆ مێ) و (ـە  بۆ نێر) لە (ك.ن) لە باری کۆدا لە هەردوو دیالێکت ڕەسەنی نێر و مێ نییە [کوردۆییێف، 1984: 77]، وەك:

1- بابە، تۆ کەی ئەچی بۆ شار؟
2- کچە/ کچێ وەرە بخوێنەرەوە.

---

[ت] د.ئەورەحمان، زاراوەی (دۆخی بانگهێشتن)ی بەکارهێناوە.

[ێ] د.ئەورەحمان، دەستەواژەی کرمانجی خوارووی بەکارهێناوە.

3- خوشکە/خوشکێ، ناوی تۆ چییە؟

نووسەر لە هێنانەوەی نموونەکاندا، ئەوەی پیشان داوە مۆرفیمی (ـە) هەندێ جار دەچێتە سەر ناوی مێ، بەڵام نموونەی (کچە)ی ڕستەی دووەم بۆ مەبەستی بانگکردن لە سەر زمان لەنگە، ئەگەر بەو شێوەیە لە شوێنی تر بەکارهات، واتای ناسیاری دەگەیەنێ.

لە باری کۆدا ئەگەر ((بانگکردن بۆ چەند کەسێك بێ ئەوە نیشانەی دۆخەکە بە کۆتایی دوا ناوەوە دەلکێ)) [کوردۆییێف، 1984: 77]، وەك:

- کچ و کورینە، وەرنەماڵەوە.



هاوشان لەگەڵ باسکردنی مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن، نووسەر باسی هەندێ فۆرمی تری کردووە، وەك (لێ، لۆ، وای، وای لۆ، گەلی، ئای)، کە بەشێکیان بۆ نێر بەکاردێ وەك( لۆ)، هەشیانە بۆ مێ بەکاردێ وەك(لێ)، نووسەر هەموو ئەمانەی بە(ئامرازی پەیوەندی) ناوزەد کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە، ئەمانە لە نێو ئاوازی بەرهەمی فۆلکلۆری(ك.ژ) بەکاردێن، بڕوانە [س.پ: 77-78]، وەك:

1- لێ گولیزارێ، لێ کەچێ، لێ ژنێ.

2- لۆ جاسمۆ، لۆ خالۆ، لۆ کوڕۆ.

ئەوەی نووسەر بە تەواوی بۆی چووە، جیاکردنەوەی سەرسوڕمان و بانگکردنە لە یەکتری، هەر بۆیە نووسەر دەڵێ: ((ئامرازی سەرسوڕمان (وای) هەندێ جار بە پێش، ( لۆ) و ( لێ)ەوە دەلکێ، کە ئامرازی بانگکردن و سەرسوڕمانی تێکەڵ دادەڕێژن، کە بە زۆری لە گۆرانی دا بەکاردێ، (وای لێ) و (وای لۆ) شێوەیەکی تری فۆنەتیکی هەیە، کە ( های لێ) و ( های لۆ) یە )) [س.پ: 78]. وەك دەردەکەوێ نووسەر ئەو بارەی دەستنیشان کردووە کە بانگکردن و سەرسوڕمان تێکەڵ دەبن، بەڵام لە دیاریکردنی مۆرفیمی( ئای) بەوەی کە ڕۆڵی بانگکردن دەگێڕێ، سەرکەوتوو نەبووە، چونکە ئەم مۆرفیمە زیاتر بۆ سەرسوڕمان یان ئاگادارکردنەوە بەکاردێ. بڕوانە [س.پ: 78]. لە گەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە هەندێ لە مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن نەکردووە، لەوانە: ئەی، هۆ...، هەر چەندە نووسەر تەنها لە ڕوانگەی دۆخەوە لە بانگکردن دواوە.

کوردۆییێف باسی ڕۆڵێکی تری مۆرفیمەتاکەکانی دۆخی بانگکردنی (ـە، ۆ، ێ)ی کردووە، کەتوانای داڕشتنی ناوی تایبەتییە، وەك (مستەفا) ⟵ مستۆ، ( خدر) ⟵ خلە، (فاتمە) ⟵ فاتێ، فاتە. بڕوانە [س.پ: 79].

پێ دەچێ لە سەرەتادا ئەم ناوانە بە مەبەستی بچووککرابنەوە، دواتر ئەم ناوە بچووککراوانە بوونەتە ناوی تایبەتی کەسانی تر.

ئیبراهیم عەزیز لە کتێبی (ئامراز لە زمانی کوردیدا) باسی چەند جۆرێك ئامرازی کردووە، یەکێك لەوانە ( ئامرازی بانگکردن )ـە، کە جیای کردۆتەوە لە جۆرەکانی تری ئامراز، نووسەر پێی وایە ((ئامرازی بانگکردن لە زمانی ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیدا بریتین لە: ئەی، هۆ، هێ، یا، ۆ، ە، ێ)) [ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، 1377: 3]. بەجیا نموونەی بۆ هەریەکەیان هێناوەتەوە، ئەوەی تێبینی دەکرێ نووسەر وەك زۆرینەی ڕێزماننووسەکانی تر، مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن، کە نیشانەی دۆخی بانگکردن، بە(ئامراز) لە قەڵەم داوە، نووسەر چەند تایبەتییەکی بۆ مۆرفیمی(ئەی) دیاری کردووە، کە(بۆ بانگکردنی کەسی نێر و مێ و تاك و کۆ و بانگکردنی (شت)ی وەك نیشتمان بەکاردێ و هەردەم لە سەرەتای ڕستە دێت) [س.پ: 3-4]، وەك:

- ئەی جەماوەری گەلی کوردمان یەکگرن.
- ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوەتەوە.

لە بارەی مۆرفیمی(هۆ)ەوە دەڵێ: (لەگەڵ ناوی نێر بەکاردێ، دەتوانرێ، لەگەڵ ناوی گشتی(کۆ)ش بەکاربهێنرێت) وەك:

- هۆ ئاسۆ،
- هۆ براینە، ....
- هۆ کچینە، ... [س.پ: 5-6].

لە هێنانەوەی نموونەکاندا نووسەر ئەم مۆرفیمەی لەگەڵ ناوی گشتی مێی(کچ) بەکارهێناوە، کەواتە لە باری کۆدا دروستە ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ناوی مێی گشتی بەکاربێت.

بە هەمان شێوەی دوو مۆرفیمەکەی پێشەوە، نووسەر تایبەتییەکانی مۆرفیمەکانی تری باسکردووە، کە بە کورتی ئەمانەن: (هێ- بۆ مێ و یا- بنچینەکەی کوردی نییە و لەگەڵ ناوی پیرۆز بەکاردێ، ۆ- ە- بۆ نێر، ینە- بۆ کۆی نێرو مێ بەکاردێ، ێ- بۆ مێی تایبەتی و گشتی بەکاردێ) [س.پ: 6-9]. ئەو تایبەتییە زەقەی مۆرفیمەکان کە نووسەر ئاماژەی بۆ نەکردووە، شوێنی بەکارهێنانیانە لەڕووی دوور و نزیکییەوە و... ڕوون نەکردنەوەی کردەکە بەگشتی و پێناسەنەکردنی شێوازی بانگکردنە، چونکە کارەکە تایبەتە بە (ئامراز).

ڕەفیق شوانی لە کتێبی (چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی) لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی (دیاری کردنی ئامراز لە زمانی کوردیدا) خستۆتە ڕوو، تیایدا جگە لە پێناسەی ئامراز، بەگشتی ئامرازی لە ڕووی بوونەوە دابەشکردووەتە سەر، ئامرازی بەستنەوە و

ئامرازی نیاز و مەبەست. نووسەر جۆرەکانی ئامرازی (نیاز و مەبەست)ی لێکجیاکردۆتەوە و بەشێك لە تایبەتییەکانیان خستۆتەڕوو. بڕوانە [ڕەفیق شوانی، 2001: 176].

لە بارەی مۆرفیمی بانگکرد نەوە نوو سەر دە ڵێ: (( ئەو ئامرازا نەن کە بە هۆیا نەوە کردەی بانگکردن ئەنجام دەدرێ)) [س.پ: 183]، ئەم پێنا سەیە وە کو پێنا سەکانی پێشتر، زۆر وردنیە یە، چونکە مەرج نیە یە هەموو کردە یەکی بانگکردن بەهۆی مۆرفیە مەکانی بانگکردنەوە ئەنجام بدرێ، بۆیە ئەگەر بگوترایە ( ئەو مۆرفیما نەن کە زۆر جار بەهۆیا نەوە کردەی بانگکردن ئەنجام دەدرێ یان هاوکاری ئەنجامدانی کردەکە دەکەن) باشتر بوو.

لێکۆ ڵەر مۆرفیە مەکانی بانگکردنی بە پ ێی بووذ یان کردووە بە دوو بە شەوە: ((1- بەشێکیان بەشێوەی وشەی تەواو و وا تادارن(Free Morpheme)، وەك: ( هۆ، هۆو، ئەرێ، ئەێ، هێی، هێ، هەی، دەی، یا).

2- بەشی دووەمیان بەشێوەی ئامرازی بێ واتان(Bound Particle)، وەك: (ە، ۆ) بۆ تاکی نێر و (ێ) بۆ مێ و (ینە) بۆ کۆی نێر و مێ)). [س.پ: 183-184]. جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە مۆرفیە مە لە ج ێی خۆیدا یە، بەڵام چاکتربوو پۆلێنە کە لە ڕووی وا تاوە نەبووا یە، چونکە وەك دەردەکەوێ هەردوو جۆرەکە بێ واتان، کاتێ دەچنە ڕستەوە وا تادار دە بن، وا تە مۆرفیە مە سەربەخۆکان مۆرفیمی ئەرکین نەك لێک سیکی و بە ندەکانیش زۆر بەی کات مۆرفیمی ڕێزمانین و نیشانەی دۆخی بانگکردن.

لە بارەی چۆنیەتی کارکردنی مۆرفیمەکا نەوە نوو سەر دە ڵێ: ((ئە گەر و شە بانگکراوەکە بە بزوێن کۆتایی بێت ئەوا بزوێنی و شەکە خۆی دەبێ تە ئامرازی بانگکردن و ئامرازی بانگکردنە کە لە ناو بزوێنی و شەکەدا دەتوێ تەوە، وەك: برا، مامۆ ستا...)) [س.پ: 184]. دەستنیـ شانکردنی ئەم بارە درو ستە، بەڵام ئە مە ئەوە ناگە یەنێ کە فۆنیـ مە بزوێنەکەی کۆتایی وشەکە ببێتە مۆرفیمی بانگکردن!، چونکە دوای لەناو چوونی مۆرفیمی بەندی بانگکردن، ئاوازە ڕۆڵی سەرەکی دەبیـ نێ لە ئەنجا مدانی کردە کە، نوو سەر پ ێی وا یە هەندێ مۆرفیمی تر ئەرکی بانگکردن دەبیـ نێت لە هە ندێ باری تایبەتـ یدا وەك: ( ئامرازە لێ کدەرەکانی ((ە، ێ، ی)) و ((ە کە)) ی نا سیاری) وەك پیرەمـ ێرد، پیر ێژن، برای من، ... پیاوەکە، بۆ کوێ دەچی؟) [س.پ: 184]. درێژکردنەوەی ئەم مۆرفیما نە لە کاتی ئا خاوتن، ڕەنـ گە وای کرد بێ نوو سەر ئەم بڕ یارە بدات، لەم کارەدا نوو سەر چەند جارێکی تر مۆرفیمەکانی بانگکردنی دابەش کردووە، بۆ سادە و نا سادە و ئەوا نەی بۆ مرۆڤ بەکاردێن و ئەوانەی بۆ ئاژەڵ بەکاردێن، جگە لەمانە هەندێ لە تایبەتییەکانی مۆرفیمەکانی بانگکردنی

خستۆتەڕوو، وەك ئەوەی لەگەڵ ڕستەی فرماندار بەکاردێن یاخود دەوری فرمان دەبینن بۆ گیانلەبەر بەکاردێن و واتادار و بێ واتان، بڕوانە [ڕەفیق شوانی، 2001: 185-186].

زەرێ یوسوپۆڤا نووسەر لە کارە ڕێزمانییەکەی دا لە( شێوەی سلێمانی زمانی کوردی) دواوە، لەم کتێبەدا دووجار بە کورتی باسی بانگکردنی کردووە، جاری یەکەم نیشانەکانی بانگکردنی خستۆتەڕوو کە بریتین لە ((پاشگری (- ـە / - یە) بۆ تاکی نێر، (ێ) بۆ تاکی مێ، (ینە) بۆ ناوی کۆ وەك:

- خاڵە، ماندوونەبی.
- پورێ، پەنجەرەکە دابخە.
- دەی جەنگاوەرینە وەرنە مەیدان)). [زەرێ یوسوپۆڤا، 2005: 49]. نووسەر ئاماژەی بە چەند بارێك کردووە، کە ئەم مۆرفیمانەی تیادا دەرنا کەوێ وەك (کاتێ ناوی بانگکراو دیارخەری لەگەڵ بێ وەك (کوڕم)، یان ناوی کەسی بێ، بەڵام ئەو وشانەی دەکەونە پێش ناوە کەسییەکە نیشانەکە وەردەگرن، وەك (کاکە) [س.پ: 49-50]. لە باسکردنی دووەمدا نووسەر لە ژێر ناوی (تیپی بانگکردن) ویستویەتی لە مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن بدوێ، بەڵام لەم باسکردنەی سەرکەوتوو نەبووە، چونکە ئەو مۆرفیمانەی نووسەر باسی کردوون، هیچیان بۆ بانگکردن ناشێن، لەوانە (ئۆخەی، بەهە، پەح، پەکوو، حەی...) بڕوانە [س.پ: 167].

# بەشی دووەم

## چەمك و زاراوە و بوارە جیاوازەكانی بانگكردن و مۆرفیمەكانی

## 2-1- زاراوەی بانگکردن:

زاراوەی "بانگکردن" لە (قاموسی زمانی کوردی)دا بە واتای ((بە دەنگی بەرز ناوی کەسێ هێنان و داوایەك لێکردنی)) هاتووە [عبدالرحمن محمدامین زەبیحی، 1979: 56]. ڕەگی زاراوەکە لە (بانگ)ەوە هاتووە.

لەم توێژینەوە یەدا زاراوەی ( بانگکردن) ڕوو بەڕێکی فراوانتر لەوەی لە فەرهەنگدا هاتووە، لەخۆدەگرێ، چونکە تێکەڵ بە دەورو بەر دەبێ. هەندێ زمانەوانان(تڕ)، بۆ کردەی بانگکردن زاراوەی (بانگهێشتن)یان بەکارهێناوە، وەك دەردەکەوێ ئەم زاراوە یە زیاتر بۆ داوەتکردنی فەرمی بەکاردێ، کە بەرامبەر زاراوەی (Invitation)ی ئینگلیزی دەوەستێ، بۆیە زاراوەکە ناتوانێ ئەو ڕووبەرە فراوانە لەخۆبگرێ کە زاراوەی ( بانگکردن) دایپۆشیوە، چونکە (بانگکردن) دەتوانێ زۆربەی ئەو زاراوانەی لە چەمك و مەبەستەکانی بانگکردنی ڕاستەقینە و خوازەیی بەکارهاتوون لەخۆ بگرێ.

## 2-2- پێناسەی بانگکردن:

بانگکردن، ئەگەر وەکو دۆخێکی ڕێزمانی لە هەندێ زمانا بوونی نەمابێ یاخود بەرەو لەناوچوون ڕۆیشتبێ، بەڵام وەکو کردەیەکی زمانیی و دووبارە بووەوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و دەقە ئەدەبیەکاندا لە زۆربەی زمانەکاندا بەرچاو دەکەوێ. لەم ڕووەوە زمانەوانان سەرنجی خۆیان لە بارەی (بانگکردن)ەوە خستۆتەڕوو، بەڵام بەهۆی تێکەڵ بوونی بابەتەکە بە بوارەکانی ڕێزمان و کۆمەڵ و باری دەروونیتاکەوە، تێڕوانینەکان لە گۆشەنیگای جیاوازەوەیە.

(هۆکێت- Hockeet) لە ڕووی ڕستەسازییەوە، دەڕوانێتە بانگکردن و سەربەخۆییەکی تەواوی پێ دەدات و دەڵێ: (بانگکردن بریتییە لە جۆرێکی لاوەکی ڕستە لە بکەرێك پێکدێت) [Hockeett, 1958: 200] بە پێی ئەم پێناسەیە، هەر ڕستەیەك بانگکردنی تێدابێ، لە ڕستەیەکی سەرەکی و یەکی لاوەکی پێکدێت، ناوی بانگکراو لە ڕستە لاوەکیەکەدا ئەرکی بکەر دەبینێ.

(سلێد- Sledd) دەڵێ (بانگکردن) (شێوەیەکی دواندنی ڕاستەوخۆیە، بەشە ئاخاوتنی ناو دەنوێنێ، بە تایبەتی ناوی تایبەتی، پێکهاتەیەکی سەربەخۆی هەیە و بەشێك نییە لە (ف.ن)و (ف.ك)ی ڕستەکە، بە ئاوازێکی تایبەت گۆ دەکرێ جیایە لە ئاوازی ڕستەکەی دوای

(تڕ) بڕوانە بەشی یەکەم: تێڕوانینی زمانەوانان لەبارەی شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، ل 36.

خۆی) [Sledd, 1959: 146] لەم پێناسەیەدا جەخت لەسەر سەربەخۆی ناوی بانگکراو کراوە.

(لاینز- Lyons) دە ڵێ ( بانگکردن) ( بارێکی دواند نە، ڕۆڵ و بە شداری هە یە لە ڕەنگدا نەوەی پا یەی کۆمەڵا یەتی) [Lyons, 1977: 11] وا تە پێنا سەکە لە ڕوانگەی ئەرکی کۆمەڵایەتیەوە دەڕوانێتە کردەکە، کە زۆرجار دەتوانرێ پا یەی کۆمەڵا یەتی قسەکەر و گوێگری پێ دیاری بکرێ، لە ز مانی کوردیشدا، زاراوەی جیا جیا لەم بوارە بەکاردێ، کە بەشێکیان بۆ پیشاندانی پایەی کۆمەڵایەتی بەرز بەکاردێن، وەك گەورەم، خانم...، هەشیانە لە پایەی کۆمەڵایەتی تاك دێننە خوارەوە.

لای (پاڵمەر- Palmer) ( بانگکردن دۆخێکی ڕێزمانیە، بۆ سەرنج ڕاکێشان و ئاگادارکردنەوەی گوێگر بەکاردێ، بەهۆی هەندێ دەستەواژەی تایبەتەوە کاری پەیوەندی کردنەکە ئەنجام دەدرێ) [Palmer, 1972: 108] ئەوەی ئەم پێناسەیە لە پێناسەکانی پێشتر جیادەکاتەوە، جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەرکی سەرەکی بانگکردن، کە بریتییە لە سەرنج ڕاکێشان و ئاگادارکردنەوەی گوێگر.

(کویرك- Quirk و گرینباوم- Greenbaum) پێناسەی بانگکردن دەکەن و دەڵێن: (ڕەگەزێکی ڕووکەشی زیادکراوی بە ئارەزوویە، دەدرێتە پاڵ ڕستە یان پارستە، ئاراستەی کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراو دەکرێ، گوێگر درك بەوە دەکا کە پەیامەکە بۆ ئەوە یان نا) [Quirk. & Greenbaum, 1995: 182]. لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆری بانگکردنەکان بە تایبەتی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، ئاراستەی کەسانی دیاریکراو دەکرێن، بەڵام هەندێ جار ئەم ڕێسایە بۆ مەبەستی ڕەوانبێژی تێکدەشکێنرێ و مەرج نییە هەمووکات بانگکردن بە ئارەزووبێ، بە تایبەتی لە دەقدا.

(لیچ- Leech و سڤارتڤیك- Svartvik) لە ناساندنی بانگکرددا دەڵێن: ( بۆ ئاگاداکردنەوەی یەکێك بەکاردێ، هەروەها دەتوانرێ بەکاربهێنرێ بۆ پیشاندانی پەیوەندی قسەکەر بە گوێگرەوە، بەهۆی بەکارهاتنی فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، کە پایەی کۆمەڵایەتی پیشاندەدەن) [Leech & Svartvik, 1996: 176] پێناسەکە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی سەرەکی بانگکردن کە ئاگادارکردنەوەیە، ئەرکی بانگکردن لە شێوازی ئاخاوتنی فەرمی و نا فەرمی دا لەبەر چاودەگرێ، کە بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکەر و گوێگر دیاری دەکرێن.

(کریستاڵ- Crystal)و (تراسك- Trask) بە جیا داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە ( بانگکردن وەکو فرێزێکی ناوی بۆ ناونیشانی کەسێ بەکاردێ، لە دەر بڕینی دەستوری

پەیوەندی کردنی بانگکردندا گۆڕانی چینی دەنگ ئەرکەکە جێبەجێ دەکا و لە بەشێك لە زمانەکاندا وەکو دۆخێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ، لە پاڵ دۆخەکانی تردا) .[Trask, 1993: 299] & [Crystal, 2003: 494]

لە (ڕێزمانی عەرەبی)دا گەلێ پێناسە بۆ بانگکردن، کراوە، یەکێ لەمانە: ( بانگکردن: بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی بانگکراو بۆ ئەوەی گوێت لێ بگرێ یان بەرەو لات بێ، واتە داوایەکە ئاراستەی بانگکراو دەکرێ بە بەکارهێنانی یەکێ لەو مۆرفیمانەی تایبەتن بەم مەبەستە) [کریم حسین، 2006: 406].

لە ئەنجامی وردبوونەوە لە تێڕوانینەکانی پێشتر، دەردەکەوێت بانگکردن بریتییە لە ورياکردنەوەی (وەرگر) لە لایەن (نێرەر)ەوە، بە مەبەستی ئاراستەکردنی داوایەك یان ئامادەکردنی(وەرگر) بۆ گوێگرتن لە زانیارییەك، جا ئەم زانیارییە داوا بێ یان فەرمان یان دەربڕینی هەر مەبەستێك بێت لە مەبەستەکانی بانگکردن. لە ئەنجامدانی ئەم کردەیەشدا (مۆرفیمەکانی بانگکردن)و ( ئاواز) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، بەکارهێنان و هەڵبژاردنی فۆرمەکانی بانگکردنیش پەیوەندییەکی پتەویان بە جۆری پەیوەندی نێوان (نێرەر)و (وەرگر) هەیە لە ڕووی پایەی کۆمەڵایەتی و باری دەروونییەوە، کە بە ڕەچاوکردنی ئەم لایەنانە پەیامەکە کاریگەرتر دەبێ.

## 2-3- مرۆفیمەکانی بانگکردن و سیماکانیان:

مۆرفیمەکانی بانگکردن ئەو مۆرفیمانەن کە بەهۆیانەوە کردەی بانگکردن ئەنجام دەدرێ، [ڕەفیق شوانی، 2001: 183] یاخود هاوکاری ئەنجامدانی کردەکە دەکەن، لە زمانی کوردیدا دابەش دەبنە سەر دوو جۆر:

### 2-3-1- مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن:

ئەمانە سەر بە وشە ئەرکییەکانن و بە سەربەخۆیی کاردەکەن، نابنە سەر هیچ مۆرفیمێکی تر(تر). ئەوەی ئەمانە جیادەکاتەوە لە وشە ئەرکییەکانی تری وەك (بە، لە، بۆ... تاد)، ئەوەیە کە مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر باری ڕێزمانی وشەکەی دوای خۆیان نییە.

ئەمانەی خوارەوە مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردنن لە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا:

---

(تر) بڕوانە: بەشی یەکەم، جۆرەکانی مۆرفیم، وشەی ئەرکی: ل 11.

**یەکەم/ ئەی:** یەکێکە لەو مۆرفیمە سەربەخۆیانەی بانگکردن، کە لە لایەن بە شی زۆری ئەو ڕێز مان نوو سانەی لەم بوارەدا کار یان کردووە، خراوە تەڕوو[1]، کە وەك مۆرفیمێکی بانگکردن، یارمەتی کردەی ئاگادارکردنەوە دەدات و خاوەن چەند سیمایەکە، لەوانە:

1- هەردەم دەکەوێتە پێش ناوی بانگکراو، [ئبیراهیم عزیز ئیبراهیم، 1347: 4].

2- بەزۆری لەگەڵ ناوی بانگکراوی گشتیی تاك و کۆ، گیاندار و بێ گیان بەکاردێ، وەك:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە. [بێکەس، ل15].

گرنگترین سیماکانی (ن.بانگکراو)ی (وەتەن)، ئەمانەیە: □ + بێ گیان + گشتی + تاك □[2]

3- لەگەڵ گەلێ لە مەبەستەکانی بانگکردن بەکاردێ، وەکو:

دوعاکردن: ئەی خودای گەورە، کوڕەکەم لە ئێش و ئازار ڕزگار بکەی[کاولاش، ل50]،

هاندان: ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان، ئێوە ڕەمزی خۆڕاگرین،

هاوارکردن: ئەی هاوار خەڵکینە، فریامان کەون.

بەڵام بە مەبە ستی ڕا ستەقینەی بانگکردن کەم بەکاردێت و بگرە پێوی ست بە بە کارهێنانی ناکات واتە ناگوترێ؛

- ئەی ئازاد، وەرە*.

4- بەزۆری بۆ بانگکردنی نزیك بەکاردێ. [جگەرخوێن، 1961: 88].

5- لە ڕووی ڕەگەزەوە ئەم مۆرفیمە، جیاوازی ناکات لە هەڵبژاردنی ناوی نێر یان مێ یان بێ لایەن... [ئیبراهیم عەزیز ئبیراهیم، 1347: 3]. وەك:

- قژ کاڵی لێو ئاڵی پڕشنگی نیگا کاڵ.

ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ [گۆران، ل45].

ن.با.مێ

- ئەی کاکەی شوان ئیجگار دەروون زووخاڵم.

چاوەڕێی دەنگێکی بەرزی شمشاڵم [نوری علی امین، 1960: 212] کاکەی شوان: ن.با.نێر.

---

[1] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ- ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم، 1347: 3.

ب- ڕەفیق شوانی، 2001: 183.

ج- لێژنەی زمان، 1976: 429.

د- تەوفیق وەهبی، 1929: 49.

هـ- نوری علی امین، 1956: 74.

[2] بڕوانە: بەشی سێیەم، سیما و شێوەکانی ناوی بانگکراو: ل77.

6- له ئاخاوتن بەکارهێنانی کەمترە بە بەراورد لەگەڵ زمانی شیعر، چونکە مۆرفیمی( ئەی) زیاتر بە مەبەستی بەکارهێنانی ڕەوانبێژی بەکاردێ.

7- له شیعردا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دەربڕینی هەستی شاعیر و ڕاگرتنی پایەکانی کێش و سەروای ناوەوەی شیعرەکە، بۆیە کرتانی لە شێوازی ئاخاوتن کارێکی ئاساییە، بەڵام لە زمانی شیعردا ناتوانرێ بە ئاسانی لابرێ، هەروەك لەم نموونانەدا ئەم ڕاستییە بەدی دەکرێ:

- ئەی مامۆستایانی بەڕێز ئێوە پێشەوای گەلن.

- Ø مامۆستایانی بەڕێز ئێوە پێشەوای گەلن. (ئاخاوتنی ئاسایی).

- ئەی کۆشك و سەرای باغی بەهەشت مەیلی ثەوابت.

ئەی ئاگری دۆزەخ شەرارەی خەشمی گوناهت [گۆران، ل65].

8- جگە لە مەبەستی بانگکردن، مۆرفیمی( ئەی) هە ندێ جار یار مەتی ئەنجا مدانی کردەی سەرسوڕمان دەدات وەك:

- ئەی لەو گوڵە جوانە!

لێرەدا مۆرفیمی( ئەی) پێ دە چێ لە بنەڕە تدا(ئای)بووبێ و بۆ سوککردن و ئا سان دەبڕیین، بە یاسای گۆڕانی فۆنۆلۆجی[1] گۆڕاوە بۆ [ـە]، وا تە مەرج نیـیە لە هەر شوێنی مۆرفیمی ( ئەی)مان بەر چاوکەوت، مۆرفیمی بانگکردن بێ و بۆ یەکێ لە مەبە ستەکانی بانگکردن بەکارهاتبێ.

**دووەم/ مۆرفیمی(هۆ)و ئەلۆمۆرفەکانی کە ئەمانەن (هۆو، هۆهۆ، هۆی).**

گرنگترین سیماکانی ئەم مۆرفیمە:

1- ئەم مۆرفیمە کاتێ بەکاردێ کە دوورییەکی دیاریکراو لە نێوان(نێرەر)و (وەرگر) هەبێت، بە پێی ماوەی ئەم دوورییەش نێرەر یەکێ لە ئەلۆمۆرفەکانی ئەم مۆرفیمە بەکاردێنێ.

- هۆو قادر ئاوەکەم بۆ بەردەوە. (بۆ دوور)

- هۆ کابرا هۆو، ولاغەکە لە دەغڵەکە دەرکە. (بۆ دوورتر). [لێژنەی زمان، 1976: 434].

2- ئەرکی سەرەکی ئەم مۆرفیـ مە ئا سانکردنی کردەی بانگکردن و با شتر گەیا ندنی پەیامەکە یە لە نـێرەرەوە بۆ وەر گر، بۆ یە لە سەرەتا و نـێوان و کۆ تایی ناوی بانگکراو بەکاردێ، وەك:

- هۆ مەلا هۆ، ڕاوەستە... [طلعت سامان، درامای کەوەکانی قەرەچووغ].

- هۆ خونچە، زووکە هیوا بەرەو ژوورەوە. [عبدالله سەراج، ل40].

- گوڵە هۆ گوڵە... [س.پ، ل101].

- خەجە هۆ خەجێ ... ئەوە مردووی؟ [عبدالله سەراج ، ل125].

هە ندێ جار ( هۆ) لە کۆ تایی ڕ ستەی بانگکردن بەکاردێ، وا تە ناوی بانگکراو لە سەرەتای ڕستەکە دێت و مۆرفیمە سەربەخۆکە لە کۆتایی ڕستە دێت وەك:

(کوڕە ئەم دارە نەشکێنیت هۆ). [لێژنەی زمان، 1976: 434].

3- ئەم مۆرفیـ مە بۆ چەند مەبە ستێکی بانگکردن بەکاردێ وەك ئاگادارکرد نەوە، هەڕەشەکردن، لاواندنەوە...،

- هۆی کوڕە لەگەڵ تۆمە، زمانت بگرە. (هەڕەشە - ئاگادارکردنەوە).

4- مۆرفیمە کە ز یاتر لە ئا خاوتنی ئا سایی بەکاردێت، نەك ز مانی شیعر(تێ)، نموو نەکانی پێشتر، سەرجەمیان لە زمانی ئاخاوتن وەرگیراون بەڵام ئە مەی خوارەوە د ێرە هۆنراوە یەکی (گۆران)ـە، کە باس لە بابەتێکی فۆلکلۆری دەکات و دەڵێت:

- هۆ شوانی بەختیار: تێ خوڕە. درەنگە،

بێ شمشاڵ لە دەشتیش وەکو ماڵ دڵ تەنگە. [گۆران، ل52].

5- لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە ئەم مۆرفیمە زیاتر لە دەرەوەی شارەکان، وا تە لە پێدە شت و ناو چە شاخاوییەکان بەکارهێنانی هە یە، چونکە یار مەتی بەردەوام بوونی ئارا ستەی شەپۆلەکانی دەنگ دەدات، کە بەهۆیەوە دەتوانرێ ماوەیەکی دوورتر ببڕن، یان بە شێوەیەکی تر دە توانین ب ڵێین بەکارهێنانی ز یاتری ئەم مۆرفیـ مە لەم ناو چانە بە پ لەی یە کەم دەگەڕێتەوە بۆ دووری شوێنی کارکردنی کەسەکان لە یەکتر، لە پاڵ بە ه ێزی پەیوەندیـ یە کۆمەڵایەتییەکان.

6- ئەم مۆرفیـ مە لە هەڵبژاردنی ڕە گەزدا بێ لایە نە، لە گەڵ ناوی بێ گ یان بەکارهێنانی کەمە.

- هۆ هۆ کوڕم شێرکۆ هۆ... [محەمەد مەولود-مەم-، ل11].

- دایە هۆ دایە گیان بۆچی هەر من و تۆین... [محەمەد مەولود-مەم-، ل84].

- هۆ کافرەکان هۆ موڕتەدەکان... خزمەتکارەکانی ئینگلیسی کافر... [س.پ، ل265].

**سێیەم/ مۆرفیمی (ئەرێ):**

بۆ دیاریکردنی سیماکانی ئەم مۆرفیمە، سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

1- ئەرێ پایز، ئەرێ باران.

(تێ) ئەم ئەنجامە دوای لێکۆڵینەوە لە چەند دیوانە شیعرێك بووە، لەوانە دیوانی گۆران، دیوانی بێکەس....

بۆ قارت گرت لە کوردستان؟ [نوری علی امین، 1960: 212].

2- ئەرێ درەختەکانت ئاودا؟

3- ئەرێ بۆچی ناخوێنیت؟

4- ئەرێ ئەی کوردستان، کوردستانی جوان.

5- ئەرێ دەبا بەس بێت.

6- ئەرێ دەوەرە لام.

7- ئەرێ خۆ تۆ گەورەی من نیت؟ [لیژنەی زمان، 1976: 428].

8- ئەرێ گوڵە، دارجگەرە کەونەکەم دیار نییە؟ [عبدالله سەراج، ل100].

9- ئەرێ برا، ماڵی ئاری لە کوێییە؟.

10- ئەرێ کچێ من چیم بەتۆ وت

11- ئەرێ هۆ ڕاوچی، ڕاوەکەت خۆشە (فۆلکلۆر).

دوای ووردبوونەوە لەم چەند ڕستەیە دەتوانین، چەند تایبەتمەندییەکی ئەم مۆرفیمە دیاری بکەین کە ئەمانەن(*):

1- بە زۆری لەگەڵ ڕستەی پرس بەکاردێ، وەك لە ڕستەکانی (1، 2، 3، 7، 8، 9)، دەشێ لەگەڵ ڕستەی داخوازیش بەکاربێ وەك ڕستەکانی (5، 6)، هەندێ جاریش لەگەڵ ڕستەی هەوڵدان بەکاردێ وەك ڕستەی(11).

2- گەلێ جار ناوی بانگکراو لەگەڵ ئەم مۆرفیمە دەکرتێندرێ وەك ڕستەکانی (2، 3، 5، 6). لەم ڕستانەدا، ناوی بانگکراو ناوێکی تایبەتییە و کرتێندراوە، بەجێناوی لکاو ئاماژەی پێکراوە.

3- لە گۆڕینەوەی پەیامدا، ماوەی نێوان نێرەر و وەرگر نزیکە.

4- لەگەڵ کاری ئەرێ و نەرێ دا بەکاردێ، وەك ڕستەی (2)بۆ ئەرێ و ڕستەی(3)بۆ نەرێ.

5- لەڕووی هەڵبژاردنی ڕەگەزی ناوی بانگکراوەوە، مۆرفیمەکە بێ لایەنە، جیاوازی پیشان نادات، وەك لە ڕستەکانی (8 و 10) بۆ مێ و لە ڕستەی (9) بۆ نێر لە ڕستەکانی تریش، ناوی بانگکراو ڕەگەزەکەی دیار نییە و بێ لایەنن.

6- بۆ گەلێ لە مەبەستەکانی بانگکردن بەکاردێ، لەوانە: بانگکردن لە ڕستەی(6)، ئاگادارکردنەوە لە ڕستەی(2، 5، 9) هەڕەشەکردن لە ڕستەی (7، 10).

7- هەندێ جار لەگەڵ مۆرفیمی بانگکردنی تر بەکاردێ وەك ڕستەکانی (4، 11). ئەرێ ئەی، ئەرێ هۆ.

---

(*) بۆ دارشتنی ئەم تایبەتمەندیانە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە [لیژنەی زمان، 1976: 428].

8- جگە لە بەکارهێنانی لەگەڵ ناوی مرۆڤ، لەگەڵ ناوی شتی بێ گیانیش بەکاردێ وەك پایز، باران، کوردستان، کە لەم بارەدا زیاتر بۆ مەبەستی ڕەوانبێژی بەکاردێ وەك لە ڕستەکانی (1، 4)دا دەبینرێ.

**چوارەم/ مۆرفیمی (هێ):**

ئەم مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا، هەڵگری چەند سیمایەکە، لەوانە:

1- بەکارهێنانی کەمە و زیاتر لەگەڵ ناوی ( مێ)دا بەکاردێ [ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم، 1347: 4]، دەشێ هەندێ جار لەگەڵ ناوی نێریش بەکاربهێنرێ وەك:

- هێی کوڕە، لەگەڵ تۆمە.

2- کاتێ لەگەڵ ناوی مێی گشتی بەکاردێ، ناوەکە مۆرفیمی بەندی بانگکردنی(ێ) وەردەگرێ [س.پ: 4].

هێی کچێ، .....

هێی خوشکێ، ....

3- لە ئەنجامدانی کردەی بانگکردن بەهۆی ئەم مۆرفیمەوە، بە کەمی(ڕێز) بەدی دەکرێ، چونکە هاوشانی لە پایەی کۆمەڵایەتی نێوان نێرەر و وەرگر زۆر جار جیاوازە، بۆیە بەکارهێنانی کەمە.

4- لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاردێ و لە زمانی شیعردا بەرچاو ناکەوێ.

5- ئەم مۆرفیمە زیاتر لە بوارەکانی ئاگادارکردنەوە و هەڕەشەکردن و سوککردن بەکاردێ، وەك:

- هێی شەلە، بۆ کوێ دەچی؟ (سوککردن).

- هێی کوڕە، پێت دەڵێم بێدەنگ بە؟ (هەڕەشکردن).

**پێنجەم/ مۆرفیمی (یا):**

گرنگترین سیماکانی ئەمانەن:

1- بۆ نزیك بەکاردێ [جگەرخوێن، 1961: 89].

2- لەوانەیە لە عەرەبیەوە وەرگیرابێت. [لێژنەی زمان، 1976: 437].

3- بەزۆری لەگەڵ ئەو ناوانە بەکاردێ، کە چەمکی ئاینییان هەڵگرتووە، [س.پ: 437]، وەك:

- یائەڵڵا، یاپێغەمبەر، یاکاك ئەحمەدی شێخ، یاعەلی....

4- لەگەڵ شێوازی دوعاکردن بەکاردێ، وەك: یاڕەبی خوا لێت خۆشبێ.

5- له شێوەزاری کۆیەدا ئافرەتان بۆ بانگکردن و ئاگادارکرد نەوەو دوا ندنی یەکترو ڕێزلێ نان بەکاری دەهێنن، وەك یافاتم، یاخاتوون. بەرامبەر(خان)ـە، فاتمەخان.

6- بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمە(ڕێز)ی لەگەڵدا یە، بە گ شتی پا یەی کۆمەڵا یەتی (وەر گر) بەرزترە لە (نێرەر) یان هاوشانن.

هە ندێ زما نەوانان ناوی چەند مۆرفیمێکی تری سەربەخۆی بانگکردن دەهێنن، یەکێك لەوا نە مۆرفیمی( هەی)[ت] ـە، ن کۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەم مۆرفیمە، بەم فۆر مە بەکارهێنانی هە یە لە ز مانی کورد یدا، بەڵام وەك دەردە کەوێ کە مۆرفیمی( ئەی)و مۆرفیمی( هەی) ئەلۆمۆرفی یەکترن و لە زۆر بەی بارەکا ندا دە توانرێ لە شوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن، بڕوانە ئەم نموونانە:

- هەی هاوار خۆ کافرستانی نییە. [محەمەد مەولود-مەم-، ل18].
- ئەی هاوار خۆ کافرستانی نییە، (ناوی بانگکراو لەم نموونەیە کرتێندراوە).
- هەی ئاغەو ئاغەو ئاغە.

بۆم تێبکە جەرگم داغە (فۆلکلۆر) [س.پ، ل56].

## 2-3-2- مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن:

بریتین لە (ـە/ۆ بۆ تاکی نێر) و (ێ بۆ تاکی مێ) (ین + ـە بۆ کۆی نێر و مێ)، ئەمانە نیشانەکانی دۆخی بانگکردنن[پ]، کە هەڵگری چەندان تایبەتمە ندین، بە شێك لە تایبەتمەندییەکان گشتین و لە هەموو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی زمان بەرچاو دە کەون، وەك ئەوەی کە دە گوترێ ژمارە یەکی د یاری کراون و کۆمەڵە یەکی نیم چە دا خراو پێکدێنن[ج]. هەندێ جار ئەم مۆرفیمانە بەهۆی زۆر دووبارە بوو نەوە لە ئا خاوتن دا توا نای داڕ شتنی ناوی تای بەتییان هە یە، وا تە وەك گیرە کی و شە داڕ ێژ کار دە کەن، بەڵام توا نای گۆڕینی پۆلی وشەکەیان نییە[چ].

جگە لەم بارانە چەند سیمایەکی تریان تێدا بەدی دەکرێ، لەوانە:

1- ئەگەر ناوی بانگکراوی گشتی کۆتایی بە دەنگی بزوێن بێت، مۆرفیمی (ـە)ی بانگکردن، دەرنا کەوێت، ئەو کات (ن ێرەر) دەتوا نێ سوود لە بزوێنی ناوە کە ببی نێ بۆ گەیا ندنی پەیامەکەی بە باشی و بە پێی مەبەست بزوێنەکە درێژبکاتەوە، وەك:

---

[ت] بڕوانە: ڕەفیق شوانی، 2001: 183.

[پ] بڕوانە: بەشی یەکەم، دۆخی بانگکردن، ل25 .

[ج] بڕوانە: بەشی یەکەم، جۆرەکانی مۆرفیم، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی، ل12 .

[چ] بڕوانە: بەشی یەکەم، دۆخی بانگکردن، ل25.

- کابرا، ڕێگاکەم نیشان دە. [لیژنەی زمان، 1976: 430].
- مامۆستا، بەیارمەتیت وانەکەمان بۆ دووبارەکەوە.
2- ئەگەر جێناوی لکاوی(م)ی کەسی یەکەمی خاوەنێتی بووە دیارخەری ناوی بانگکراو، ئەو کات مۆرفیمی (ە) تیادەچێ، وەك:
- کوڕم، ئەمە ئیشی تۆ نییە. [س.پ، 430].

جگە لە جێناوی لکاو، ئەگەر کەرستەکانی تری وەك جێناوی خۆیی و ئاوەڵناویش ببنە دیارخەری ناوی بانگراو، ئەوا مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن تیادەچن.

3- گەلێ جار مۆرفیمی (ـە) کە لەگەڵ ناوی (کوڕ) دێت بە یاسایەکی فۆنۆلۆژی [ڕ]ی قەڵەو دەگۆڕێ بۆ[ر]ی سوك.
کوڕە ← کورە

لەم بارەدا توندییەك بەدی دەکرێ و زیاتر بۆ ئاگادارکردنەوە و سوککردن و لەبەر چاو نەگرتنی ڕێزی بەرامبەر بەکاردێ. هەمان واتا تاڕادەیەك لە وشەی(کچ + ێ) دەبینرێ، بەڵام ئەم واتایە کەمتر لە مۆرفیمی(ۆ) بەدی دەکرێ.
- بابۆ، وانەکەت باش ئامادەبکە.
4- مۆرفیمی (ێ) هەردەم بۆ مێ و (ۆ) هەردەم بۆ نێر بەکاردێ، مۆرفیمی (ـە) هەرچەند ڕەگەزی (نێر) دەنوێنێ، بەڵام هەندێ جار لەگەڵ ڕەگەزی (مێ)ش دەرکەوتنی هەیە، وەك:
- پوورە/ پووری، بۆ کوێ دەچی؟
- کورە، وەرە بخوێنە. [ئەورەحمانی حاجی مارف، 1979: 180].
5- مۆرفیمەکانی (ێ) و (ـە) هەردەم لەگەڵ ناوی تاك دەردەکەون، بەڵام مۆرفیمی (ۆ) هەندێ جار لەگەڵ ناوی کۆمەڵ بەکاردێ، وەك:
- گەلۆ، لە خەبات بەردەوام بن.

جگە لەم مۆرفیمە بەندانەی بانگکردن، هەندێ مۆرفیمی بەندی تر هەن، کە ئەرکی سەرەکییان بانگکردن نییە، بەڵام هەندێ جار بەشداری ئەنجامدانی کردەکە دەکەن، لەوانە، مۆرفیمی (ەکە)ی ناسیاری کە (بە کۆتایی ناوی بانگکراوە دەلکێندرێ، بۆ نەزاکەت و دۆستی و پاڕانەوە بەکاردەهێنرێ، وەك: مارفەکە، کوڕەکە). [تەوفیق وەهبی، 1929: 49]. جاری واش هەیە مۆرفیمی (ان)ی کۆ، دەچێتە سەر ناوە بانگکراوە ناسراوەکە، وەك:
- براکانم، خوشکەکانم، ....
یاخود بە تەنیا (ان)ی کۆ بەکاردێ، وەك:
- خوشکان، برایان، ....

هه ندێ جار مۆرفیمی ( گەل)ی کۆکرد نەوە، بەرامبەر مۆرفیمی (ی نه)ی بانگکردن دەوە ستێ و دەتوا نێ لە پاڵ بەخ شینی وا تای کۆکرد نەوە، هاوبە شی داڕ شتنی ئەرکی بانگکردنیش بکات، وەك:

- کچ گەل وەرن ← کچینە وەرن.

- کوڕگەل بخوێنن ← کوڕینە بخوێنن.

- دەی کوڕگەل، ئەوە چاوەڕێیی چین؟ ئەم لا شە بۆگە نە بشارنەوە... [نا صر حسن، درا مای ژاڵە].

## 2-4- کرتاندنی مۆرفیمەکانی بانگکردن:

ئەنجامدانی کردەی بانگکردن لە ز مانی کورد یدا شێوەیەکی چە سپاوی نی یە، هە ندێ جار تەنیا بە هۆی ( ئاواز)ی تایبە تەوە ئەنجام دەدرێ، جاری واش هە یە مۆرفی مەکانی بانگکردن هاو کاری گەیا ندنی پەیامە کە دە کەن، بۆ هۆ کاری دەرنە کەوتن و کرتا ندنی مۆرفیمەکانی بانگکردنیش چەند ئەگەرێك هەیە، کە بریتین لە:

1- لە کاتی تەنگەتاوی و پەلەکرد ندا، بۆ ئەوەی (نێرەر) زوو تر (وەر گر)، ئاگاداربکا تەوە، ڕاستەوخۆ ناوی تایبەتی وەرگر دەهێنێ، بەبێ بەکارهێنانی هیچ فۆرم و مۆرفیمێکی تای بەت بەم بوارە، وەك:

- دارا، لاچۆ لەسەر ڕێگاکە، سەیارەیە.

- لانە، ئاگاداربە ئاوەکە قووڵە.

2- هە ندێ جار لە بەر کورت بڕی و سوککردنی ئا خاوتن، مۆرفی مەکانی بانگکردن دەکرتێندرێ و ڕاستەوخۆ ناوی کەسەکە دەهێنرێ [فاضل صالح، 2002: 276-278]، وەك:

- دارا، وەرە.

3- هەندێ جار (وەرگر) زۆر نزیکە لە (نێرەر)، بۆیە پێویست بە بەکارهێنانی مۆرفی مەکانی بانگکردن نا کات، تا بەهۆیا نەوە، وەر گر زوو تر ئاگاداربکرێ تەوە [ قیس اسماعیل، 1988: 267] نزی کی ن ێرەرو وەر گر دە شێ مادی(فیزیکی)ب ێت، یاخود مەعنوی( نەبینراو) ب ێت [فاضل صالح، 2002: 277]، وەك:

- کاروان، بخوێنەوە. (نزیکی مادی لە ناو پۆلێکی خوێندن).

- خدری زیندە، هاوارە. (نزیکی مەعنەوی).

4- ناوی تایبەتی مۆرفیمی دۆخی بانگکردنی لەگەڵ بەکارنایەت، ئەگەر بەکارهات، وەکو پاشگرێکی وشە دارێژ بەشداری دروستکردنی ناوی نوێ دەکات [کۆردۆییف، 1984: 79]، یا ناوەکە بچووك دەکاتەوە وەك:

حەسۆ، مستۆ، فاتێ، شێرۆ...

5- کاتێ ناوی گشتی بانگکراو دیارخەر وەردەگرێت، مۆرفیمی بەندی بانگکردن دەکرتێنرێ [عزام عمر، 2001: 264]، وەك: کورە ← کوڕ ی باش

دیارخراو خستنەسەر دیارخەر

لە هەندێ باری تردا، مۆرفیمەکانی بانگکردن، پێویستیەکی سەرەکی کردەکەن و کرتاندنیان زیان بەگەیاندنی چەمکەکە بە شێوەیەکی ڕوون دەگەیەنێ، هەندێ لەم بوارانەش بریتین لە:

1- کاتێ ناوی بانگکراو دوور بێت.

2- کاتێ لەگەڵ هەندێ لە مەبەستەکانی بانگکردنی وەك هاوارکردن دێن. [عباس حسن، 3].

3- کاتێ ڕۆڵیان هەیە لە ڕاگرتنی کێش و سەرروای شیعر[*].

## 2-5- تایبەتییەکانی بانگکردن:

کردەی بانگکردن وەك یەکێك لە شێوازەکانی داخوازیکردن، واتای داخوازیی بەڕوونی تێدا دەبینرێ [Mohammed, 1987: 6]. واتە بە گشتی ئەو تایبەتییانەی کە لە واتای(داخوازیکردن)دا هەیە[**] لە (شێوازی بانگکردن)دا بەدی دەکرێت، بەڵام لە بانگکردن واتا و هێزی داخوازییەکە پەیوەندییەکی پتەوی بە دەورو بەری زمانی و لایەنی ڕەوانبێژی و باری دەروونی و پایەی کۆمەڵایەتی نێرەر و وەرگرەوە هەیە، ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ئەو تایبەتییانەن کە لە شێوازی بانگکردن بە گشتی دەبینرێن:

1- بانگکردن لە نێوان دوو کەسدا دەبێت (نێرەر و وەرگر)، تەنها (کەسی دووەم بانگ دەکرێت) [Palmar, 1972: 108] ناشێ لە مەبەستی بنجی بانگکردندا کەسی یەکەم یان سێیەم بانگ بکرێت، واتە بانگکردن (داخوازییەکە لە کەسی یەکەمەوە بۆ کەسی دووەمی (تاك و کۆ) [Mohammed, 1987: 27]، وەك:

- ئەی مەلا، توبی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە [بێکەس، ل165].

---

[*] بۆ زانیاری زیاتر لەم بوارە بڕوانە: مۆرفیمەکانی بانگکردن و سیماکانیان، ل 45.

[**] بڕوانە: بەشی یەکەم، تایبەتییەکانی شێوازی داخوازی کردن، ل 15.

لێرە داوایەك ڕووبەڕووی کەسی دووەمی تاك کراوە، (نێرەر) تەنها لەگەڵ یەك ( مەلا) نادوێ، بەڵکو هەموو مەلایەك دەگرێتەوە، کە هەڵگری ئەو بیرەیە.

- ئەی کوردینە، ئەی مەردینە.

بادەست لە ناودەست کەین هەموو.

لەم د ێرە هۆنراوە یەی سەرەوە، داوا یەك ئارا ستەی میلـلەتێك کراوە، وا تە بۆ کە سی دووەمی کۆیە.

نەشیانی بانگکردن بۆ کەسی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کە سی یەکەم(قسەکەر)، درو ست نی یە بانگی خۆی بکات مە گەر ئەم بارە تەنها لە گفتو گۆی دەروو ندا ڕوو بدات. هەروەها نا شێ بانگی کە سی سێیەمیش بکر ێت، چونکە نێرەر داوا لە کە سێك دە کات کە ئامادەبێ.

هەندێ جار لە دەقی ئەدەبی دا، بەتایبەتی لە زمانی شیعردا، هۆ کارە ڕەوانبێژی یەکان ئەم پرەنسیپە تێکدە شکێنن، بۆ یە وا دەردە کەوێ، کە شاعیر پەیامە کەی ئارا ستەی کە سی سێیەم دە کات، بۆ یە جۆر ێك لە تەم و مژی لەم بوارەدا درو ست دەب ێت، هەروەك لەم نموونەنای خوارەوە دەبینرێ:

- ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە.

ئێستا بم بینن ئەرێ دەم ناسنەوە.

ل ێرە (ئەوا نە) شوێنی بانگکراوی گر تووە کە ئا مادەنین، د ێری دووەم ئەم ئامادەنەبوونەیان دەردەخات.

- ئەی ئەو کەسەی دەت پەرستم و لێم ونی.

لێکدانەوەی ئەم نموونەیە نزیکە لە هی پێشتر، ئەوەندەیە لێرەدا (ئەو کەسە) لە بری ناوی بانگکراو بەکارهاتووە، ئامرازی (ئەو. ـە) بۆ ئا ماژەکردن بەکارهاتووە، وا تە دەستنیشانکردنی کەسێك لە نێوان کۆمەڵێك کەسان، بۆ یە بانگکردنە کە بۆ هەمووان نی یە، ئەمە لە جێناوی لکاوی(ت)ی (دەتپەر ستم) ز یاتر ڕوون دەبێ تەوە، کە دەیسەلمێنێ داوا کە تەنیا بۆ سەرنج ڕاکێشانی کەسی دووەم کراوە، بەڵام لای شاعیر کەسەکە بزرە.

لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا هەمان تەم و مژی بەدی دە کرێ، بەڵام لێکدا نەوەی ئەم تەم و مژی یە، تاڕادە یەك ج یاوازە، لەو لێکدا نەوەی لە ز مانی شیعردا ڕوون کراوە تەوە، ئەم نموونانەی خوارەوە پشت ڕاستی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەکەنەوە:

1- ئەی من نەچم؟

2- ئەی ئەو نایەت؟

3- ئەرێ ئەوان ڕۆیشتن؟

لەم ڕستانەدا (من/بۆ کەسی یەکەمی تاك)و (ئەو/ بۆ کە سی سێیەمی تاك)و ( ئەوان/ بۆ کەسی سێیەمی کۆ)، لەدوای مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن هاتوون، بەڵام شوێنی ناوی بانگکراو ناگر نەوە، چونکە ناوی بانگکراو کە(گوێگرە)و کە سی دووە مە، لە ڕ ستەکاندا کرتێنراوە، وا تە ئەو کە سەی پر سیارەکەی ئارا ستەکراوە لە پێکها تەی سەرەوەی ڕ ستەکە دەرنەکەوتووە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەشێ ڕستەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژینەوە:

1- ئەی کاکە، من نەچم؟

2- ئەی ئازاد، ئەو نایەت؟

3- ئەرێ باوکە، ئەوان ڕۆیشتن؟

2- یەکێ لە تایبەتییەکانی تری شێوازی بانگکردن ئەوە یە، کە بەگشتی بانگکردن هەواڵێك نییە لەسەر کەسێك، بەڵکو دەکرێ بوترێ هەواڵێکە لەسەر بانگکەر، بۆ ڕاکێشانی سەرنج و سۆزی بانگکراو، تا ئامادەبێ بۆ گوێگرتن، [کریم حسین، 2006: 406]، وەك:

- باوکە باوکە، ئەفەندییەك و ئافرەتێکی شاری داوای تۆ ئەکەن [ناصر حسن، درامای ژاڵە].

3- ڕستەی بانگکردن وەك هەموو ئەو ڕ ستانەی وا تای داخوازی یان تێدا یە، هە ڵە و ڕا ستی هەڵناگرێت، بە پێچەوانەی ڕستەی هەواڵدانەوە.

4- کاتی بانگکردن لەگەڵ قسەکردندا تەواو دەبێت، واتە کاتی ئێستایە.

5- هەندێ لە زمانەوانان بانگکردن بە دەستپێك و سەرەتای ئا خاوتن دادە نێن، بانگکردنە کە ئەو کاتە نامێنێت، کە بانگکراو داوا کەی بانگکەری جێبەجێ کرد، [ کریم حسین، 2006: 405].

6- بانگکردن کاردانەوە لە وەر گردا درو ست دە کات، کارەکی ب ێت یان زارە کی، دە شێ هاتنی گوێگر بێ بۆ لای قسەکەر یان پیشاندانی هەر هەڵوێستێکی کارەکی و نواندنی هەر ڕەوشتێك یاخود تەنیا، وەڵام دا نەوە بە ق سە ب ێت... کە هەریە کە لەما نە بە پ ێی مەبە ستەکانی بانگکردن دەگۆڕ ێت، بەڵام لە هە ندێ مەبە ستی مەجازی بانگکرد ندا کاردا نەوە لە وەر گر بەدی ناکرێت(٦).

7- هەروەك لە دا خوازی کرد ندا ه ێزی داخوازییە کە چە سپاو نی یە و بە پ ێی پا یەی کۆمەڵا یەتی ن ێرەر و وەر گر دەگۆڕ ێت، لە بانگکردنی شدا، ئەم ڕا ستیە بە زە قی بەر چاو دەکەوێت؛ هێزی داخوازی بانگکردن، دەشێ لە کەسێکی بەرزەوە بۆ کەسێکی نزم بێت یان لە

---

(٦) بڕوانە مەبەستەکانی بانگکردن، ل 68-69.

نێوان دوو کەسی هاوپایەی کۆمەڵایەتی دابێت، یاخود لە کەسێکی نزمەوە بۆ کەسێکی بەرزتر لە خۆی بێت، (نیشاندانی ڕێز بە پێی پایەی کۆمەڵایەتی کەسەکان و دیاریکردنی دەوروبەری قسەکردنەکە دەبێت) [Leech & Svartvik, 1996: 176]، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دەربڕینەکانی، (جەناب، گەورەم، خانم..) کەسێکی پێ وریا دەکرێتەوە کە پایەی کۆمەڵایەتی لە نێرەر بەرزتر بێت. هەندێ وشەی تر هاوشانی پایەی کۆمەڵایەتی دەنوێنن و ڕێزیان تێدا بەدی دەکرێ وەك (کاك، برادەر، ئامۆزا، خوشکم...).

جگە لە پایەی کۆمەڵایەتی شوێنیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەڵبژاردنی یەکێك لەو دەربڕینانەی کە بۆ بانگکردن و ورياکردنەوە بەکاردێن.

## 2-6- چەمك و مەبەستەکانی بانگکردن[ت]:

کە گوێمان لە بانگێك دەبێت، بە پێی جۆری دەوروبەرەکە دەتوانین مەبەستی بانگەکە هەڵاوێر بکەین، بۆ دەستنیشانکردنی (( هەر ئەرکێکی ڕستە دەبێ، تەواو لە مەبەستی قسەکەر بگەین و بە پێی مەبەستی وردی قسەکەر ئەرکەکە دەستنیشان بکرێ)) [عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، 2005: 66].

جگە لە مەبەستی بنجی بانگکردن و واتا حەقیقیەکەی، بانگکردن لە چەند ئەرکێکی تری ڕەوانبێژی(بەلاغی) بەدی دەکرێ[ح]، کە هەموو ئەمانە بەپێی جۆری پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر و بە گوێرەی دەوروبەرە زمانی و کۆمەڵایەتییەکە دەگۆڕێن، بۆیە (( شێوەی ڕستە بەگشتی نیشانەیەکی بە کەڵك نییە بۆ جیاکردنەوە و پۆلێن کردنی جۆری بەکارهێنان، بۆ نموونە هەموو ئەم ڕستانەی خوارەوە لە ڕواڵەتدا پرسیارن، بەڵام تەنیا ئەوەی یەکەمیان بەڕاستی پرسیارە، دوانەکەی تر فەرمانن، بەشێوەی پرسیار دەربڕاون:

1- ئایا ئاو لە پلەی سفردا دەیبەستێ؟
2- ئەو شەکرەم نادەیتێ؟
3- تۆزێ ناچیت بەولاوە؟ )) [محمد معروف فتاح، 1990: 33].

تێکەڵ بوونی مەبەستەکانی بانگکردن لە گەڵ دەوروبەر، وای کردووە کە پۆلکردنی ئەم مەبەستانە کارێکی ئاڵۆز بێت و کارکردن لەم بوارەدا، تاڕادەیەك سرك بێت، هەروەك چۆن لە دابەشکردنی ئەرکەکانی زمان بەگشتی هەمان گرفت هەیە و (بەهەر جۆرێك پۆلیان بکەی ئارەزوو دەکەی جارێکی تر و بە جۆرێکی تر دابەشکردنەکە بکەیتەوە) [س.پ: 26].

---

[ت] بۆ دارشتنی مەبەستەکانی بانگکردن سوود لە دەستنوسێکی [قیس کاکل توفیق، بانگکردن لە زمانی کوردیدا] وەرگیراوە.

[ح] بڕوانە: قیس اسماعیل، 1988: 284.

ئەو دابەشکردنەی لێرەدا ئەنجام دراوە لە سەر چەند بنەما یەك بووە، لەوانە جۆری پەیامەکە و ئەو کاردانەوەیەی کە لە وەرگردا دروستی دەکا و بڕی هێزی ئەو داخوازییەی لە پەیامەکەدا هەیە و جۆری پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر.

ئەمانەی خوارەوە گرنگترین مەبەستەکانی بانگکردنن لە زمانی کوردیدا:

## 2-6-1- بانگکردن:

گرنگترین جۆری شێوازی بانگکردنە، (ئەرکێکی سەرەکی و بنجیە لە بانگکرد ندا و بە مەبەستی داواکرد نی هاتنی گوێگر بۆ لای قسەکەر بەکاردێت) [هادی نهر، 2004: 245] واتای( گازکردن) دەگە یەنێ [عبدالرحمن محمد امین زەبیحی، 1979: 56] لە شێوەزاری هەولێردا، گرنگترین سیماکانی ئەم شێوازە بریتین لە:

1- بانگکەر کەسی یەکەمی تاکە.

2- بانگکراو کەسی دووەمە، (تاك، کۆ) [Mohammed, 1987: 27].

3- مەرجە ناوی بانگکراو لەم شێوازەدا هۆشمەند(عاقل)بێت، [عباس حسن، -: 1] ناوی بێ گیان تەنیا بۆ مەبەستی بەلاغی(ڕەوانبێژی) بانگ دەکرێت، [هادی نهر، 2004: 257].

ئازاد  + عاقل + گیاندار..  بانگکردنی حەقیقی

وەتەن   عاقل + بێ گیان ..  بانگکردنی مەجازی.

4- بۆ مەبەستی بانگکردن بەزۆری (ناوی تایبەتی) بەکاردێت وەك:

- کاوە کاوە، هاتا ئێرە وەرە.

- گەوهەر گەوهەر، وەرە میوانمان هاتووە [ناصر حسن، درامای ژاڵە].

5- دەبێ دوورییەکی دیاریکراو لە نێوان (نێرەرو وەرگر)دا هەبێت ئەگەر بێت و زۆر نزیکبن لە یەکەوە و بەیەکەوە بن، ئەم چەمکە ناگەیەنێ پتر واتای دواندن دەگەیەنێ.

6- لەم شێوازەدا پلەی داخوازی بەهێزە.

7- کاردانەوە لە وەرگردا دروست دە کات، کە بە زۆری کاردانەوە کە کارەکی یە و بریتی یە لە هاتنی وەرگر بۆ لای نێرەر یان هەندێ جار کاردانەوەکە زارەکی یە و بە وەڵا می (ئێستا دێم بەڵێ وا دێم- واهاتم) دەبێت، یاخود دەشێ هەردوو کاردانەوەکە لە یەك کاتدا ڕووبدات.

8- پێکها تەی ڕ ێرەوەی بریتی یە لە: { ناو + وەرە} کاری ڕ ستەکە، کە لە چاوگی ( هاتن) وەرگیراوە، لە پێکهاتەی سەرەوەدا زۆرجار بەدەرناکەوێ، وەك:

- مام محەمەد، چایەك بخۆوە، جا بڕۆ.

- کوڕم برایم، تیکە نانێك بخۆ [عبدالله سەراج، ل139].

9- بەکارهێنانی مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن و دوو بارە بوو نەوەی ناوی بانگکراو بە پ ێی شوێن و ڕادەی دووری ن ێوان ن ێرەرو وەر گر دە گۆڕێ، ئە گەر دووری نێوانێ یان مام ناوەندی بێت ڕەنگە گوێگر بە یەکجار ناو هێنانی وشیاربێتەوە، وەك:

- کاوە، قەڵەمەکەم بۆ بهێنە.

(خۆ ئەگەر ئەم دوورییە زیاد بکات و گوێگر بەیەك بانگ وشیار نەبووەوە، ئەوا ناوی بانگکراو دووبارە دەکرێتەوە) [قیس اسماعیل، 1988: 266]، ئەو کات وەستان لە ن ێوان هەردوو جاری ناوی بانگکراو ڕوودەدات، ئاواز لە هەڵسوکەوت دا دەبێت، وەك:

- هێرۆ، هێرۆ، ماستاوێکمان بۆ بهێنە. [ناصر حسن، درامای ژاڵە].

هەروەها ئە گەر دووری ن ێوان بانگ کەر و بانگکراو زۆر بوو، بەڕادە یەك بە ئا سانی بانگکراو گوێی لە دە نگ نەبێ، ئەو کات، مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردنی، ( هۆ)و ئەلۆمۆرفەکانی بەکاردێن و بەپێی پێویست ناوەکە دووبارە دەکرێتەوە و وەستانێکی کەم لە نێوان ناوەکان ڕوودەدات و بزوێنی کۆتایی ناوی بانگکراو بەپێی پێویست در ێژ دەکرێ تەوە، وەك:

- هۆ شێرۆ شێرۆ::: ، نانەکە لەگەڵ خۆت بهێنە.

مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن، لەم شێوازەدا کاتێ بەکاردێن، کە دووری نێوان ن ێرەر و وەر گر، زۆر نەبێت، چونکە چەمکی نێزی کی لە هە ندێکیان بەدی دە کرێ وەك (ـە). مۆرفیمەکانی(ۆ)، (ێ) دەتوانرێ بە پ ێی مەبە ست درێژبکرێ نەوە، ئە مەش دەگەڕێ تەوە بۆ میکانیزمی دروست کردنی ئەم دەنگانە.

- کچێ:::، ئەو ئاوە بگرەوە.

بابۆ:::، کتێبەکەم بۆ بێنە.

10- بە شێوەیەکی گ شتی پا یەی کۆمەڵا یەتی ن ێرەر بەرزترە لە وەر گر، یاخود هاو شانن، کەمجار ڕێکدەکەوێ پایەی کۆمەڵایەتی وەرگر بەرزتر بێ لە ن ێرەر، چونکە پێکها تەی ئەم شێوازە لە فەرما ندانی ئا شکرا دە چێ، بۆ یە کۆت و بە ندە کۆمەڵایەتیـ یەکان ڕێ گە بە فەرماندانی بـچووك بە سەر گەورەدا نادەن. ئە گەر ئەم بارەش ڕوو یدا، ئەوا ئەو فۆرما نە بەکاردێن کە چەمکی ڕێزگرتنیان تێدایە، وەك:

- کاك ڕۆژ، تا ماڵی ئێمە وەرە.

- مامۆستا کاروان، ئەو کتێبەی سەر مێزەکەم بۆ بێنە.

- (کەریم کەریم، ئا وەرە کوڕم، لەگەڵ باوکت بڕۆ بۆ ئیش...) [ناصر حسن، درامای ژاڵە].

## 2-6-2- وشیارکردنەوە(ت) و دەستنیشانکردن:

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی بانگکردن و ئەو چەمکەی دەیگە یەنێ ئاگادارکرد نەوەو ورياکرد نەوەی کە سێکە، کە ئاخاوتنە کەی ئارا ستە دەکرێت، بەم هۆ یەوەش دەستنیـ شانی کەسەکە دەکرێت، وەرگر گوێ هە ڵدەخا بۆ بانگەکە [Quirk, & Greenbaum, 1995: 183]، گرنگترین سیماکانی ئەم شێوازە:

1- وەر گر بەزۆری لە کردەوە یەکی نە شیاو ئا گادار دەکرێ تەوە، بە شێوەی ئەرێ و نەرێی داخوازی و بە هاوکاری دەربڕینەکانی (ئاگاداربە، وریا بە...)، هە ندێ جاری تر، تەنها ناوی (ئاگادار لێکراو) دەهێنرێ، وەك یەکێك ئاگادارکەیەوە لە مەتر سی ئاگر ێك کە هە یە، دەڵێی (ئاگرە ئاگرە)، بەواتا  وریابە/ئاگاداربە ئازاد، ئاگرە دوورکەوە لێی. بڕوانە [عباس حسن، – : 126]، دەشێ ئاگادارکردنەوەکە بۆ کردنی کارێکی شیاوبێت، بڕوانە [س.پ: 136].

2- بە شێوەیەکی گشتی ئاگادارکردنەوەکە بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆیە ، وەك:

- کا کە جوامێر، تۆ هە ستە بـ چۆ لای ژوورەوە ئەو جێگا یە بۆ من چۆل کە. [ئـ یبراهیم ئەحمەد، ل51].

- کوڕم، لەسەرخۆ بخۆ. [محەمەد مەولود مەم، ل116].

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوە کەسی دووەمی تاك ئاگادارکراوەتەوە. لەم ڕ ستەی خوارەوە کەسی دووەمی کۆ ئاگادارکراوەتەوە.

- برايان، مەسەلەکە ئەوەندە سادە و ئاسان نییە. [س.پ، ل112].

3- لە ڕووی شوێنەوە، بەزۆری نێرەر و وەرگر لە یەکەوە نزیکن، وەك:

أ- کاکە برايم، باوەڕ بکەم بەو هەواڵەی بەربای گوێم کەوتووە. [عبداللە سراج، ل139].

ب- دایە... هۆ دایە گیان بۆچی هەرمن و تۆین. [محەمەد مەولود مەم، ل84].

لە نموونەی یەکەمی سەرەوەدا نێرەر و وەر گر لە یە کەوە نزیکن، بەڵام لە نموو نەی دووەم دا دووری نـ ێوان نـ ێرەر وەر گر ز یاترە، بە بەڵـ گەی ئەوەی لە نموو نەی دووە مدا مۆرفیمی بانگکردنی(هۆ) بەکارهاتووە، کە هەڵگری چەمکی دوورییە.

---

(ت) دەکرێ زاراوەکانی ئاگادارکردنەوەو ورياکردنەوەش، بۆ هەمان مەبەست بەکاربێت.

4- چەمکی دەستنیشانکردن، لە ڕووی لۆژیکەوە، بریتییە لە:

ناو (بریناو یان خۆناو) + { بەتۆ دەڵێم / لەگەڵ تۆمە / مەبەستم تۆیە / گوێم لێگرە }

پ.س  میری میران ، ئاگات لەخۆ بێ... [محەمەد مەولود مەم، ل217]

بڕنیاو (ن. بانگکراو)

پ.ژ میری میران لەگەڵ تۆمە، ئاگات لەخۆ بێ...

ئەم بارەی خوارەوەش ئاگادارکرد نەوەی ناوێکی تایبەتی یە، کا تێ مامۆ ستا لە ناو کۆمەڵێ قوتابی هۆی نەهاتی قوتابییەك بۆ قوتابخانە دەپرسێت و دەڵێت:

پ.س: - شێرکۆ، دوێنێ بۆ نەهاتی؟

پ.ژ : - شێرکۆ مەبەستم تۆیە، دوێنێ بۆ نەهاتی بۆ قوتابخانە؟

5- بە پێی پێویست مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن لەگەڵ ئەم شێوازە بەکاردێ، بەهۆی نزیکی نێرەر و وەر گر لەیە کەوە مۆرفیمی ( ئەرێ) لە گەڵ ناوی ئا گادارکراو ( بانگراو) بەکاردێ، وەك:

- ئەرێ گوڵە، دارجگەرە کەونەکەم دیارنییە؟ [عبدالله سەراج، ل100].

خۆ ئەگەر مەودایەکی فراوانتر لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەبوو، ئەوا مۆرفیمی ( هۆ) بەکاردێ، وەك:

- هۆ پیاوە کە، ئەی نازانی ئاگر لە جێگە یەك بەربوو تەڕ و هی شك دە سوتێنێ. [س.پ: ل101].

6- لەم شێوازە ناوی بانگکراو(ئا گادارکراو) زۆر بە کەمی دوو بارە دەکرێ تەوە، چونکە بانگکراو نزیکە لە بانگکەرەوە بۆیە بەیەك بانگ زۆرجار وشیار دەبێتەوە، وەك:

ڕەوا، کارکردن مایەی سەربەرزییە.

بەڵام ئەگەر نێرەر هەستی کرد وەرگر بۆ وەرگرتنی پەیامەکە هێشتا ئامادە نییە، ئەو کات نێرەر ناوەکە دووبارە دەکاتەوەو ڕەنگە بریناویشی لەگەڵ بەکاربهێنێ وەك:

- ڕەوا کاك ڕەوا، کارکردن مایەی سەربەرزییە.

7- مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن لەگەڵ ئەم شێوازە بەکارهێنانیان هەیە:

- براینە، خۆ ڕۆژ درەنگە نوێژی هیوارەیە. [محەمەد مەولود مەم، ل248].

- کورە ماڵ وێران، منداڵەکە لە سەرمان دەقەسرێ [س.پ، ل49].

- نەکەی کوڕۆ نەکەی...          [س.پ، ل11].
- پووریێ گیان، وا مەڵێ گوناهە   [محەمەد مەولود  مەم، ل235].

8- دەشێ نێرەر و وەرگر لە ڕووی پایەی کۆمەڵایەتییەوە بەرزتر یان نزمتر لە یەکتر یان هاوشانی یەك بن، واتە دەشێ ئەم جۆرە بانگکردنە لە نێوان باوك و منداڵ، مامۆستا و قوتابی... یان بە پێچەوانەوە لە نێوان دوو کەسی هاوشان لە پلەوپایە و تەمەندا ڕووبدات.
- ئاغا، پێش ئەوەی کوێخا بم من مرۆڤم [ناسر حسن، درامای ژاڵە].

9- ئەو کاردانەوەیەی لە لایەن وەرگرەوە بۆ ئەم جۆرە بانگە دروست دەبێت زارەکییە، وەڵامەکەش بە (بەڵێ) دەبێت. دەشێ فۆرمەکانی ( ها- هۆو) لە شێوازی ئاخاوتنی نافەرمیدا بەکاربێت، زمانی جەستەش ئەم ڕۆڵە دەبینێ، بەشێوەیەك وەرگر ڕووی خۆی لە نێرەر دەکات و ئەوە پیشاندەدات کە ئامادەی گوێگرتنە.

## 2-6-3- هاوارکردن:

زاراوەی "هاوارکردن" لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بەرامبەر بە ( بانگ لێدان- بانگ هەڵدان) دەوەستێ، کە وا تای دەر بڕینی ناڕەحەتی و پەژارە دەگەیەنێ بەدەنگی بەرز [عبدالرحمن محمدامین زەبیحی، 1979: 57].

کاتێ مرۆڤ دووچاری تەنگ و چەڵەمە و ناڕەحەتییەکی لەناکاو دەبێ، وا هەست دەکا بە تەنیا ناتوانێ لەو ناخۆشییە دەرباز بێ، بانگی کەسانی تر دەکات بۆ ڕزگاربوون، بۆ نموونە: ئەو بانگ و هاوارەی کەسێك دەیکا بۆ بەهاناوە چوونی، کاتێك لەناو ئاوێکی قوڵ خەریکە دەخنکێ و هاوار دەکا: (ئەی هاوار خەڵکینە خنکام)، یاخود ئەو بانگ و هاوارەی پاسەوانێك دەیکات بۆ بە هاناوە چوون، کاتێك دوژمن هێرشی کردۆتە سەر، هەموو ئەمانە داواکردنی هاوکاری و یارمەتییە [عباس حسن، – : 77]. هاوارکردن یەکێکە لە شێوازەکانی بانگکردن، کە تیایدا بانگی کەسی (هاوار بۆ کراو) دەکرێ، بۆ ڕزگار بوون لە توندوتیژی و لابردنی ناخۆشی و ناهەمواری [ عزام عمر، 2001: 267]، واتە ئەم بانگە لە لایەن نێرەرەوە (هاوارکەر  لێقەوماو) لە کاتی تەنگانەدا و بە مەبەستی فریاکەوتن ئاراستەی وەرگر (هاوار بۆ کراو) دەکرێت. لە زمانی کوردیدا چەند سیمایەکی تێدا بەدی دەکرێت، لەوانە:

1- ئەو داخوازییەی لەم شێوازەدا لە لایەن نێرەرەوە لە وەرگر دەکرێ لە شێوەی تکاکردندایە.
- ئەی هاوار ڕزگارم کەن... بۆ خاتری خوا بمگەنێ.

2- دەشێ وەرگر مرۆڤێکی ئاسایی بێ و بوونی مادی هەبێت و داواکەی ئاراستە بکرێ، یاخود هەندێ جار هاوارەکە بۆ هێزە فریادڕەسە روحانییەکانە، وەك؛ خوا، پێغەمبەر، غەوسی گەیلانی، خدری زیندە، کاك ئەحمەدی شێخ...

لەم نموونەیەی خوارەوەدا، هاوار و بانگەکە ئاراستەی ناوە بەرجەستە و واتاییەکان کراوە:

- ئەجەل داد! ئاسمان داد ! عەرشی خوا داد

حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد [گۆران، ل97].

3- بەزۆری هاوارەکە ئاراستەی کەسێك یان کەسانێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراوە، بەڵام دەشێ بۆ هەر کەسێکیش بێت کە گوێبیستی دەنگی هاوارەکە بێت.

4- لەڕووی لۆژیکەوە ئەو چەمکەی لەم شێوازە بەدی دەکرێ بریتییە لە:

{ناوی بانگکراو + بگەفریام/ بگەنە فریام، یارمەتیم دەن، ڕزگارم کەن}... وەك

- مام بایز، شوانە، فریاکەون، گەڵا جاڕەکەیان سوتاند. [ناصر حسن، درامای ژاڵە].

5- لە ڕووی شوێنەوە دەکرێ دووری نێوان نێرەر و وەرگر؛ نزیك یان مام ناوەندی یان دوور بێت.

6- لە ڕووی پایەی کۆمەڵایەتییەوە ئەم شێوازە لە نێوان هەر سێ پایە کۆمەڵایەتییەکەدا واتە (نزم  بەرز- هاوشان) ڕوودەدات.

7- بە پێی پێویست و چەندییەتی دووری نێوان نێرەر و وەرگر، مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردنی (ئەی، هۆ)ی لەگەڵ بەکاردێ، هاوشان لەگەڵ ئەم مۆرفیمانە هەندێ جار هەندێ فۆڕمی تر لەگەڵ ئەم مەبەستە بەکاردێت وەك (هاوارە، هیزە دەخیلە، ...).

- هۆ خەڵکی ئاوایی، خەرمانەکانی ماڵی مام حاجی سوتا. بگەنە فریای.

- ئەی هاوار خەڵکینە، بمگەنێ، ڕزگارم کەن لێرە.

- هاوارە، دەخیلتان بم، یارمەتیم دەن.

8- ئەگەر هاوارەکە ڕووە و کەسێکی ناسراو بێت، ئەوا ڕەنگە پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناوی بانگکراو بەبێ وەستان بکات، تا زوو بە هانای نێرەرەوە بچێت، بەڵام ئەگەر هاوارەکە ئاراستەی کەسێکی نەناسراو یان کۆمەڵێك کرابوو، کاری ڕستەکە بە شێوەی جیاجیا دووبارە دەکرێتەوە کە هەموویان بۆ چەمکی یارمەتی دان بەکارهاتوون.

- ڕابەر ڕابەر، زووکە فریام کەوە.

- خەڵکینە/ خزمینە، نەجاتم دەن، ڕزگارم کەن، دەرم بێنن.

9- کاردانەوەی ئەم شێوازە لە لایەن وەرگری مرۆڤەوە، بەزۆری کاردانەوەیەکی کارەکییە و وەرگر بەرەو ئاراستەی هاوارەکە دەچێت، بەڵام نێرەر چاوەڕوان و ئومێدەوارە، کە

کاردا نەوەی هـ یزە فر یادرەس و روحانیـ یەکان ( کە لای یەکتاپەر ست خوای تاك و تەنها و دەسەڵاتدارە) دابینکردنی هۆکاری ڕزگاربوون بێت.

## 2-6-4- هەڕەشەکردن(ﷺ):

بانگکردن بۆ واتای هەڕەشەش بەکاردێت [قیس اسماعیل، 1988: 295] ئەم کردە یە تێ کەڵاوی و پەیوەند یەکی پـ تەوی لە گەڵ ئاگادارکرد نەوەدا هە یە، چونکە هەموو هەڕە شەکردنێك ئاگادارکردنەوە یە، بەڵام پێ چەوانەی ئە مە درو ست نیـ یە، وا تە هەموو ئاگادارکردنەوەیەك هەڕەشەکردن نییە، لەم نموونانەی خوارەوە چەمکی هەڕە شە بە ڕوو نی بەدی دەکرێت:

- کوڕە، تۆماس پاسەکە ڕابگرە. [محەمەد مەولود مەم، ل172].
- کافر، پێت ناڵێم پاسەکە ڕابگرە. [س.پ، ل172].
- دابەزە کوڕە دابەزە دەی. [س.پ، ل173].
- مەڕۆ کابرا. [ئیبراهیم ئەحمەد، ل200].
- کێ‌ی کابرا؟ بۆ کوێ ئەچیت؟ دەست هەڵبڕە. [س.پ، ل200].
- شوانەی بایز، ئە مەت بەسەرەوەنە چێ، بیرت نە چێ ڕۆژان ڕۆژی لەدوا یە. [نا صر حـ سن، درامای ژاڵە].

هەڕەشەکردن هەڵگری چەند سیمایەکی تایبەتییە، لەوانە:

1- (هەڕە شەکردن پەیوە ندی بە دە سەڵات و پلەوپا یەوە هە یە، بە شێوەیەکی گ شتی دە سەڵاتدار هەڕە شە لە بێ دە سەڵات دە کات، هەر چەندە هە ندێ جار بە پێچەوانە شەوە ڕوودەدات) [ هێمن عەبدولحەمـ ید، 2006: 120] وا تە لە هەڕە شەکردندا زۆر جار پا یەی کۆمەڵایەتی قسەکەر بەرزترە لە گوێگر.

2- هێزی ئەو داخوازییەی لەم شێوازەدا هە یە، لە فەرما ندانی ئا شکرا دە چێت، زۆر جار بە شێوەی نەرێ و بۆ قەدەغەکردن بەکاردێ.

3- ناوی بانگکراو لەم شێوازەدا کەم دوو بارە دەبێـ تەوە، لە کاتی دووبارەبوو نەوەی ناوی بانگکراو ئەو چەمکەی دەیگە یەنێ، کە بەرامـ بەر پێکها تەی ژ ێرەوە دەوە ستێ، بە تەواوی بەدەردەکەوێ، ئەمەش بۆ زیاتر ئاگادارکردنەوەی گوێگرە:

- ڕێبەر، قسە مەکە.
- ڕێبەر، ڕێبەر، ئەوە لەگەڵ تۆم نییە، کەڕیت، قسە مەکە.

---

(ﷺ) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چەمکی هەڕەشەکردن، بڕوانە: هێمن عەبدولحەمید، 2006، ل120.

4- مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردنی لە گەڵ بەکارنا یەت، هەندێ جار نەبێ کە مۆرفیمی(هێ)ی لەگەڵ دەردەکەوێ لە پاڵ فۆرمەکانی (کورە، کچێ)، وەك:

- هێی کورە/کچێ، ئاوڕ نەدەیتەوە.

5- ناوی بانگکراو زۆر جار دیار خەر وەرناگر ێت، بە تەنیا بەکاردێ، ئەگەر وەری گرت، دیارخەرەکە یان ئەوە تە شێوەیەکی ئەرێنی(ئیجابی) هە یە و هەڕە شەکە بەرەو ئامۆژ گاری کردن دەبات، یاخود دیارخەرەکە شێوەیەکی نەرێنی(سلبی) هەیە و هەڕەشەکردنەکە تو ندتر دەکات و دەبێتە جنێو، وەك:

- کوڕە، بێ دەنگ بە. (هەڕەشە).

- کوڕی خۆم، بێ دەنگ بە. (ئامۆژگاری).

- کوڕی هین، بێ دەنگ بە. (هەڕەشەی توند، جنێو).

6- ئەو کاردانەوەیەی لە ئەنجامی ئەم کردە یە لە لا یەن وەر گرەوە ڕوودەدات دە شێ کارەکی یان زارەکی یاخود هەردووکیان پێکەوە بێت، جۆری کاردانەوەکە بەپێی چەمکی هەڕە شەکە دەگۆڕێت، دە شێ وازهێ نانێکی کارەکیا نە بێت لەو کارەی کە بۆ تە هۆی هەڕە شەکردنەکە، یاخود وەڵامێکی زارەکیانە بێت.

7- هەندێ جار لەم شێوازەدا ناوی بانگکراو بچووك دەکرێتەوە:

ئازاد ← ئازە

ابراهیم ← بلە.

ئەحمەد ← ئەحە.

8- هەڕەشکردن بەوە لە ئاگادارکردنەوەی ئاسایی جیادەکرێ تەوە کە ڕوو گرژی و توڕە بوونی لەگەڵدا یە و بە ئاوازێکی تو ند دەردەبڕدر ێت و لە ز مانی جە ستەش ئەم چەمکە دەخوێندرێتەوە.

## 2-6-5- دوعاکردن:

دو عاکردن یەکێ کە لە شێوازەکانی بانگکردن [ قیس اسماع یل، 1988: 300]، لە هەندێ ڕووەوە لە شێوازەکانی تری بانگکردن جیاوازە، بەوەی ( گوێگر بوونی نی یە، وەك لە زۆربەی شێوەکانی تردا مەرجە گوێگر و قسەکەر هەبن. لە دوعاکردندا قسەکەر ز یاتر ڕووی دە می دەکا تە هێزێ کی لەخۆی گەورەتر وەك ( خوا، پێغەمبەر، خدری زی ندە، ...هتد) هەروەها پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر بە تەواوی لە یەکتر دادە برێ و لە گەڵ یەکتر بەراورد ناکرێت و قسەکەر پێشبینی کاردانەوە ناکات لە گوێگر) [قیس کاکل تۆفیق، 1995:

68-67]. (بەڵام قسەکەر بە هیوایە داواکەی بۆ جێبەجێ بکرێ) [ساجدە عبدالله فەرهادی، 2007، 86] وەك:

- ئەی خودای گەورە، کوڕەکەم لە ئێش و ئازار ڕزگاربکەی. [محەمەد مەولود مەم، ل50].

- یاڕەبی خودایە باوکم چاك بکەیەوە... [محەمەد مەولود مەم ، ل96].

- خودایە بە دادپەروەری خۆت لەگەڵمان بجوڵێیتەوە. [س.پ، ل279].

- هۆ... هۆ.. خودای مەزن، بەزەیت بە منیش بێتەوە... [س.پ، ل96].

- هەی هاوار خوایە شتی وای لەگەڵ نەکەی. [ئیبراهیم ئەحمەد، ل12].

- نەبەخوا پورە ئەجێ گیان لە بەر ئەوە نییە، یاخوا ماڵتان هەر ئاوا بێ و هەزار ماڵی لێ بکەویێتەوە. [س.پ، ل61].

- ڕەبی کچم ڕووت سپی بێ.

- خوایە، بۆ خاتری پێغەمبەری ئاخری زەمان، لێمان خۆش بی.

ئەم نموونانەی سەرەوە ڕێخۆشکەرن بۆ دەستنیشانکردنی چەند سیمایەکی تری ئەم شێوازە، لەوانە:

1- (ڕستەی دوعاکردن بە (خوایە، یاخوا، ئەی خودای گەورە، ڕەبی...هتد) دەست پێدەکات.

2- بە شێوەیەکی گشتی لەم جۆرە ڕستەیەدا بکەر دەبێ کەسی دووەم بێت داواکەی ئاراستە بکرێ.

3- ئەمجۆرە ڕستەیە، ڕاستی و هەڵە هەڵناگرێ، چونکە داواکردنە و زانیاری گەیاندن نییە.

4- لەم جۆرە شێوازە زیاتر ئەو کارانە بەکاردێ کە هێز و وزەی تێدا بەکاردێ وەك ( کردن، ئاشکراکردن، یارمەتی دان، هێنان، ناردن...هتد). [ساجدە عبدالله فەرهادی، 2007، 85].

5- زۆرجار لە دوعاکردندا قورئان و پێغەمبەر و پیاو چاکان وەك خاترگیراو لەلایەن خوا، دەبنە هۆکاری ئومێد بۆ هاتنەدی مەرامەکان.

6- دوعاکردن وەك داخوازی کردن تەنیا بۆ داهاتووە، بڕوانە [هێمن عەبدولحەمید، 2006، 117].

## 6-6-2- دۆزینەوە:

ئەم بانگە بۆ دۆزینەوە و گەڕان بەدوای کەسێکدا بەکاردێت، واتە بواری بەکارهێنانی تەنها لە حاڵەتی وون بوونە، گرنگترین سیماکانی بریتین لە:

1- هەروەك شێوەکانی تر، بۆ کەسی دووەم بەکاردێت، زۆر بەی جاریش بانگکراو کەسی دووەمی تاکە.

2- پلەی داخوازی لە شێوازەکانی تر کەمترە.
3- لە ڕووی شوێنەوە، دەشێ دووری نێوان نێرەر و وەرگر زۆر بێت، کە بە ئاسانی بانگکەکە نەگاتە گوێی وەرگر، وەك لە ناو چە شاخاوی و دەشتاییەکان دەشێ دوورییەکە کەم بێت، وەك ئەوەی هەندێ جار کردەکە لە ناو تەلارێکی چەند ژووری یا هەر شوێنێکی تر ڕوودەدات.
4- ئەگەر نێرەر و وەرگر لە یەکەوە نزیك بن، کردەکە تەنیا بەهۆی ئاواز و بەبێ مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەگەر نێرەر و وەرگر دووربن لەیەکەوە، ئەوا مۆرفیمی (هۆ)و ئەلۆمۆرفەکانی هاوکاری ئەنجام دانی کردەکە دەکەن.

ئاکۆ ، ئاکۆ .. (نزیك)

هۆ ئازاد هۆو (دوور).

5- ئەم کردەیە لە هەر سێ پایە کۆمەڵایەتیەکە دەشێ ڕووبدات.
6- ئەگەر وەرگر گوێبیستی پایەمەکە بێت، ئەوە کاردانەوەی زارەکی، بە وڵامەکانی ( بەڵێ، هۆ، ها) دەبێ.
7- پێکهاتەی ژێرەوەی ئەم شێوازە ئەمەیە:
{ ناوی بانگکراو + تۆ لە کوێی، چیت لێ هات؟ }.
8- دەشێ (خۆناو) ناوی کەسەکە بە تەنیا بەکاربێت، یا (بریناو)ی لەگەڵ بەکاربێت، کە ئەمە پەیوەندی بە پایەی کۆمەڵایەتی نێرەر و وەرگر هەیە.
9- چەندییەتی دووبارە بوونەوەی ناوی بانگکراو پەیوەندی بە ماوەی نێوان نێرەر و وەرگر و کاردانەوەی وەرگر هەیە، بۆیە دەشێ بە یەك بانگ کردەکە ئاکامی ئەرێنی هەبێت، نێرەر گوێی لە وەڵامی وەرگر بێ.
10- بە زۆری ڤاوڵی کۆتایی ناوی بانگکراو درێژ دەکرێتەوە، بۆ باشتر گەیشتنی شەپۆلەکانی دەنگەکە بە گوێی وەرگر، وەك: دەشتی ::::، دەشتی :::

### 2-6-7- لاواندنەوە:

بریتییە لەو بانگەی ئاراستەی کەسی لاوێندراو دەکرێ، لە کاتی کۆچی دوایی کردنی(مردنی)یان دوورکەوتنەوە و پەیدابوونی ئێش و ئازارێك [عباس حسن، -: 89] جگە لەم بوارانە منداڵی ساواش دەلاوێندرێتەوە و لایلایەی بۆ دەکرێ، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەم بوارە:

1- هیوا ڕۆڵە ڕۆ کۆرپەم ڕۆڵە ڕۆ.

ئەو کوڵمە ئاڵە نەرم نۆڵە ڕۆ

تا دەممان لە گۆ ئەکەوێت وەك تۆ

هیوای دایە ڕۆ هیوای بابە ڕۆ [گۆران، ل94].

2- کچم خۆ تۆ نەماوی تاببینی

کە باوکت چەن بە ناسۆرە برینی

کچم رۆحم، کچم ... هەیهات! هەیهات

چ کۆچی بوو چ کۆچی؟ وا کش و مات [گۆران، ل99].

3- ڕۆڵە لای لایە (شێرکۆ) لای لایە

شەوگار درەنگە بۆ چ خەوت نایە؟

ڕۆڵە لای لایە... (شێرکۆ) لای لایە.

یاخوا شێرانە بێیتە ناو کایە [بێکەس، ل113].

4- هۆ کوڕە جوانەکەم، هۆ شێرەکەم، باڵا بەرزەکەم...

گرنگترین سیماکانی ئەم شێوازە ئەمانەن:

1- هیچ داخوازییەك لەم شێوازەدا نییە، لاوێنەر تەنها هەستی خۆی دەردەبڕێ و کەف و کوڵی دڵی خۆی پێ دادەمرکێنێ.

2- (لاواندنەوە تەنیا بۆ ناوی نا سراو و بەناوودەنگە، ناوی نەنا سراو و بێ ناوودەنگ نالاوێندرێتەوە) [عباس حسن، – : 91].

3- هیچ جۆرە کاردانەوەیەك لە لاوێنراوەوە سەرهەڵنادا. [قیس اسماعیل، 1988: 284]، چونکە گوێبیستی بانگ کەنابێت، بۆیەش(هەندێ زمانەوان دەڵێن لاوێنراو بانگکراوی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو شێوەیەکە لێی) [عباس حسن، – : 91].

4- دەشێ لە پایە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا ڕووبدات.

5- ناوی لاوێنراو گەلێ جار دووبارە دەکرێتەوە و زۆر جار سیفاتە ئەرێنییەکانی لە بری بەکاردێ.

6- ناوی لاوێنراو زۆرجار دیارخەری لەگەڵدا بەکاردێ، دیارخەرەکان دەشێ، جێناوی لکاوی کەسی یەکەم(م)ی خاوەنێتی، یا ئاوەڵناوی چۆنییەتی بن، وەك نموونەکانی(2، 4).

7- ئەگەر مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردنی لەگەڵ بەکارهات، ئەوا مۆرفیمی(هۆ) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێ.

## 2-6-8- هاندان و وروژاندان:

هاندان به یەکێ لە ئەرکەکانی زمان دانراوە، بۆ دروستکردنی ئارەزوویەکی تایبەتی لە وەرگر بەکاردێ تا بیوروژێنێ و دڵخۆشی بکا و ڕایپەڕێنێ [محمد معروف فتاح، 1990: 29]، بە هەمان شێوە لە بانگکردنیشدا، هاندان وەك کردەیەکی زمانی، بەکاردێ بۆ وروژاندنی بانگکراو، بۆ جێبەجێ کردنی کارێك، کە زۆربەی جار لە وتارە سیاسیەکان و ئاینیەکان و کۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێت، لەم شێوازەدا بەزۆری پایەی کۆمەڵایەتی هاندەر بەرزترە لە هاندراو(بانگکراو)، وەك:

- ئەی خەڵکی بە شەرەفی کوردستان، ئەمڕۆ ڕۆژی ئێوەیە...
- ئەی قوتابیانی خۆشەویست، ئێوە هەوێنی داهێنانن.
- ئەی کرێکاران، بە بازووی ئێوە وڵات ئاوەدان دەکرێتەوە.
- ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان، ئێوە ڕەمزی بەرگرین.

ئەم شێوازە بەزۆری مۆرفیمی ( ئەی)ی بانگکردنی لە گەڵ بەکاردێ، لە گەڵیا ناوی بانگکراو گەلێ جار دیارخەر وەردەگرێ.

## 2-6-9- هەست بریندارکردن:

یەکێکە لە مەبەستەکانی بانگکردن، نێرەر بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕیانە بانگکراو دەدوێنێ [قیس اسماعیل، 1988: 300]، ئەمەش دەبێتە هۆی سووککردن و بریندارکردنی هەستی وەرگر، بۆ ئەم مەبەستەش نێرەر سوود لە بچووککردنەوەی ناوی کەسەکە یان سیفە نەرێنیەکانی وەك ( شەلە، کۆرە، ...هتد) وەردەگرێت، یاخود بە شێوەی جنێو دەبێت، ئەوکات بانگکردنەکە دەبێتە هەڕەشە.

ئەم جۆرە بانگکردنە کاردانەوەیەکی دەروونی نەرێنی (سلبی) لە وەرگردا پەیادەکا، وەك:

- شەلە، ئەو دەرگایە بکەوە.

ئەم بانگە بەزۆری لە کەسێکی پایەبەرزەوە بۆ نزم یا هاوشان لە پلەوپایە دەبێ.

## 2-6-10- دیاریکردن:

دیاریکردن نزیکە لە ئاگادارکردنەوە و دەستنیشانکردن، بەڵام لەم مەبەستەدا ئاراستەی پەیام لەدیاردەی سروشتی و شتە ماددی و بێگیانەکانە، واتە بانگکردنێکی مەجازییە، نەك حەقیقی، بۆیە(دیاریکردن) داخوازی تێدا نییە و هیچ جۆرە کاردانەوەیەك لە ئاکامی ئەم کردەیە لە بانگکراودا دروست نابێت، تەنیا دەربڕینی هەستی نێرەرە بەرامبەر بانگکراو، ئەم دیاردەیە لە زمانی ئاخاوتندا بەدی ناکرێ، وەك:

- ئەی کۆشك و سەرای باغی بەهەشت مەیلی ئەوابت!

ئەی ئاگری دۆزەخ شەرەری خەشمی گوناهت.         [گۆران، ل65].

- ئەی چاو! چەشنی بازی فەقەس هەڵوەریٚ پەڕت

ئەی گویٚ! زەلیلی چاوم و بەرتۆ پەنا ئەبەم.        [گۆران، ل13].

- ئەی وەتەن بۆ خزمەتت دائیم لە ڕێتا حازرم

باوەڕت بیٚ من لە زومرەی لاوەکانتا نادرم.         [بێکەس، ل19].

## 2-6-11- سەرسوڕمان:

کە بانگکردن بۆ پیشاندانی سەر سوڕمان بەکاردیٚ، ئەوا ئەم بانگکرد نە لە مەبە ستی بن جی خۆی دەر چووە و بۆ مەبە ستێکی تر بەکارهاتووە [ع باس ح سن، 86]، ئە مەش پەیوەندی بە باری دەروونی نێرەرەوە هەیە، وەك:

- ئۆ خوایە، ئەوە ئومەتی وابیٚ ئابڕوش هەیە! خۆ هەر ماوەی نەدام قسەییٚ بکەم. [ئیبراهیم ئەحمەد، ل66].

- پەکوو کوڕە، چەند زیرەکی!.

- پەکوو کچیٚ، چەند زۆرزانی!.

بانگکردن بە شێوەی سەر سوڕمان ما نای گەورەکردنی کارە کە دەگە یەنیٚ، لە د لی گوێگردا [ قیس اسماء یل، 1988: 292]، هیچ داخوازی یەکی تێدانی یە و تەنیا هە ست دەربڕینە.

## 2-7- جیاوازی نێوان سەرسوڕمان و بانگکردن:

بانگکردن و سەرسوڕمان دوو کردەی زمانی و دوو شێوازی ڕێز مانیی ج یاوازن، کە لە لا یەن گەلیٚ لە ڕێزمانن‌وو سە کوردەکا نەوە، لە چوار چێوەی یەك باز نەدا کۆکراونە تەوە و بگرە هەندێکیان هەردوو بابەتیان لە ناو یەك تواندۆ تەوە و بەیە کەوە با سیان کردوون(ﭭ)، ڕەنگە ئەم تێڕوانی نە لەوەوە هات بیٚ کە لە هە ندیٚ باری تای بەتی دا بانگکردن بە شێوەی سەرسوڕمان دەردەبڕدرێت و مۆرفیمەکانیان بە سەربەخۆیی کاردە کەن، بەڵام ئە مە بەها نە نی یە بۆ ئەوەی بەم ڕەهای یە ئەم دوو شێوازە ج یاوازە تێکەڵ ب کرێن، ئەم جیاوازیيا نەی خوارەوە ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن:

1- ئامرازە کانی سەر سوڕمان ( پەکو، پەح، تەح، ئۆف، ئاخ، ئای، وای، ئای ئای، ئۆی ئۆی، ئۆخەی...هتد) بەکاردێن بۆ سەرسوڕماندن لە کار و کردەوەی نائا سایی لە شت و ڕووداوی

---

(ﭭ) بڕوانە، بەشی یەکەم: تێڕوانینی زمانەوانان لەبارەی شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، ل 27.

خۆش و ناخۆش و سەیر. [ڕەفیق شوانی، 2001: 180]، بەڵام مۆرفیمەکانی بانگکردن (ئەی، هۆ، ئەرێ، ـە، ۆ، ێ...هتد) هاوکاری ئەنجام دانی کردەی بانگکردن دەکەن.

2- ئامرازەکانی سەرسوڕمان ڕەگەز پیشان نادەن، بەڵام مۆرفیمەکانی بانگکردن زۆر جار جیاوازی ڕەگەزی دەنوێنن و دۆخی ڕێزمانی بەو ناوە دەبەخشن کە دەچنە سەری(٭).

3- ئامرازەکانی سەرسوڕمان تەنها بە شێوەی سەربەخۆ هەن، بەڵام مۆرفیمەکانی بانگکردن لە شێوەی سەربەخۆ و بەند دان.

4- ئامرازەکانی سەرسوڕمان هیچ چەمکێکی دوور و نزیکی، واتە مەودای نێوان نێرەر و وەرگر پیشان نادەن، وەك لە بانگکردندا دەبینرێ، بۆ نموونە (ئەی) بۆ نزیك، (هۆ) بۆ دوور.

5- ئامرازەکانی سەرسوڕمان بە سەربەخۆیی بەکاردێن، بەڵام زۆربەی جار کە مۆرفیمەکانی بانگکردن بەکاردێن، ناوی بانگکراویان لەگەڵدا بەکاردێت، وەك:

- ئاخ ! لە دەست ڕۆژگاری ڕەش. (سەرسوڕمان)

- ئەی دلێران، بێچووە شێران.

بەسییە، هەستن لە خەو وا بەیانە. [بێکەس، ل181] (بانگکردن).

6- لە دابەشکردنی ئەرکەکانی زمان و ڕستە لە ڕووی واتاوە (سەرسوڕمان پەیوەندی بە هەست دەربڕینەوە دەبێ، کە هەست و ئارەزوو و باوەڕی قسەکەرە بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەری) [محمد معروف فتاح، 1990: 28]، وەك:

- ئاخ دەستم ناگاتە قورتمی!

بەڵام بانگکردن زیاتر پەیوەندی بە داخوازی و فەرماندانەوە هەیە. وەك:

هەستە خوشکم، بۆردومان نەما. [ئیبراهیم ئەحمەد، ل197].

7- لە ڕووی کاتەوە ڕستەی سەرسوڕمان دەشێ ڕابردوو یان ڕانەبردوو بێت، وەك:

- ئۆخەی، لە دەست ناخۆشی ڕزگار دەبین!

- ئاخ، ئەمجارەش دواکەوتین! [ڕەفیق شوانی، 2001: 181].

بەڵام بانگکرنی بنجی بۆ کاتی ئێستایە.

8- لە سەرسوڕماندا (نێرەر بێ ئەوەی گرنگی بدا بە بوون و نەبوونی وەرگر، هەستی ڕاستەقینە و پەنگ خواردووی خۆی دەربارەی توخمێك ( چاك بێ یان خراپ) دەردەبڕی) [عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، 2005: 81]، واتە لە سەرسوڕماندا مەرج نییە گوێگر بوونی هەبێ، بەڵام لە مەبەستە بنجییەکانی بانگکردن گوێگر بوونی هەیە و داواکەی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە.

---

(٭) بڕوانە، بەشی یەکەم: دۆخی بانگکردن، ل 25.

9- سەرسوڕمان دەشێ بۆ هەموو کەسەکان بێت جگە لە قسەکەر، وەك:

ئۆف لە دەست
- تۆ ڕزگارمان بووایە.
- ئێوە
- ئەو
- ئەوان

بەڵام بانگکردن تەنیا بۆ کەسی دووەمە.

10- کردەی سەرسوڕمان ڕێژەییە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، واتە ئەو شتەی بەلای تۆوە جێگای سەر سامییە و مایەی سەر سوڕمانە. ڕەنگە هەمان شت هەستێکی جیاوازتر لە کەسێکی تر دروست بکات.

بەڵام بانگکردن تاڕادەیەك کردەیەکی جێگیرە، تەنیا شێوازی بانگکردنەکە و بەکارهێنانی فۆرمەکانی بانگکردن بە پێی پایەی کۆمەڵایەتی نێرەر و وەرگر دەشێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگۆڕێ.

11- بە گۆڕینی هێز و ئاواز دەشێ ڕستەی خەبەری(هەواڵدان)و پرسیاری، بکرێتە ڕستەی سەرسوڕمان [کوردستان موکریانی، 1986: 67].

- سبەی دەڕوات بۆ دهۆك. (هەواڵدان).

- سبەی دەڕوات بۆ دهۆك! (سەرسوڕمان).

- ئەم ساڵ خوێندن تەواو دەکەی؟ (پرسیاری).

- ئەم ساڵ خوێندن تەواو دەکەی! (سەرسوڕمان).

بەڵام بانگکردن شێوەی تایبەتی خۆی هەیە، بەزۆری لە گەڵ ڕستەی دا خوازی بەکاردێت.

12- ئاوازی ڕستەی سەرسوڕمان جیایە لە بانگکردن(ت)، لە سەرسوڕماندا (ئاوازی ڕستەکە لە نزمی بەرەو بەرزییەو لە نووسینیشدا لە کۆتایی ڕستەکە نیشانەی سەر سوڕمان (!) دادەنرێ) [عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، 2005: 81].

13- دەشێ سەرسوڕمان شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی یاخود هەست دەربڕین بەخراپە بێت کە قسەکەر ناڕەزایی خۆی دەربارەی توخمی مەبەستەکە دەردەبڕێ) [س.پ: 78-80]، وەك:

---

(ت) بۆ ئاوازی ڕستەی بانگکردن، بڕوانە: بەشی سێیەم، بانگکراو و ئاواز، ل98.

- ئای لەو تابلۆیە چەند جوانە!    (هەست دەربڕینی ئەرێنی).
- ئای لەو تابلۆیە چەند ناشرینە!  (هەست دەرپڕینی نەرێنی).

ئەم بارە لە ڕستەی هەواڵدان دەچێ کە ڕاستی و هەڵەی تێدا یە، هەردوو دۆخەکەش هەر هەواڵدانن، بە هەمان شێوە، هەست دەر بڕینی (ئەرێنی و نەرێنی) هەر سەر سوڕمانن، بەڵام لە بانگکردندا ئەم دیاردەیە نییە، چونکە وەك شێوازی داخوازی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

## 2-8- بانگکردنی نازمانی:

ئاخاوتن تاکە شێوازی پەیوەندیکردن بە گشتی و بانگکردن بەتایبەتی نییە، بەڵکو هۆ کاری تر هەن کە مرۆڤ پێشتیان پێ دەبەستێ لە ئەنجامدانی کردە زمانییەکان و سەرکەوتووتر بوونی گۆڕینەوەی پەیامەکاندا، کە دەچنە قاڵبی پەیوەندیکردنی نازمانییەوە، ئەم پەیوەندییە بریتییە لە (گواستنەوەی پەیام بێ ئەوەی زمان بەکاربهێنرێت واتە وشەی تیادا بەکارناهێنرێت، بەڵکو پەنا دەبرێتە بەر شێوازی ئاماژە و هێماکاری و زمانی جەستە...) [شنە ئەبوبەکر، 2008: 22]، پەیوەندیکردنی نازمانی بەرجەستەکەری ئەم بوارانەی خوارەوەیە:

1- دەربڕینی دەنگی نازمانی.
2- گوزارشتکردن بەدەستەکان و بەکارهێنانیان لە کاتی قسەکردندا.
3- گوزارشتکردنی ڕووخسار کە دەم و چاو بە گشتی دەگرێتەوە.
4- چۆنیەتی باری جەستە.
5- جوڵە، [موفق الحمدانی، 2004: 223].

دەشێ هەندێ لە ئەندامانی جەستە و دەنگی تایبەتی، وەکو هێمایەکی نازمانی بەشدارییەکی کارایان هەبێ لە ئەنجامدانی کردەی بانگکردن، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین کە ((هێماکاری بەندە بە پێکهاتن و ڕێککەوتنی کۆمەڵە خەڵکێکەوە، واتە لە هێماکاریدا مرۆڤەکان بە ئارەزوو و خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لە ناو خۆیاندا پێکبێن، شتێك دانێن بە هێما بۆ شتێکی تر)) [محمد معروف فتاح، 1985: 44].

لە بانگکردنی نازمانیدا، هەندێ لە ئەندامانی جەستە ڕۆڵی کارایان هەیە، هەندێ جار بەتێکەڵی لەگەڵ زمانی گۆکراودا ئەم ئەرکە دەبینن، بۆ نموونە کاتێ بانگکراو دوور بێت لە پاڵ دەربڕینی زمانیی تایبەت بە بانگکردنی دوور، دەستیش بەکاردێ، ئەمە بە بەرزکردنەوە

و دا گرتنی بۆ خوارەوە چەند جار ێك لە سەر یەك، ئەم واتا یە دەگە یەنێ، بێ هیچ دەربڕینێکی زمانیش هەمان واتا بەدی دەکرێ.

خۆ ئەگەر بانگکراو نزیك بێت تەنها لە پی دە ست و پە نجەکان بەکاردێ، دە شێ یەك دە ست یان هەردوو دە ست بەکاربێ هەروەك زۆر جار دەب ینین کا تێ مرۆڤێ کی گەورە، م ندالێکی ساوا بانگ دە کات، بۆ ئەم مەبە ستە هەردوو لەپی دە ستی بەهەڵگەڕاوەیی، بە ئاراستەی سەرەوە و بە شێوەیەکی ئاسۆیی چەند جارێك لە سەریەك دەجولێنێ تەوە، هە ندێ جاری تر تەنها یەك پەنجەی دەست دەتوانرێ بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنرێ.

ج گە لە ئاماژە کانی (دە ست)، ( سەر)یش لە ز مانی جە ستەدا بە شداری دە کات لە ئەنجامدانی کردەی بانگکردن، ئەمەش بە بەرزکردنەوە و دا گرتنی چەند جارێکی سەر، بە ئاراستەیەکی ستوونی، وا تای بانگکردن دەگە یەنێ، ئا ماژەی ( چاو)یش زۆر وا تا دەگە یەنێ، یەکێکیش لەوانە بانگکردنە.

ج گە لە ز مانی جە ستە، گەلێ (دەنگ) یش، وە کو هێما یەکی ناز مانی سودییان لێ وەرگیراوە، بۆ گەیاندنی پەیامی بانگکردن بە بانگراو، بۆ نموو نە دەنگی زەنگولی کلێ ساکان بەرام بەر بە (بانگدان)ی مزگەو تەکان دەوە ستێ، کە وا تای بانگکردن و ئاگادارکرد نەوە دەبەخشێ.

دەنگی (هۆڕینی) ئۆتۆمبێل بە پێی ئەو دەوروبەرەی کردەکەی تێدا ڕوودەدات، هە ندێ جار بۆ بانگکردن بەکاردێ، گەلێ جاریش واتای هەڕەشەکردن و ئاگادارکردنەوە... دەدات. بۆ نموونە کاتێك شوفێری ئۆتۆمبێلێك چاوەڕوانی هاوڕێیەکی دەکات لە بەر دەر گای ماڵێك یان دوکان ێك...، کا تێ ئەم چاوەڕوانییە کەمێك در ێژە دەکێ شێ، شوفێرەکە، دەن گی هۆڕینی ئۆتۆمبێلە کەی بۆ مەبە ستی بانگکردن بەکاردێنێ، هەمان وا تا لە دەن گی زەن گی کار بەدەستێك(بەڕێوەبەرێك) بۆ سکرتێرەکەی یان بەردە ستەکەی دەبی نرێ. جگە لەم دەنگا نە هەندێ دەنگی تر بۆ چەمکی بانگکردن بەکاردێن، لەوا نە دەنگی تەپڵ و بوقی سەربازی و دەنگی کورتە زەنگی مۆبایل(نوکە)ی دوو هاوڕێ بۆ یەکتری بە پێی ڕێککەوتنی نێوان یان، بۆ بانگکردن بەکاردێن... ئەوەی جێ گای سەرنجە زۆر بەی ئەم دەنگا نە، خەڵکانێکی زۆر دەیانبیسن، بەڵام کەسی بانگکراو درك بەوە دەکا ئارا ستەی پەیام ڕووەو ئەوە، نەك هەموو ئەو کەسانەی لە دەوروبەرەکە ئامادەن.

# بەشی سێیەم

## سیماواتایی و سینتاکسییەکانی بانگکراو و شێوازەکانی بانگکردن

## 3-1- ناوی بانگکراو:

یەکێك لە کەرستە سەرەکییەکانی بانگکردن (ناو)ـە، کە ڕۆژانە لەگەڵ کەسایەتی تاك دێت و بەهۆیەوە ئاماژە بەو کەسە دەکرێت، کە بانگ دەکرێت [Lyons, 1977: 218] وەك زۆربەی بوارەکانی تری زمان لە بارەی پێناسەی ( ناوی بانگکراو)ەوەش، بۆ چوونێکی گشتگیر نییە، بۆ نموونە زمانەوانانی عەرەب، پێناسەی(ناوی بانگکراو) یان کردووە، کە (ناوێکی دیارە، داوایەکی لێ دەکرێ، یان تەنیا ڕووی تێدەکرێ و دەکەوێتە دوای ئامرازی بانگکردنەوە) [ عزام عمر، 2001: 254]. زمانەوانانی کورد بەم شێوانەی خوارەوە پێناسەی (ناوی بانگکراو)یان کردووە:

1- (ئەو ناوەیە کە هەر بۆ بانگکردن و ڕووتێکردن بەکەڵك ئەهێنرێ، لەگەڵ هیچ کارێکا پەیوەندی نییە) [تەوفیق وەهبی، 1929: 48].

2- (ئەو ناوەیە دەکەوێتە دوای ئامرازەکانی بانگکردنەوە) [نوری علی أمین، 1956: 74].

3- (ئەو ناوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی یەکێك لە ئامرازەکانی بانگکردن وریای بکاتەوە) [جگرخوین، 1961: 86].

دیارە پێناسەی(2) و (3) لەژێر کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبیدا داڕێژراون، چونکە لە ڕێزمانی عەرەبیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە ناوی بانگکراو بەردەوام لە دوای مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن دێت، بەڵام پێناسەی(1) لەژێر کاریگەری ڕێزمانی ئینگلیزی داڕێژراوە، چونکە لەم ڕێزمانەدا مۆرفیمەکانی بانگکردن بوونی نەماوە و سەربەخۆییەکی تەواو بە ناوی بانگکراو دراوە(تێ). لەم ڕووەوە ڕێزمانی کوردی لە هەردوو ڕێزمان جیاوازە، چونکە ئەنجامدانی کردەی بانگکردن لە زمانی کوردیدا شێوەیەکی چەسپاوی نییە و ئەمانە یاسا جیاوازەکانی داڕشتنیەتی:

1- | ناوی بانگکراوی کەسی (مرۆڤ ناو) | وەك:

- هێمن، کتێبەکە لەگەڵ خۆت بێنە.

ئەم شێوازە لە زمانی کوردیدا بڵاوە، کە کردەکە تەنیا بە هۆی ئاوازی تایبەت بە بانگکردن جێبەجێ دەکرێ.

2- | ناوی گشتی بانگکراو + مۆرفیمی بەندی بانگکردن | وەك:

(تێ) بڕوانە: بەشی یەکەم، دۆخ و دۆخی بانگکردن، ل 25.

کچ + ێ ⟵ کچێ ، کچ + ینە ⟵ کچینە.

کوڕ + ـە ⟵ کوڕە ، کوڕ + ینە ⟵ کوڕینە.

3- **مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن + ناوی بانگکراوی گشتی + مۆرفیمی بەندی بانگکردن**

وەك:

- هێی کیژێ ، گۆزەکە نەشکێنی.

- هۆی کوڕە ، بەرخەکانت نەکەیتە دەغڵەکەوە.

4- **مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن + ناوی بانگکراوی تایبەتی** وەك:

- ئەرێ هێمن، چەند جارم پێ ووتی، کتێبەکەم بۆ بێنە.

5- **ناوی بانگکراوی کۆمەڵ + مۆرفیمی بەندی بانگکردن** وەك:

گەل + ۆ ⟵ گەلۆ، ئەمڕۆ ڕۆژی بڕیاردانە.

نوا ندنی بانگکردن، بەم ڕێگا جیاوازا نە، ئەم ئەنجا مە بە دە ستەوە دەدات کە ناوی بانگکراو لە زمانی کوردیدا، ناوێکە بە ڕێگایەك لە ڕێگاکانی ئەنجامدانی کردەی بانگکردن و بۆ مەبەستێکی بانگکردن داوایەکی ئاراستە دەکرێ یا تەنیا وشیاردەکرێتەوە. ناوی بانگکراو، وەك زاراوەیەکی ڕێزمانی ((بەو کەسە دەوترێ کە لە لایەن بانگکەرەوە بانگ دەکر ێت، وا تە ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بەدەم بانگەکەوە بچێت، بانگکراو وەك گوێگر وایە ئەگەر نز یك بێ)) [ساجدە عبداللە فەرهادی و شلێر ڕەسوول محەمەد، 2009: 123].

## 2-3- سیماو شێوەکانی ناوی بانگکراو:

لە زمانی کوردیدا، ناو لە چەند ڕوویەکەوە، پۆلکراوە(⁂)، لە کردەی بانگکردن بە گشتی (مەجازی و ڕاستەقینە)، تایبەتی جیاجیا لە ناوی بانگکراودا بەدی دە کرێ، ئەم نموونا نەی خوارەوە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن:

1- هێرۆ هێرۆ، موژدەم بەرێ... [ناصر حسن، درامای ژاڵە].

2- دابەزە کوڕە، دابەزە... [س.پ].

3- کوڕینە، ئەو ڕۆژانە ڕۆژی وەهانین، کە پیاو بە سوك و ئا سانی لە بیر یان بکات [محە مەد مەولود-مەم-، ل251].

---

(⁂) بڕوانە: [ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1979: 93-218].

4- ئەی وەتەن، بۆ خزمەتت دائیم لە ڕێتا حازرم

باوەڕت بێ من لە زومرەی لاوەکانتا نادرم [بێکەس، ل19].

5- کوردە تۆ بگری بۆ قارەمانت

بۆ لاوی چاك و مەردی مەردانت [س.پ، ل20].

6- ئەی موسوڵمانان، دین تەنیا ڕۆژووگرتن و نوێژ نییە.

7- ئەی ڕۆڵەکانم، ئێوە هیوای ئایندەن.

8- کوڕەکە کوڕەکە، ئەو بەردە لابە لەسەر ڕێگاکە.

9- گەلۆ، ئەوە چ ژیانێکە ئێمەی تێدا دەژین [محەمەد مەولود-مەم-، ل249].

**گرنگترین سیماکانی ناوی بانگکراو لە نموونەکانی سەرەوە:**

1- هێرۆ ⟵ [ + تایبەتی + مێ + هۆشمەند(عاقل)]

2- کوڕە ⟵ [ + گشتی + نێر + هۆشمەند + تاك ]

3- کوڕینە ⟵ [ + گشتی + نێر + هۆشمەند + کۆ ]

4- وەتەن ⟵ [ + گشتی + بێ لایەن + بێ گیان + تاك ]

5- کوردە ⟵ [ + تایبەتی + تاك + هۆشمەند ]

6- موسوڵمانان ⟵ [ + گشتی ± نێر + کۆ + هۆشمەند ]

7- ڕۆڵەکانم ⟵ [ + گشتی ± نێر + کۆ + هۆشمەند ]

8- گەلۆ ⟵ [ + کۆمەڵ ± نێر + هۆشمەند ].

دەستنیشانکردنی سیماکانی بانگکراو، بەم شێوانەی سەرەوە، بۆ هەموو مەبەستەکانی بانگکردن دەشێ. بەڵام ئەگەر شێوەکانی بانگکراوی ڕاستەقینە پۆلبکرێ، واتە (ئەو ناوانەی کە هۆشمەندن و لە ئەنجامی کردەی بانگکردندا کاردانەوەیان تێدا بەدی دەکرێ)، دەبێ پەیڕەوی ئەم دابەشکردنەی خوارەوە بکرێت:

**أ- ناوی تایبەتی مرۆڤ، وەك: - وشیار، وەرە.**

**ب- ناوی گشتی(بریناو)، دابەش دەبێتە سەر ئەم جۆرانەی خوارەوە:**

**1- ئەو ناوانەی چەمکی خزمایەتی دەگەیەنن، وەك:**

دایە، باوکە، خاڵە، خاڵۆ، مامە، ئامۆزا، خاڵۆژن، مامۆژن، پوورێ، پلە، میمی، خوشکە، برام، کاکە، خوارزا...

ئەمانە زۆر بەکاردێن، بەڵام مەرج نییە ئەم فۆرمانە، بەواتا فەرهەنگییەکەیان بەکاربێن، بەڵکو دەشێ بۆ کەسانی تریش بەکاربێت، بۆ نموونە دروستە بانگی ئافرەتێکی

بێگانە بکەی بە وشەی(خوشکم) [Mohammed, 1987: 28]. ((زۆر فۆرمی تر هەن هەر لە بواری خزمایەتین، بەڵام بۆ بانگکردن ناشێن و لە بری ئەوان وشەی تر بەکاردێن بۆ نموونە لە کوردیدا زاراوەکانی(کوڕەزا و کوڕەزازا و کچەزا...) لە بانگکردندا بەکارناهێنرێن:

- کوڕەزا کوڕەزا، ئەو کورسییەم بۆ بێنە*.

بەڵکو لە جیاتی ئەوە، ئەگەر بانگکراو کوڕەزای بانگکەریش بێت، بە زۆری فۆرمەکانی(کاکە) (ڕۆڵە)، یاخود تەنیا ناوی بانگکراوەکە بۆ بانگکردنی دەهێنێت)) [هۆگر مەحموود فەرەج، 2000: 165].

## 2- ناونیشانەکانی ڕێزگرتن، وەك:

گەورەم، بەڕێز، خانم، خاتوون، جەناب...

## 3- ناونیشانە فەرمییەکانی کاروباری دەوڵەتی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، وەك: مامۆستا، دکتۆر، سەرۆك، سەرۆك وەزیران... [Quirk & Greeenbaum, 1995: 183].

- داوا لە جەنابی سەرۆك دەکەین، بفەرمووێت بۆ پێشکەشکردنی وتەکەی.

بە هەمان شێوەی فۆرمەکانی بواری خزمایەتی، مەرج نییە هەرکات بانگی یەکێك کرا بە وشەیەکی وەکو (مامۆستا) واتا فەرهەنگییەکەی وشەکە لە کەسەکەدا بەدی بکرێ.

هەندێ زاراوەی بواری کارگێڕی بە کەمی بۆ بانگکردن بەکاردێن وەك: (فەرمانبەر، پارێزەر، ئەندازیار...) مەگەر بریناوێکیان لەگەڵدا بەکاربێت، وەك:

- جەنابی پارێزەر، ئێستا کاتی دادگاییەکەیە.
- جەنابی ئەندازیار، کرێکارەکان چاوەڕوانی ئێوەن.

## 4- ناوی هەندێ پیشەی بازاری: چایچی، عارەبانچی، پاکەت فرۆش...هتد.

هەندێ جار کاسبکارە دەستگێڕەکان، بە ناوی پیشەکانیانەوە یان (ئەو شتەی دەیفرۆشن) بانگ دەکرێن.

## جـ- بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە جیاتی ناوی بانگکراو:

جاری وا هەیە سوود لە هەندێ سیفەتەکانی بانگکراو دەبینرێ بۆ بانگکردن، جا سیفەتەکە(ئەرێنی) بێ وەك: چاوجوان، چاوڕەش، لاوۆ، عاقل، شیرینەکەم، ئازیزم... یاخود(نەرێنی)بێ، وەك: شەلە، گۆجە، کۆرە، .. [Quirk etal, 1987: 774].

- چاوڕەش، وەرە ئەو دەرگایە بکەوە.
- شەلەی قۆڵبڕ، دە وەرە بزانم ئەمجارە قۆڵی کێت بڕیوە.

**د- بانگكردن بە هۆی(جێناو)ەوە:**

بانگکردنی بە جێناو شتێکی دەگمەنە بە کەمی ڕوودەدات [الشيخ مـصطفی الغلا ييني، 2006: 505]. پێدە چێ هۆی ئە مە، ئەوەبێ ئەم شێوازەی بانگکردن، بەزۆری(بۆ هێنانەخوارەوەی پایەی کۆمەڵایەتی بانگکراو و ئاگادارکرد نەوە لە کاری نا بەجێ بەکاردێ، کە لە زمانی ئینگلیزیدا، جێناوی (you- تۆ)ئەم ڕۆڵە دەبینێ، وەك:

- تۆ، خۆت بەڕەوشت کە.
- خۆت بەڕەوشت کە، تۆ. [Quirk & Greeenbum, 1995: 183]

لەم جۆرە بانگکردنەدا، نابێ ماوەی نێوان بانگکەر و بانگکراو دووربێت.

لە زمانی کوردیدا، جگە لە کەسی دووەمی تاك(تۆ)، کەسی دووەمی کۆ(ئێوە) بەکاردێ، کەسەکانی تر بەکارناهێنرێن لە بانگکردن.

- تۆ، وەرە.
- ئێوە، وەرن.
- ئەوان، وەرن*.

هەندێ جار فۆرمی(هێی)ی لەگەڵ بەکاردێ، وەك:

- هێی تۆ، ئاگاداری خۆت بە.

## 3-3- بانگکردنی کەسی نەناس:

کاتێ بانگی کەسێك بکرێ کە ناوەکەی نەزانرێ پەنا دەبرێتە بەر شێوازی زمانیی جیاواز، بە پێی ئەو جیاکاریا نەی لە پێگەی کۆمەلا یەتی بانگکراودا دەبینرێ، بانگکەر بە ئارەزووی خۆی ڕێگایەك هەڵدەبژێرێ [عباس حسن، - : 76]. بۆ نموونە ڕەنگە بانگکەر پەنا بەرێتە بەر سیفەتێکی بانگکراو یان پیشەکەی، وەك:

- چاو جوان، نایەی لە گەڵمان.
- ئەی مامۆستای بەڕێز، ماندووی.

خۆ ئەگەر ناو و پیشە و سیفەت نەزانرا، ئەوا پەنادەبرێتە بەر شێوازی تری وەك:

- ئەی گوێگر، ڕزگارم کە.
- هۆ برای بەڕێز، ئاگات لە ئێمەش بێت.
- کابرا، لە کو ێوە د ێی؟ [ ساجدە عـبداللە فەرهادی و شلێر ڕە سول محـمد، 2009: 130].

بریناوه کان به گ شتی ڕۆ ڵی کارا یان هه یه، لەم جۆرە بانگکرد نەدا و هه ندێکیان بەکارهێنانیان زیاترە، لەوانە: مامۆستا، وەستا، برادەر، ئامۆزا، پووری...

جاریش هەیە جێناوە سەربەخۆکانی (تۆ/ئێوە) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت.

## 3-4- کورتکردنەوەی ناوی بانگکراو:

جار هەیە لە کاتی بانگکرد ندا، ناوی بانگکراوی تای بەتی بە سووکی دەدرکێ ندرێ و گۆڕان لە فۆنیمەکانی کۆ تایی ناوەکە ڕوودەدات [الشیخ مـصطفى الغلا ييني، 2006: 510].

ئەوەی جێی ئاماژە یە (( لە ز مانی کورد یدا، ئەم گۆڕانکارییا نە بە مەبە ستی ( سوککردن و بچووکردنەوە) بەکاردێ، ئەمە جگە لە وزە بەفیڕۆ نەدان و ئاسان دەربڕین، وەك:

نازەنین ⟵ نازە.

ناسك ⟵ ناسکە.

ئەم گۆڕانانە شێوەیەکی چەسپاویان نییە، لەهەر شێوەزارێك بە جۆرێکە))، [ ساجدە عـبدالله فەرهادی و شلێر ڕەسول محمد، 2009: 133].

ئەم جۆرە بانگکردنە ڕەنگە هەندێ جار لە خۆشەویستییەوە بێ یان بە پێچەوانەوە، بۆ سوکایەتی پێکردنە، یا لە ئەنجامی چەندان هۆ کاری تری، وەك: ( بەخێرایی هێنا نەدی ئا مانجی بانگکردنە کە، یا بوونی نەخۆ شیەکانی ز مان گرتن لە کە سی بانگ کەر، یا بۆ ڕێککەوتنی کێش و سەروای شیعرە...) [فاضل صالح السامرائي، 2002: 286].

- کوڕم ... شەریفۆك...شەڕۆ... وەرە... وەرەنان بخۆ. [محەمەد مەولود-مەم-، ل268].

لەم نموونە یەدا ناوی( شەریف) بە دوو شێوازی جـیا بـچووککراوەتەوە بۆ مەبە ستی خۆشەویستی، ئەم خوێندنەوەیەش لە ئەنجامی بەکارهاتنی (کوڕم)ـە، ئە گەر ئە مە نەبووا یە بچووککردنەوەکە لێکدانەوەی تری بۆ دەکرا.

## 3-5- کرتاندنی ناوی بانگکراو:

هەندێ جار ناوی بانگکراو لەو گوتنا نەی کە بۆ یەکێك لە مەبە ستەکانی بانگکردن بەکاردێت، دەکرتێ ندرێ. بەڵام بەو شێوە فراوا نە نی یە، کە لە کرتا ندنی مۆرفیـ مەکانی بانگکرد ندا بەدی دە کرێ. زما نەوان هە یە پـ یێ وا یە ( بانگکراو تەنیا لە حا ڵەتی ئاگادارکردنەوەدا دەکرتێندرێ، ئەو کات ئامرازی بانگکردن دەبێ تە ئامرازی ئاگادارکرد نەوە. ڕەوانب ێژەکان دە ڵێن کە بانگکراو دەکرتێ ندرێ، ئامرازی سەربەخۆی بانگکردن هەر بە ئامرازی بانگکردن دەمێنێتەوە) [قیس اسماعیل، 1988: 276].

لە زمانی کوردیدا، ناوی بانگکراو دەکرتێندرێ، گەر بانگکراو نزیك بێ لە بانگکەر و لە دوای مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن کارێکی لە شێوەی پرسیار هەبێت، وەك:

- ئەرێ، دەچیت؟ ناچیت؟ [ساجدە عبدالله فەرهادی و شلێر ڕەسول محەمەد، 2009: 133].

وەك تێ بینی دە کرێ لە زۆر حاڵە تدا ناوی بانگکراو لەدوای ( ئەی، ئەرێ) دەکرتێ ندرێ(٭). هە ندێ جاری تر(( تەنیا کاری ڕ ستەکە بەدەردە کەوێ، ئاوازی گوتنە کە پیشانی دەدا، کە بانگکردنە)) [س.پ:133].وەك:

- دێیت؟ ← ئازاد، دێیت؟

جاری واش هە یە، لەو جۆرە پەیاما نەی، کە بانگکراوی تێدا کرتێ ندراوە، دەر بڕینی وەك: (ببوورە، تکا دەکەم، بێ زەحمەت...) دەردەکەوێ:

- ببوورە، شوێنەکەم لە کوێیە؟

- تکادەکەم، دەنگی ڕادیۆکە کزکە.

- بێ زەحمەت، هەندێ گوڵاوم دەدەیتێ؟ بڕوانە: [Mohammed, 1987: 32].

## 3-6- ڕۆڵی بانگکردن لە ناساندنی ناوی بانگکراودا:

ئەو ئاوازە تایبەتی یەی لە دۆ خی بانگکرد ندا بەکاردەهێنرێت ڕا ستەوخۆ ئارا ستەی بانگکراو دەکر ێت، بۆ یە ئاواز و مۆرفیـ مە تایبەتی یەکانی ئەم دۆ خە، دەب نە هۆی دەستنیشانکردنی گوێگر و ناوی بانگکراوی گشتی تایـبەتی نا سیاری بەم دۆ خە وەردەگر ێت، [شلێر نایف ئەمین، 2007: 68]. ئەم بارە نزیکە لەو ڕۆ ڵەی، کە ئامرازە کانی نیـشانە لە نا ساندنی ناوی گ شتیدا دەیب ینن و تای بەتی نا سیاری بە ناوە کە دەبەخ شن، بۆ یە دە کرێ بوترێ (کە ناوی گشتی بانگ دەکرێت، لە نەناسراوییەوە دەبێتە ناسراو، وەك:

- ئەی سوار، ڕاوەستە هەتا دێم.

وشەی (سوار) نەناسراوە، بەڵام بە بانگکردنە کە بۆ تە نا سراوێکی مەبە ستدار) [نوری علی امین، 1956: 76]. جیاوازیی نێوان ناوی بانگکراوی ناسراو و نەناسراو، وەك جیاوازیی نێوان هەردوو دەربرینی (ئەرێ پیاو...) و (ئەرێ ئازاد...) وا یە، (پیاو) نەنا سراوە، بەهۆی نی شانەکردن و بانگکرد نەوە دێ تە نا سین، بەڵام (ئازاد) نا سراوە، بەر لە بانگکردنە کەش [فاضل صالح السامرائي، 2002: 2003].

---

(٭) بڕوانە: بەشی دووەم، مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن: ل 44.

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، یەکێ لە سیماکانی [ەکە]ی ناسیاری هاوکاری کردنی ئەنجامدانی کردەی بانگکردنە(ت)، ناوی گشتی بانگکراو دەکاتە ناسراو، وەك (پیاوەکە، ژنەکە، کچەکە). کە لە بانگکردندا دەچێتە سەر ناوی تایبەتی، زیاتر واتای خۆشەویستی و نەرمی نواندن دەگەیەنێ، ناوەکە بە بچووککراوەیی دەردەبڕدرێت، وەك: ئازەکە، حەمەکە، شێرەکە... جاری واش هەیە، مۆرفیمی [ەکە]و مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن پێکەوە لە کردەی بانگکردن کۆدەبنەوە، دەستنیشانکردنەکە پتەوتر دەکەن، وەك:

- ئەی تۆپەکە، فوت بۆڵەکە...
- هۆو کوڕەکە کوڕەکە، تا ئێرە وەرە.

ئەوەی کردەی بانگکردن لە ناساندنی ناوی بانگکراو نزیك دەکاتەوە، تەنیا(ئاماژەکردن و دەستنیشانکردنی ناوی مەبەستە) [کریم حسین، 2006: 408] بەو مەرجەی گوێگر بزانێ بانگەکە ئاراستەی ئەو کراوە، بەم هۆیەوەش کاردانەوەیەکی تێدا بەدی بکرێ.

## 3-7- بانگکراو و فرێزی ناوی:

بانگکراو لە قاڵبی فرێزێکی ناویدا دادەڕێژرێ [Quirk etal, 1987: 773]، لە (سەرە)یەك پێکدێت و دەکرێ لە هەردوو لاوە فراوان بکرێت. مەرج نییە هەموو ئەو کەرستانەی بەشداری فراوانکردنی فرێزی ناوی ئاسایی دەکەن، بتوانن فرێزی ناوی بانگکراو فراوان بکەن، بۆیە لەم ڕووەوە، ئەم جۆرە فرێزە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەمانەی خوارەوە گرنگترین یاساکانی داڕشتنی فرێزی ناوی بانگکراون:

1- | ف.ن.با ← ن / ج (تۆ، ئێوە) | وەك:

- ئازاد، جانتاکەم بۆ بەرە سەرەوە.
- وەستا، دیوارەکە تەواو بوو.
- تۆ، خۆت نەناس مەکە، باشت دەناسم.

2- | ف.ن.با ← ن + و + ن | [Amin, 1976: 2-11]. وەك:

- بڕواو و ڕابەر، تا ئێرە وەرن.
- کچ و کوڕینە، وەرن.

---

(ت) بڕوانە بەشی دووەم، مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن، ل 50.

3- **ف.ن.با ← خۆ.ن + باوك.ن + باپیر.ن** وەك:

| | | |
|---|---|---|
| | دیارخراو | دیارخەر |
| ئالان | عەبدوڵڵا | مەجید |
| خۆ.ن | باوك.ن | باپیر.ن |
| دیارخراو | دیارخەر | دیارخەر |

**ئەم دە ستورە بەزۆری لە ئیش و کاری دەو ڵەتی و فەرمـ یدا بەکاردێت، بڕوا نە: [محەمەد فاروق عومەر سدیق، 1990: 30]، واتە ئەم شێوازەی بانگکردن کا تێ بەرکاردێ، کە کەسێك لە چاوەڕوانی کارێکی فەرمیدا یە و بانگکەر بە ناوی سیانی یا چواریی بانگی دەکات.**

4- **ف.ن.با ← بری.ن + خۆ.ن** .

**ئەو بریناوانەی دەچنە پێش خۆناوەو ئەمانەن:**

**مامۆستا، وەستا، حاجی، شێخ، سەید، سۆفی، دەروێش، مەلا، فەقێ....**

**وەك: - مامۆستا فەرهاد،...**

**- شێخ سەعید،...**

ف.ن

| | |
|---|---|
| شێخ | سەعید |
| دیارخەر | دیارخراو |

**هە ندێ جار دوو بری ناو لە سەرەتادا د ێن، وەك: حاجی شێخ عەلی، حاجی سەید ئەحمەد... بڕوانە [س.پ: 33]. ئەم شێوازە بە کەمی لە بانگکردندا دەردەکەوێ.**

5- ف.ن.با ← مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن + ن .

**بانگکراو، دەکرێ. سیمای ± عا قل ± بێ گیان وەربگرێ، لە بانگکردنی ڕا ستەقینە و خوازەیی(مەجاز)یدا، وەك:**

**- یا محەمەد، دەردە دارم تۆی تەبیبی دەردمی.**

**- ئەی نیشتمان، ئامادەم گیانم لە پێناوتا فیدا بکەم.**

تەنها مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن و بریناوەکان توانای دەرکەوتنیان هەیە، لە پێش سەرەی فرێزی ناوی بانگکراو. کۆمەڵێك کەرستەی تر هەن دەشێ لە دوای ناوی بانگکراوەوە دەرکەون، وەك: (مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن، [ەکە]ی ناسیاری. [ان]ی کۆ، جێناوی لکاوی (م)ی خاوەنێتی، جێناوی خۆیی کەسی یەکەم، ناو، ئاوەڵناوی چۆنی، بریناو، ف.ن).

6- | ف.ن.با ← ن + ـە/ۆ ، یێ، ینە | وەك:

- کوڕیینە، بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ.
- کاکە، .....
- گەلۆ، ....

7- ف.ن.با ← ناو + ەکە ، وەك: کوڕەکە، ...

ف.ن.با ← ناو + ان ، وەك: خوشکان، برایان، ...

ف.ن.با ← ناو + جێناوی لکاوی(م) خاوەنێتی، وەك: کوڕم، ...

| ف.ن.با ← ن + ەکە + ان + م | [Amin, 1976: 36]، وەك:

- براکانم، خوشکەکانم، ....

جێناوی لکاوی(م)، کۆتایی فرێزەکە دادەخا و هیچ کەرستەیەکی تر لە دوای ئەو، ناتوانێ فرێزەکە فروان بکات.

8- | ف.ن.با ← ن + ی + جێناوی خۆیی کەسی یەکەم | وەك:

- کوڕی خۆم، کچی خۆم...




9- | ف.ن.با ← ن + ی + ن/ئا | وەك:

- باوکی ئازاد، چێشتەکە خەریکە سارد دەبێتەوە.
- کوڕی باش، ئەو کەلاوە کۆنە ماڵی کێ بووە، وا تەخت کراوە؟ [ئیبراهیم ئەحمەد: ل176]

دیارخراو دیارخەر

خستنەسەر

10- | ف.ن.با ← ن + ـە + ئا |

کە ناوەکە ناسراو بێت، مۆرفیمی [ەکە]ی ناسیاری، دەچێتە کۆتایی ئاوەڵناوەکە، وەك:

- کەنیشکە جوانەکە، بۆچی فریبی حوسن و جەماڵ

هەڵت ئەداتە سەمای تەکەبور و عەظەمەت.

[گۆران، ل70].

کەنیشکە جوانەکە، ...




ناوی بانگکراو هەرگیز [ێك] وەرناگرێ، سەیری ئەم نموونانە بکە:

- کچە جوان، بڕۆ لەوێ دانیشە.

- کچە جوانێك، بڕۆ لەوێ دانیشە* .

- کوڕی باش، ئاگات لە ئێمەش بێ.

- کوڕێکی باش، ئاگات لە ئێمەش بێ* .

11- | ف.ن.با ← ن + ی + ف.ن | وەك:

- جەماوەری گەلی کوردستان، یەکگرن.



(دیارخەر)

12- (( | ف.ن.با ← خۆ.ن + بری. ن/لەقەب | وەك:

- عەبدوڵڵا بەگ، ...

- سەلیم ئاغا، ... )) [محەمەد فاروق عومەر سدیق، 1990: 33].

دیاخراو دیارخەر

دەکرێ لە (ف.ن. با)دا، کەرستەکانی پێشەوە و دواوە پێکەوە، بە شداری فروانکردنی فرێزەکە بکەن، وەك:

- حاجی کەریم ئاغا، ... [س.پ، 33].

(دیارخەر) (دیارخراو) (دیارخەر)

- هۆ کاك ئەحمەدی شێخ، هاوارە.

دیارخەرەکانی (سەرە) دیارخەری دوای سەرە

پێش سەرە (دیارخراو) خستنەسەر.

## 3-8- دابەشبوونی (بانگکراو) بەسەر جۆرەکانی ڕستە:

ڕستە لە چەند ڕوویەکەوە پۆلکراوە، بانگکراو لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی ڕستەدا دەردەکەوێ، وەك:

**یەکەم/ لەڕووی واتاوە: بانگکراو لەگەڵ هەر چوار جۆرە سەرەکییەکەی ڕستە بەکاردێ(ت):**

1- **هەواڵدان:** لە ئەنجامدانی کردەی بانگکردندا دەشێ هەواڵێك ئاراستەی بانگکراو بکرێ، وەك:

- بابە بابە، میوانمان هات. [عبدالله سەراج، ل52].

2- **ڕستەی پرسیارکردن:** بەهۆیەوە پرسیار ئاراستەی کەسێ دەکرێ، بەهۆی ئامراز و بێ ئامراز، وەك:

- سێوێ کیژێ سێوێ، کا نازە لە کێیە؟ [طلعت سامان، درامای کەوەکانی قەرەچوغ].

- هۆ جوتیار، ئەحمەدی میران لە مارە؟

3- **فەرماندان:** گەلێ جار دوای بانگەکە داوایەك ئاراستەی بانگکراو دەکرێت، وەك:

- چەتۆ، برۆ بزانە مام هەینی حازرە [س.پ].

---

(ت) ساجدە عبداللە فەرهادی و شلێر ڕەسول محمد، 2009: 128-129. لەم باسەدا، ناوی بانگکراو لەگەڵ ڕستەی پرسیارکردن و فەرماندان و هەواڵدان و بەکارهێنراوە.

4- **ڕستەی سەرسوڕمان:** دەشێ لە دوای بانگکراو ڕستەی سەرسوڕمان دەردەکەوێت، وەك:

- کاروان کاروان، ئای لەو گوڵە چەند جوانە!

**دووەم/ لەڕووی پێکهاتەوە:** بانگکراو لەگەڵ ڕستەی سادە و ناسادە، دەردەکەوێ:

**1- ڕستەی سادە:**

أ- ئازاد، هاتی؟

ب- دایکە، کاوە کتێبەکەی دڕاند.

جـ- دایکە، کاوەی برام لە تاقیکردنەوەکە یەکەم بوو.

**2- ڕستەی نادسادە:**

أ- ڕستەی لێکدراو، وەك: - ئازاد، یان وەرە ژوورەوە یان بڕۆ.

ب- ڕستەی ئاوێتە، وەك: - ئازاد ئازاد، ئەگەر هاتییەوە، هەندێ میوە لەگەڵ خۆت بێنە.

**سێیەم/ لەڕووی کار ئەنجامدانەوە:**

1- ڕستەی ئەرێ، وەك: کاکل کوڕە کاکل، وەرە بگەڕێوە.

2- ڕ ستەی نەرێ، وەك: جەو هەر، قام چی و حەیزەران هەموو دە مێ بەکارنایێ. [طلعت سامان، درامای کەوەکانی قەرەچوغ].

## 3-9- شوێنی بانگکراو لە ڕستەدا:

کا تێ بانگکراو لە گەڵ ڕ ستەدا دەردە کەوێ، تاڕادە یەك لەڕووی شوێنەوە، شێوەیەکی سەربەخۆی هە یە و دە کرێ لە سەرەتا یان ناوەڕا ست یا کۆ تایی ڕ ستەدا بـ ێت [Qurik & Greenbaum, 1995: 182] بەپێی پێوی ستی کردە کە و جۆری پەیوەندییەکە.

### 3-9-1- بانگکراو لە سەرەتای ڕستە:

لە مەبە ستی ڕا ستەقینەی بانگکرد ندا ((هەمی شە بانگکراو لە سەرەتای ڕ ستەیە)) [ساجدە عبداللە فەرهادی و شلێر ڕە سول محە مەد، 2009: 126] لە مەبە ستەکانی تری بانگکردنیش دروستە بانگکراو لە سەرەتادا بێت، بەبێ ئەوەی لە داڕشتنی ڕ ستەکەدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی هەبێ، توانای دەرکەوتنی هەیە لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی ڕستە، وەك:

1- ژیار، کەی تاقیکردنەوەیە؟ (پرسیارکردن).

2- ژیار، بەیانی تاقیکردنەوەیە. (هەواڵدان).

3- ژیار، ئەوە دەرچوویت! (سەرسوڕمان).

4- ژیار، ئەو کتێبەم بۆ بێنە.     (فەرماندان).

جگە لە (خۆناو) هەموو شێوەکانی تری ناوی بانگکراو، دەتوانن لەم شوێنەدا دەرکەون و دیاخەر وەربگرن.

- هۆ پادشای زەمان، کوڕەکەت بە درێشەی دووپشك دەمرێ.

- ئەی خوشکی بەهەشتی و ئیماندار، تەماشا بکە بزانە موقەددەری خوا چۆنە.

[محەمەد مەولوود-مەم-، ل259].

دەر کەوتنی بانگکراو لە سەرەتای ڕ ستەدا، دەگەڕێ تەوە بۆ ئەوەی (نـ ێرەر) دەیەوێ(وەرگر) ئامادەبکات بۆ گوێگرتن و گەیاندنی پەیامەکە پێی.

## 2-9-3- بانگکراو لە ناوەڕاستی ڕستە:

بانگکراو دە شێ بکەوێ تە ناوەڕا ستی ڕ ستەوە و پێ گەی شیاوی خۆی هەڵ بژێرێ، ناتوانرێ بە ئارەزووی (نـ ێرەر)، بخرێ تە هەموو شوێنێکی کرۆ کی ڕ ستەکەوە، [Quirk etal, 1987: 773]، چونکە لە نـ ێوان پێکها تە بنـ چینەییەکانی ڕ ستەدا پەیوەندیـ یەکی پـ تەو هە یە، بەڕادە یەك هێـ ندێ پار چەی ڕ ستەکە ئەوە ندە لە گەڵ یە کدا ئاوێ تەن، بواری کەر ستەی تری ز مانی نادەن بـ چێتە نێوانـ یان. لەو بارەدا کە بانگکراو دەکەوێ تە ناوەڕا ستی ڕ ستەوە، بە شداری داڕ شتنی ڕ ستەکە نا کا و پەیوە ندی بە هیـچ پێکهاتەیەکەوە نییە و بە سەربەخۆیی کاردەکات، بۆ یە بە لادانیـ شی وا تای گـ شتی ڕ ستەکە ناگۆڕێت، مەگەر لە شیعردا نەبێ، کە بەلادانی چەمك و هاوسەنگی شیعرەکە دەشێوێ:

- فیکری سەرکەوتن بەبێ شك، ئەی رەفیقان، غیرەتە

فەوزو ئیقبال و تەعالی هەر بە سایەی هیمەتە [بێکەس: ل12].

- سەدەی بیستەمە کوردە غیرەتێ

لە خەو ڕاپەڕە هەوڵێ هیمەتێ               [س.پ: ل26].

- دەردی موفلیس ئەی ڕەفیقان زۆر گران و زەحمەتە

عاجیز و دائیم لە دنیا غەرقی دەریای میحنەتە.    [س.پ: ل86].

ئەو شوێنەی بانگکراو لە ناوەڕا ستی ڕ ستەدا هەڵی دە بژێرێ، پەیوە ندی بە جۆری پێکها تەی ڕ ستەکەوە هە یە، بۆ نموو نە: لە ڕ ستەیەکی سادەدا کە لە (ف.ن)و (ف.ك) پێکهاتـ بێ، بانگکراو ناتوا نێ بـ چێتە ناو پێکها تەی فرێزە کان، چونکە ئەمیش فرێزێ کی سەربەخۆیە و فر ێز فرێزنا سمێ، لەم شوێنەدا بانگکراو ( کەمتر بۆ مەبە ستەکانی وشیارکردنەوە و سەرنج ڕاکێشان بەکاردێ، زیاتر مەبەست لێی دەر بڕینی خۆشەویـستی یان

مەرايیكردنە، بۆیە لەم بارەدا (خۆناو) بەكەمی بەكاردێ، بەڵكو پێویستی بەو دەربڕینانە یە كە وا تای ڕێز گرتن و سۆزداری و مەرایكردن دەگە یەنن، وەك: گ یان، گیانە كەم، كاك، چاوەكەم...) [Majid, 1987: 91].

سەیری ئەم نموونانە بكە:

- خەڵكی گوند، كاوە، هەموو تێگەیشتن*.
- خەڵكی گوند، كاوەگیان، هەموو تێگەیشتن.
- خەڵكی گوند، كاك كاوە، هەموو تێگەیشتن.

ف.ن ن.با ف.ك

لە ڕستەی سادەی فراوانكراودا، كە لە چەند فریز ێك پێكدێت، بانگكراو لە هەموو شوێنێكی فرێزەكان دانانرێ شیاوترین شوێن لەم بارەدا ناوەڕا ستی سنووری نێوان (ف.ن) و (ف.ك)یە، لە شوێنەكانی تر لەنگی دروست دەكات، وەك:

(مامۆستا گەنجەكە بە دڵسۆزییەوە لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە)

ف.ن ف.بەند ف.بەند ف.ك

1- ئاكۆگیان، مامۆستا گەنجەكە بە دڵسۆزییەوە لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە.
2- مامۆستا گەنجەكە، ئاكۆگیان، بە دڵسۆزییەوە لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە.
3- مامۆستا گەنجەكە بەدڵسۆزییەوە، ئاكۆگیان، لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە.
4- مامۆستا گەنجەكە، بەدڵسۆزییەوە لە قوتابخانە، ئاكۆگیان، وانە دەڵێتەوە.

پلەی ڕیزبەندی ئەم ڕ ستانە لەڕووی پە سندییانەوە بە شێوەیەكە، ڕ ستەی یە كەم لە هەموویان پەسندترە، دواتر ڕستەی دووەم، پاشان ڕستەی سێیەم، ئینجا چوارەم، خۆ ئە گەر بێت و بانگكراو، دەربڕینەكانی (كاك، گیان، چاوەكەم...) لەگەڵدا نەیێ، ئەوا جگە لە ڕ ستەی یەكەم ڕستەكانی تر هەموو ناپەسند دەردەچن، وەك لە:

1- ئاكۆ، مامۆستا گەنجەكە بەدڵسۆزییەوە لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە.
2- مامۆستا گەنجەكە، ئاكۆ، بەدڵسۆزییەوە لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە*.
3- مامۆستا گەنجەكە بەدڵسۆزییەوە، ئاكۆ، لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە*.
4- مامۆستا گەنجەكە بەدڵسۆزییەوە لە قوتابخانە، ئاكۆ، وانە دەڵێتەوە*.

بەكارهێنانی بانگكراو، لە ناوەڕا ستی ڕ ستەدا، ج گە لە چەمكی مەرایكردن و پیاهەڵدان، هەندێ جار بە پێچەوانەوە بۆ سوككردن و تانەلێدان بەكاردێ، وەك:

- كاوەی هاوڕێت، هەی تەمبەڵ، لە قوتابخانە بە یەكەم دەرچوو تۆش هیچ.

ن.با

جار هەیە، بەتایبەتی کە بانگکراو دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕستەی داخوازییەوە، زیاتر واتای پاڕانەوە و تکاکردن دەگەیەنێ وەك:

- دە هەستە جوامێرگیان تۆش بچۆ پشویەك بدە [ئیبراهیم ئەحمەد: ل53].
- دەبڕۆ گوڵەکەم ئەو دارانە ئاوبدە.

جگە لەم چەمکە واتاییانە، وا ڕێکدەکەوێ لە گفتوگۆیەکی درێژدا، کاتێ(نێرەر) وا هەست دەکات، کە (وەرگر) بیری ڕۆیشتووە و بە شتێکەوە خەریکە، لەناوەڕاستی قسەکانیدا ناوی(وەرگر) دەهێنێ بۆ وشیارکردنەوە و سەرنج ڕاکێشانی.

کاتێ بانگکراو، دەکەوێتە، ناوەڕاستی ڕستەی لێکدراو و ئاوێتەوە شوێنی شیاوی، نێوان هەردوو پار چە ڕستەکەیە، لەم حاڵە تەدا زۆر جار ئامرازە کانی لێکدەر و گەیەنەر لە ڕستەکاندا لادە بات و ( بانگکراو) شوێنیان دەگرێتەوە، یاخود دەکەوێتە پێش یا دوای ئامرازەکە، وەك:

1- ئەمڕۆ هەولێر ڕازابووەوە، بەڵکو ببووە بووك.
- ئەمڕۆ هەولێر ڕازابووەوە گیانەکەم ببووە بووك.
2- یاریزانەکان هەندێکیان باش یارییانکرد بەڵام هەندێکیان خراپ بوون.
- یاریزانەکان هەندێکیان باش یارییانکرد بەڵام ئاکۆگیان هەندێکیان خراپ بوون.
3- قوتابییەکان هەندێکیان لە کتێبخانەن و هەندێکیان لە یانەی کۆلێژن.
- قوتابییەکان هەندێکیان لە کتێبخانەن مامۆستاگیان هەندێکیان لە یانەی کۆلێژن.
4- ئەم کتێبە دەگمەنە بۆیە دەبێت ئاگات لێیبێ.
- ئەم کتێبە دەگمەنە چاوەکەم دەبێت ئاگات لێیبێ.
5- ژنی بەد ژانە گەر خۆتی لێدەی ماڵت وێرانە. [ئیبراهیم عزیز: ل129].
- ژنی بەد ژانە ئاکۆگیان گەر خۆتی لێدەی ماڵت وێرانە.

لە ڕستەکانی (1، 3، 4) بانگکراو چۆتە شوێنی ئامرازە کانی ( بەڵکو، و، بۆیە) لە ڕستەی(2) چۆتە دوای (بەڵام)، لە ڕستەی (ە)دا چۆتە پێش (گەر).

بەگشتی هاتنی بانگکراو، لەم شوێنانەدا ئەوە دەگەیەنێ، کە پەیوەندی نێوان کەرستەکانی ڕستە تاڕادەیەك لاوازترە لە چاو شوێنەکانی تر.

## 3-9-3- بانگکراو لە کۆتایی ڕستە:

هاتنی بانگکراو له کۆتایی ڕستەدا دەگمەنە، ئەگەر بەکاریش هات ئەوە لەگەڵ کاری فەرماندان دێت و تیایدا داوایەك لە (وەرگر) دەکرێ.

ئەو چەمکانەی لەم شێوازە بەدی دە کرێ: دەستنیشانکردن و و شیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوە و هەڕەشەکردنە، کە بە پێی جۆری ئاوازەکە دەردەخرێن.

- مەکە، دڵزار.

- مەڕۆ، دڵزار.

- ئەو کتێبەم بۆ بێنە، دڵزار. بڕوانە: [Majid, 1987: 92].

## 3-10- ڕێژەی کارەکانی[تر] ڕستەی دوای بانگکراو:

ڕستەی دوای بانگکراو، بەپێی مەبەستی(بانگکەر) ڕێژەی کاری جیاواز وەردەگرێ، کە ئەمانەن:

1- شێوازی ڕاگەیاندن[یر]:

أ- کاری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ:

1- ڕابردووی نزیك(ڕووت):

- وەستا، دیوارەکەت دروست کرد؟ (تێپەڕ).

- کوڕە، وەستا هات. (تێنەپەڕ).

2- ڕابردووی تەواو:

- ڕابەر، ڕێبینی برات نانی خواردووە. (تێپەڕ).

- ڕابەر، ڕێبینی برات هاتووەتەوە. (تێنەپەڕ).

3- ڕابردووی بەردەوام:

- کوڕینە، ئەوە وانەتان دەخوێند. (تێپەڕ).

- کوڕینە، ئەوە ئێوەش بۆ ئێرە دەهاتن. (تێنەپەڕ).

4- ڕابردووی دوور:

- ڕازەخان، براکەت خانووی کڕیبوو؟ (تێپەڕ).

- کچێ، منداڵەکە نووستبوو؟ (تێنەپەڕ).

---

[تر] لە بارەی جۆرەکانی ڕێژە و کاتی کار بۆچوونی جیاواز لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە. [لێژنەی زمان، 1976: 162].

[یر] [بائیز عومەر ئەحمەد، 2002: 46-47]، لەم سەرچاوەیە فۆرمەکانی بانگکردن لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بەکارهاتووە.

ب- ڕانەبردووی (ئێستا و داهاتوو)ی ڕاگەیاندن:

- خاڵەگیان، بۆ کوێ دەڕۆی؟

2- ڕێژەی فەرماندان/داخوازی:

أ- فەرماندانی ئاشکرا، لە هەموو ڕێژەکان بەکارهێنانی زیاترە لە بانگکردنی ڕاستەقینەدا، وەك:

- هۆ ئازا، ئەو تۆپەمان بۆ بێنەوە.

ب- فەرماندانی نائاشکرا:

- کوڕی خۆم، بۆ ناچی نانەکەت بخۆی.

3- ڕێژەی دانانی(ئینشائی):

- کاوە، بریا وانەکانت باش خوێندبا.

## 3-11- ئەرکی ناوی بانگکراو:

لە زمانی کوردیدا، بۆ داڕشتنی دۆخی بانگکردن، ناو لە دۆخی ڕاستەوخۆدا بۆ تاك و کۆ بەکاردێت:

- برا، تۆ بۆ کوێ دەچی؟

- خوشك و برایان، هەڵسن. [کوردۆییێف، 1984: 78].

لە دۆخی ڕاستەوخۆشدا ناو چەند ئەرکێکی سینتاکسی دەبینێ لە ڕستەدا، لەوانە: نیهاد و بکەر [س.پ: 75]، بە پێی ئەم بۆچوونە ناوی بانگکراو ئەرکی بکەری دەبینێ. (کوردستان موکریانی) دەڵێ: ((هەر چەندە تەبایی لە نێوان سەرکار و کاردا لە ڕووی نیشانەکانی مۆرفۆلۆژییەوە هەیە:

- کوڕ ه بخوێن ه

- کوڕینە بخوێن ن

بەڵام ئەو کەسەی ڕۆڵی سەرکاری بینیوە هێشتا بە کردەوەکە هەڵنەستاوە، بەڵکو وەکو لە کاری وشەی کارڕا دیارە قسەکەر داوای ڕوودانی کارێك لەو کەسە دەکات کە بانگی کردووە، کەواتە ئەوەی کە بە کردەوەیەك هەستابێت کە بانگکردن و داواکردنە، ئەوا ئەو کەسەیە، کە داوای کارێکی کردووە، کە لەم جۆرە ڕستانەدا هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی نییە بۆ ژمارەو ڕەسەنی کەسە قسەکەرەکە)) [کوردستان موکریانی، 2000: 20].

ڕایەکی تر هەیە کە دەڵێ: ((بانگکراو لە ڕووی ڕستەسازییەوە بەند نی یە بە ڕ ستەوە، نەدەبێ بە بکەر، نەدەبێ بە بەرکار وەك: - کا کە، وەرە. (کا کە) نە بکەرە، نە بەرکار)) [ ساجدە عبداللە فەرهادی و شلێر ڕە سول محه مەد، 2009: 125]. لە هەمان با سدا ئەم نوو سەرانە کا تێ بانگکردن وە کو ڕ ستەیەکی سەربەخۆ لە قە ڵەم دەدەن، کە کارە کەی لە پێکها تەی سەرەوەی ڕ ستەکە دەرنە کەوتووە، ڕۆ ڵی ( بەرکار)ی دەدە نە پاڵ بانگکراو[ت]. [ساجدە عبداللە فەرهادی و شلێر ڕەسول محەمەد، 2009: 124].

بیری گونجاو لەگەڵ لۆژیکی بانگکردن لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکە، ئە گەر بانگکراو لەگەڵ ڕستەکەی دوای خۆی سەیرکەین، تەنیا ئەرکی ئاگادارکرد نەوە دەبی نێ، بەڵام ئە گەر وەکو ڕستەیەکی سەربەخۆ لە بانگکردن بڕوانین، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕ ستەکەی دوای خۆیەوە نەبێ، بانگکراو وەکو بکەری ڕێزمانی و بەرکاری لۆژیکی دەور دەبی نێ، کە بە هیچ کردەوەیەك هەڵنەستاوە، کاری ڕستەکەش، لە پێکهاتەی سەرەوەی ڕ ستەکەدا دەرنە کەوتووە، هەست بە بوونی دەکرێ لە پێکهاتەی ژێرەوە.

- کوڕینە، خوێندن چرای ژیانە.

کوڕینە: (ئەرکی ئاگادارکردنەوەیە).

- کوڕینە لەگەڵ ئێوەمە، خوێندن چرای ژیانە.

کوڕینە: (ئەرکی بکەری ڕێزمانی و بەرکاری لۆجیکیە).

## 3-12- شیکردنەوەی چەند ڕستەیەکی بانگکردن بە هێڵکاری درەختی:

پیادەکردنی بانگکردن لە ڕێبازی(ب.گ)دا، بەندە بە ئە گەرەکانی ئەرکی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، چونکە کاتێ بە شێوەیەك لە بانگکردن بڕوانین کە هیچ ئەرکێکی سینتاکسی نەبێ، تەنیا بۆ ئاگادارکرد نەوە ب شێ، ئەوکات لە شیکردنەوەی ڕستە شدا، فۆر مەکانی بانگکردن دەکەو نە دەرەوەی ڕ ستە سەرەکییەکەوە، کە ڕ ستەی دوای بانگکراوە هەر چەندە

---

[ت] ئەم بۆ چوونە نزیکە لە بۆ چوونی زما نەوانانی عەرەب، چونکە بەلای ئەوا نەوەش، بانگکراو ئەرکی بەرکاری ڕ ستە دەبینێ [قیس اسماعیل، 1988: 231] لە ڕێزمانی ئینگلیزیشدا بۆچوونی ج یاواز، لەم بارە یەوە هە یە هە ندێکیان پێ یان وایە، بانگکراو تەنیا بۆ وشیارکردنەوەیە و هیچ ئەرکێکی سینتاکسی نییە، بەوە جیادەکرێتەوە لە (بکەر)، کە دەتوانرێ بە ئا سانی بگوازرێ تەوە کۆ تایی ڕ ستەی دا خوازی، بەڵام(ب کەر) لە شێوازی ڕاگەیاند ندا ناتوانرێ شوێنەکەی ب گۆڕدرێ، هەر چەندە هەردووکیان وە کو(ف.ن) خۆ یان دە نوێنن و هەمان شێوەیان هە یە [Leech etal, 2006: 94] هە شیانە بانگکردن بە ڕستەیەکی سەربەخۆ دادەنێن، لەو ڕستەیەشدا، ئەرکی (بکەر)ی دەدەنە پاڵ بانگکراو [Hockeet, 1958: 200].

ئەم فۆرمانە لەگەڵ بکەر و کاری ڕستەکەی دوای خۆیان لەڕووی ژمارەوە ڕێکدەکەون، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا، ئەم ئەگەرە ڕوونکراوەتەوە(ت):

ڕ ← برایان، دەرگاکە بگرن.




ڕ ← کوڕە جوان، ئەمامەکە بچێنە.




(ت) بڕوانە: [بائیز عومەر ئەحمەد، 2002: 46-47].




لە شیکردنەوەی ئەگەری دووەمدا، بانگکردن وەکو ڕستەیەکی سەربەخۆ وەردەگیرێ، کە لە ڕووی لۆژیکەوە لە پێکهاتەی سەرەوەدا کاری ئەم جۆرە ڕستەیە دەرناکەوێ، لە پێکهاتەی ژێرەوەیدا هەست بە بوونی دەکرێ، بۆ نموونە:

- هۆ کاوە. واتە: 1- من کاوەم دەوێ.

2- من کاوە بانگ دەکەم.

ئەم دوو ڕستەیە، وەك دوو ڕستەی ڕاگەیاندنی ئاسایی ڕەفتار دەکەن [ساجدە عەبداللە فەرهادی و شلێر ڕەسول محەمەد، 2009: 124].

شیکردنەوەی بانگکردن بەم شێوازە لە ڕێز مانی زمانەکانی تردا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ڕێزبازی(ب.گ)، تا نوێترین داهێنانەکانی تیۆرەکە، تاقیکراوەتەوە، بڕوانە [حمدان رضوان، 2007: 229]. هەرچەندە شیکارکردنی نموونەکان بەندە بەو چەمکەی کە بانگکردنەکە دەیگەیەنێ، لە ڕووی لۆژیکەوە. لەم ڕووەوە، تەنها مەبەستە بنچینەییەکانی بانگکردن وەرگیراوە، کە بانگکردن و ئاگادارکردنەوەیە:

□ هۆ خونچە، □ زووکە □ هیوا بەرە ژوورەوە □ [عەبدوڵڵا سەراج، ل40].

پێکهاتەی بانگکردن(هۆ خونچە) بە پێی ئەو چەمکەی کردەکەی لە پێناودا، ئەنجام دراوە، شیکردنەوەی لەم چەشنانەی خوارەوە هەڵدەگرێ:

(1) - □ هۆ خونچە □ بەتۆ دەڵێم (لەگەڵ تۆمە) (ئاگادارکردنەوە)،

پ.س - □ هۆ خونچە□. پ.ژ - هۆ خونچە من بە تۆ دەڵێم، ...






(2)- هۆ خونچە، ... بانگکردن

- هۆ خونچە وەرە، ...




(3) هۆ خونچە، ...

- من خونچە بانگ دەکەم.



بەپێی ئەم لێکدانەوە یە لە پێکها تەی سەرەوەدا، مۆرفیمی بانگکردن شوێنی کاری کرتێنراو دەگرێتەوە، بڕوانە: [حمدان رضوان، 2007: 230].

## 3-13- بانگکراو و فۆنیمە ناکەرتییەکان:

### 3-13-1- بانگکراو و هێز:

هێز لە زمانی کوردیدا بە گشتی دەکەوێتە سەر دوابڕگەی وشەوە، بەڵام لە بانگکرد ندا هێزەکە لەسەر بڕگەی یە کەم سەرهەڵدەدا، ئە گەر بانگکراو لە سەرەتا بوو، ئە گەر کەو تە ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستەوە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی، وەك:

- کێ هات، پیاوەکە/؟ (هێزی سەرەکی کەوتۆتە بڕگەی کۆتایی ناوی بانگکراو).
- پیا/وەکە، بۆ کوێ دەڕۆی؟ (هێزی سەرەکی کەوتۆتە سەرەتای ناوی بانگکراو).
- ڕۆژباش، ما مۆستا.
- ما/مۆستا، پرسیارەکم هەیە. [Abdulla & McCarus, 1976: 142-143].

کە بانگکراو مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردنی لە گەڵ بەرکادێ، هە ندێجار مۆرفیمەکە، هێزی سەرەکی بۆ خۆی ڕادەکێشێ، وەك:

- یا/ خدری زیندە، ...
- ئەی ئا/فرەت، ...

مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن توانای ڕاکێشانی هێزی سەرەکییان نییە، وەك:

- کو/ڕە، مەترسە.
- بوو/کێ، گوێت لێ بێ.
- ژ/نینە، هەمووتان دژی زۆرداری بن. [Mackenzie, 1961: 60-61].

جـ گە لەم مۆرفیما نە، دیار خەرەکانی ناوی بانگکراوی، وە کو (م) جێ ناوی لـ کاوی خاوەنێتی، جێناوی خۆیی(خۆم)، توانای ڕاکێشانی هێزی سەرەکییان نییە، وەك:

کـ/چم، ...

کو/ڕی خۆم، [Ibid, 60].

بوونی هـ ێز لە سەر بڕ گەی یە کەمی بانگکراو، دەگەڕێ تەوە بۆ ئەوەی (( لەڕووی دەربڕیـنەوە بڕ گەی سەرەتای بانگکراو بە ڕەوتێکی هەڵسی لە پڕ دەردە بڕدرێ و بڕ گەی

کۆ تایی یان به هەڵسێکی لەپڕ یان کەوتێکی لە سەرخۆ یا تیژ دەردە بڕدرێ، لەڕووی بیستنەوەش بزوێنی کۆ تایی لە زۆر بەی بانگکراوەکا ندا بە تەواوی درێژ دەکرێتەوە، کە ئەمەش دەرکەوتنێکی پتر بەو بڕگە یە دەبەخشێ)) [ڕە حمان ئیسماعیل حە سەن، 1998: 101]. مەرج نییە لە هەموو مەبە ستەکانی بانگکردن، هێزی سەرەکی بکەوێتە سەرەتای بڕ گەی یە کەمی بانگکراو، بەتای بەتی لەو بانگکردنا نەی بۆ مەبە ستی سەر سوڕمان و لاواندنەوە بەکارهاتوون.

بانگکراو هێزی بەراند بەری ڕستەی دەکەوێتە سەر، بۆ یە ((هێزی بانگکردن لە بەرانبەریدا لەگەڵ هەر هێزێکی دیکەی وشە، هێزی پێشەنگە و گرنگی خۆی هە یە، چونکە هەر ناوێك دە توانرێ لە دۆخی بانگکرد ندا بەکاربێ و بەراند بەری پێ بکرێت)) [ڕە حمان ئیسماعیل حەسەن، 1998: 101].

- ئا/رام، هەستە تەختەکە بسڕەوە.

دا نانی هێزی بەراند بەری لە سەر(ئارام) ئەوە دەگە یەنێ لەم باند گەدا، تەنها مەبەست(ئارام)ـە نەك کەسانی تر.

### 2-13-3- بانگکراو و ئاواز:

ئاواز ڕۆڵێکی گرنگی هە یە، لە بواری ڕێز مان و جیاکرد نەوەی کرده قسەییەکاندا، سەبارەت بە مە ((ڕێکەوتنێکی گشتی هە یە، لە سەر ڕۆڵ و ئەرکی ئاواز لە ڕێزما ندا، بەتایبەتی بۆ هەندێ لە ئاوازەکانی وەك (1کەوت)، (2هەڵس)، کە دەتوانرێ بگوترێ گرنگی ڕێزمانی یان هە یە، چونکە ئاواز بەگشتی و ئەم دوو ئاوازە بەتایبەتی ئەرکی نا ساندنی جۆرەکانی قسە دەبینن، وا تە دیاری کرد نی ئەوەی کە ئا یا کرده قسەییەکە خە بەرە یان پرسیارە یان فەرمانە)) [ڕەحمان ئیسماعیل حە سەن، 1998: 133]. ئە مە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ((قسەکەری هەر زمانێ لە کاتی قسەکردندا وشە و ڕستەکانی خۆی بەڕەوتێکی ئا سۆیی ڕێك لە زارەوە دەرناهێنێ، بەڵکو بەردەوام لە ( بەرزی) و (نز می)دا دە بن، وا تا لە(هەڵس)و (کەوت)دا دەبن، جۆر و ڕادە و پلەی خێرا یی و تو ندی و شلیی ئەم ( هەڵس)و (کەوت)انە بە پێی (مەبەست) و (یاساکانی زمان) سەرهەڵدەدەن)) [ور یا عومەرامین، 1994: 13].

بانگکردن ئاوازی تایبەت بەخۆی هە یە، کە بە پێی ئەو دەورو بەرەی کردەی بانگکردنەکەی تیادا ڕوودەدات لەگەڵ جۆری هەڵوێستەکە، ئاوازەکە دەگۆڕێ، هەستکردن بەم ئاوازە شتێکی گشتییە چونکە(هەر کوردێك کە گوێی لە ئاوازی تایبەت بە بانگکردن بێ

دەزانێت مەبەستی سەرەکی ئەم دەربڕینە بانگکردنە) [شلێر نایف ئەمین، 2007: 70].

بۆیە هەر ڕستەیەك لە دەقێكدا بەکارهاتبێ تەم و مژاویە، کاتێ هەمان ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکاردێ، بە هاوکاری جۆری ئاوازی ڕستەکە تەم و مژییەکە دەڕەوێتەوە، بۆ نموونە: ڕستەی (تۆ وەرە) ڕستەیەکی تەم و مژاویە، ئێمە نازانین مەبەستی سەرەکی لە بەکارهێنانی ئەم ڕستەیە داخوازییە یان بانگکردنە، لێرەدا بەکارهێنانی ئاوازی تایبەت بە بانگکردن دەبێتە خاڵی لێکجیاکردنەوەی مەبەستی ڕستەکە و دەستنیشانکردنی واتاکەی:

 تۆ وەرە  (داخوازی).

 تۆ  وەرە  (بانگکردن) [شلێر نایف ئەمین، 2007: 72].

لە ڕووی هەڵوێستەوە، ئەوەی ڕۆڵی کارای هەیە لە هەڵبژاردنی جۆرێك لە(ڕەوت-لەرە)، لە بانگکردندا بە پلەی یەکەم دووری نێوان(نێرەر)و (وەرگر)ە، لەگەڵ ئەو کاتەی کردەکەی تیادا ڕوودەدات، کەوا دەکەن یەکێك لە ئاستەکانی (زۆر بەرز) (بەرز) (ناوەند) (نزم) هەڵبژێردرێت، بۆ نموونە؛ ئەگەر (نێرەر) و (وەرگر) زۆر دوور بن دەبێت لەرەی (زۆر بەرز) هەڵبژێردرێت، ئەگەر کاتی کردەکەش شەو درەنگ بێت لەوانەیە(نێرەر) بۆ وشیارکردنەوەی (وەرگر) لەرەی (نزم) بەکاربێنێ.

لە ڕووی ئەرکەوە ئاوازی بانگکراو، بە پێی شوێنی لە ڕستەدا، بەم شێوانەی خوارەوە، پۆلکراوە[tr]:

**1- بانگکراوی سەرەتا:**

**أ- ئاوازەیی:**

کاتێ بانگکراو لە سەرەتادا دێت، گروپی ئاوازەی جیاکەرەوەی سەربەخۆی هەیە، ئەگەر بانگکراو بە سەربەخۆیی بێت یان مۆرفیمەکانی بانگکردنی لەگەڵ بێت، وەك:

-  1  ئالان، 

-  1  کوڕم، 

---

[tr] بۆ ئەمە، بڕوانە:

أ- Majid, 1987: 88-93.

ب- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، 1998: 174-177.

- □ 1 کوڕینە، □

**ب- ئاوازە بەندی:**

**تۆنێکە بەزۆری دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەمی ناوی بانگکراو. کە بانگکراو مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردنی لەگەڵ بێت، ڕەنگە مۆرفیمەکە هێزەکە بۆ خۆی ڕاکێشێ، بەتایبەتی لە کاتی هەندێ هەڵوێستی کتوپڕدا، قسەکەر هێزەکە دەداتە مۆرفیمەکە:**

- □ 1 بەیان، □
- □ 1 خوشکێ، □
- □ 1 یاخدری زیندە، □.

**جـ- ئاوازە:**

**بە پێی جۆری چەمکەکانی بانگکردن، ناوی بانگکراو هەموو ئاوازە بەکارهاتووەکانی زمانی لەگەڵ بەکاردێ، هەر چەندە ئاوازەی ئاسایی بەکارهاتوو، لەم بوارەدا، ئاوازەی(1) (کەوت )ـە، لەوانە یە ئاوازە کانی (2)، (3)، (5) لە هە ندێك هەڵوێ ستی وەك نیـگەرانی و توڕەیی و هەڕەشە و لەگەڵ کاری فەرماندان بەکاربێن.**

- □ 3 ڕێبین، □ 1 وەرە خوارێ □ (توڕەیی).
- □ 5 ڕێبین □ 1 وازبێنە □ (هەڕەشە).

**کە (هۆ) لە کردەکە بەکاردێ، ئاوازەبەند وەردەگرێ، دەشێ تۆنی(2)و (3) لەم بارەدا بەکاربێ، وەك:**

- □ 2 هۆ ڕێبین هۆ، □
- □ 3 هۆ ڕێبین، □.

**ئەو کاردانەوەیەی کە لە لایەن (وەرگر)ەوە، دەدرێتەوە، هەمان ئاوازی(نێرەر) وەردەگرێ.**

**2- بانگکراوی ناوەڕاست:**

**- ئاوازەیی:**

**بانگکراوی ناوە ند گرو پی ئاوازەی جیا کەرەوەیان نیـیە. دەکەو نە نێوان وو گرو پی ئاوازە.**

- □ 3 ئەرێ برام هاتی؟ □
- □ 1 فەرموو کاکە □ 1 دانیشە □

**بانگکراو لەم بارەدا، لەگەڵ ئاوازی ڕستەکە یەك تۆن وەردەگرێ.**

**3- بانگکراوی کۆتایی:**

**أ- ئاوازەیی:**

بە هەمان شێوەی بانگکراوی ناوەڕاست، کە بانگکراو دەکەوێتە کۆتایی ئاخاوتنەوە، گروپی ئاوازەی جیاکەرەوە لە دەست دەدات، یەك گروپی ئاوازە وەردەگرێ لەگەڵ توخمی یەکەمی ئاخاوتنەکە، ئەگەر گروپی ئاوازەی جیاکەرەوەی هەبێ، ئەوا جیاواز دەبێ، لەگەڵ توخمی سەرەتای ئاخاوتن، وەك:

- 1 مەکە 1 ڕامان.

**ب- ئاوازەبەندی:**

تۆنێکە هەمیشە دەکەوێتە سەر یەکەم بەشی سەرەکی لە گروپی ئاوازە، وەك:

- 1 فەرموو کاکە .

## 3-14- شێوازە جیاکانی بانگکردن لە کۆمەڵگادا:

ئەنجا مدانی کردەی بانگکردن، لە بانگکەرەوە بۆ بانگکراو بە پێی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و زانستی و ڕەگەزو تەمەنی کەسی بانگکراو دەگۆڕێ، کە بانگی منداڵێك یان مامۆستایەکی خۆت یان کاربەدەستێك دەکەیت، لە بانگکردنەکە یەك شێواز بەکارناهێنی، [ساجدە عبداللە فەرهادی و شلێر ڕەسول محەمەد، 2009: 124].

گۆڕانی شێوازی ئاخاوتن بە گشتی و بانگکردن بەتایبەتی تەنیا لەو کۆمەڵگایانەدا پەیادە نابێ کە بە دوو زمان قسەدەکەن، لەو کۆمەڵگایانەش ڕوودەدات کە بە یەك زمان دەدوێن، باشترین نموونەی ئەم بوارە بانگکردنە، کە بۆ هەر چینێکی جیاوازی کۆمەڵگا دەربڕینی تایبەتی بەکاردێ، ئەو دەربڕینانەی لە بانگکردنی فەرمیدا بەکاردێن، جیان لەوانەی لە بانگکردنی ئاسایی و زمانی گشتی خەڵکدا بەکاردێن... [نایف خرما، 1978: 237-238].

گرنگترین ئەو شێوازانەی لەم کردەیە بەدی دەکرێت، لە زمانی کوردیدا، ئەمانەن:

### 3-14-1- شێوازی بانگکردنی فەرمی:

لەم شێوازەدا پایەی کۆمەڵایەتی نێوان بانگکەر و بانگکراو لە یەکەوە دوورە، بە ئاشکرا هەست بە باڵادەستی بانگکراو دەکرێ بەسەر بانگکەردا.

بانگکردنی فەرمی بەزۆری لە دەزگا فەرمییەکاندا و لەو شوێنانەی پەیوەندی کارکردن کەسەکان بە یەك دەگەیەنێت و هەموو ئەو بانگکردنە فەرمییانەی کە بە شێوەیەکی نووسراو، لە شێوەی داوەتنامە(بانگهێشتن)ی فەرمیدان بەدی دەکرێ.

بەزۆری ناوی بانگکراو لەم شێوازەدا دەربڕینەکانی (ڕێزگرتن)ـە، وەك: گەورەم، خانم، بەڕێز، خاوەن شکۆ.... و نیشانەکانی پلەوپایە، وەك: بەڕێز سەرۆك کۆمار، جەنابی سەرۆك وەزیران، پرۆفیسۆر، دکتۆر، مامۆستا... [Quirk etal, 1987: 773].

- داوا لە بەڕێز مامۆستا ئازا دەکەین، بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.
- بەڕێز جەنابی سەرۆك، ڕێگە بدەن من ئەم بابەتە ڕوونکەمەوە.
- جەنابی بەڕێوەبەر، من کارەکانی خۆم تەواوکرد.
- کاك دکتۆر، ڕێم دەدەی بچمە دەرەوە.
- خانم، ئەمڕۆ میوانمان دێت. (لە کەنیزە بۆ گەورەکەی).
- ئاغاگیان، وەرزی دروێنە هاتووە. (لە جوتیار بۆ ئاغا).

## 2-14-3- شێوازی بانگکردنی ئاسایی(نافەرمی):

ئەو بانگردنانە دەگرێتەوە کە ڕۆژانە لە ناو خەڵکی ئاسایی و هاوڕێکاندا ڕوودەدات، بەزۆری هاوشانی لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، لە نێوان بانگکەر و بانگکراودا بەدی دەکرێ، هەرچەندە لە ڕووی تەمەنەوە لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا دەبینرێ، بۆ نموونە (منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنیدا گریان دەکا تە هۆکارێك بۆ بانگکردنی کەسانی دەورو بەری، وەك دایکی، لە قۆناغی گڕوگاڵیشدا چەند بڕگەیەك دەردەبڕێت، کە دواتر دەتوانێ لاسایی بڕگەکان بکاتەوە و دووبارە دەریان ببڕێتەوە بەمەش فێری چەند وشەیەکی بنچینەیی دەبێ، کە لە زمانی منداڵانی هەموو جیهاندا بەدیدەکرێن، وەك وشەکانی (بابا، دادا، نانا، ماما، تاتا، کاکا) منداڵ سوود لەم وشانە دەبینێ بۆ بانگکردن و ئاگادارکردنەوەی دەوروبەرەکەی، بەڵام هێشتا تواناى جیاکردنەوەی واتای وشەکانی نییە، لە قۆناغەکانی دواتری تەمەنیدا، کە قۆناغی زمان گرتنی ڕاستەقینەن، دەتوانێ کەسانی دەورو بەری بە ناوی خۆیان یان ئەو ناوانەی واتای خزمایەتی دەگەیەنن بانگ بکات) بڕوانە: [عبدالستار طاهر شریف، 1986: 99]. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، سەرپەرشتەکان بە شێوەیەك منداڵ فێری ناوهێنان و بانگکردنی کەسانی بە تەمەن لە خۆیان گەورەتر دەکەن، کە بنەما کۆمەڵایەتییەکان نە بەزێنێ، بەڵکو هەوڵ بدا بریناو و ئەو ناوانەی واتای خزمایەتی دەگەیەنن لەگەڵ ناوی کەسەکان بەکاربێنێ بۆیە ئەمە دەبێتە نەریتێکی گشتی و لە تەمەنی گەورەییشدا ڕەچاویان دەکەن:

- دایکە دایکە، برسیمە چێشتەکە نەکولا؟
- خاڵۆژن، خاڵەم لە ماڵە؟
- ئامۆزا، تۆزێك خۆت لانادەی.

- ئەریٚ کاروان، ئەوە چی بوو، بەخۆ نەکەوتی.

کاتیٚ ئەو دەربڕینانەی وا تای خزما یەتی دەگە یەنن، لەم شێوازەدا بەکاردێن (( مەرج نی یە، لە هەموو بارێکدا بە وا تای فەر هەنگی بەکاربێن و نوێ نەری ئەو واتا یەبن کە لە خێزانەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو بەپێی بنەمای دە سەلات و هاو کاری دەبێت. بێگو مان پراگماتیکی ئەم نی شانانەش وادە کات کە تەنیا بەئاگا لە دەوروبەرە کە بڕ یاری بنەبڕ لە بارەی ئەوە بدات کە ئایا واتای دروستیان، بە پێی بەکارهێنانە جیاجیا کان کامە یە)) [ هۆگر مەحموود فەرەج، 2000: 166]، وەك:

أ- خاڵە، بەیانی لەگەڵ خاڵۆژنم وەرنە ماڵی ئێمە.

ب- خاڵەگیان، ماڵی کاك هیوا لێرەیە؟

لە ڕ ستەکانی سەرەوە بەپێی دەورو بەرە ز مانی و کۆمەڵایەتییە کە دەزانر یٚت کە لە ڕستەی(أ)دا وشەی (خاڵە) بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕ ستەی(ب)دا ئەم واتا یە نا گەیێنیٚ، مە گەر لە هە ندیٚ باری تایبەتـ یدا نەبیٚ، کەوا ڕێککەویٚ وا تا بنجییە کە مەبەست بیٚ.

بەکارهێنانی بریناو لەم شێوازەدا شتێکی گشتییە[٢٣]. بۆ نموونە ئافرەتی کورد خە سوو و خەزووری بەناوی خۆیان بانگ ناکات، بۆ ئەم مەبەستە سوود لە دەربڕ ینەکانی ( ماموٚژن، ئاموٚژن، پلە، میمی... بۆ خەسوو  مامە، خاڵە بۆ خەزوور) دەبینیٚ.

بەگشتی لە کۆمەڵگای کوردی و بەتایـبەت لە بواری بانگکرد ندا ڕە چاوی نەبەزا ندنی بنەما کۆمەڵایەتییەکان دەکر یٚت، هۆی ئە مە ڕێزگرتـنە لە تە مەن و پـیـشاندانی پەیوە ندی خزمایەتی یا پەیوەندی بەلایەنی سۆزدارییەوە هەیە:

- ڕۆڵە، وەرە ئەو خواردنە بەزیادکە (لەدایك و باوك بۆ منداڵ)(سۆزداری).

پلەی نافەرمی ئەم شێوازە، هەندیٚ جار زۆر دێـتە خوارەوە بەڕادە یەك دەگا تە ئا ستی (بانگکردنی بازاڕی) لە شکاندنەوە و سوککردنی بانگکراو نزیك دەبێت، وەك ئەوەی بانگـکەر بانگی کەسانی کاسبکاری دەستگێڕ دەکا بە جۆریٚ کارەکەی:

- ڕاوەستە، عارەبانە.

- غازفرۆش غازفرۆش، ڕاوەستە.

---

[٢٣] بۆ نموونە لە (مەنگۆلیا) ((قەدەغەیە ژن خە سوو و خەزوور، لە گەڵ مام و پووریش بە ناوی خۆیا نەوە بانگ بـکات، بەهەمان شێوە گۆکردنی هەر وشەیەك کە لە ناوی ئەوانەوە نزیك بێت، ئە گەر لە حاڵەتێکدا زۆر پێوی ست و نا چار بـێت، کە ناوەکانیان بەرێت دەبێت ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر بۆ بانگ کردنـیان، یان هاووا تای ناوەکانـیان بەکاربهێنێت، ئە گەر نەبوو ئەوا یەکەم فۆنیمی کۆنسونانتی ناوەکە بگۆڕێت بە فۆنیمێکی تر)) [شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، 2004: 24].

یاخود بانگکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و هەندێ تایبەتی جەستەیی تر، کە وەکو سیفەتێکیان لێهاتووە بۆ کەسەکە، وەك: شەلە، کۆرە، ورگن، چڵمن...

بە بچووککردنەوەی ناوی بانگکراو پلەی نافەرمی بانگکردنەکە زیاتر دێتەخوارەوە، تا دەگاتە ئاستی بانگکردن بە هۆی هەندێ ناو و ناتۆرەی نەشیاوەوە.

## 3-14-3- شێوازی بانگکردنی دۆستانە:

ئەم شێوازەی بانگکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لێك نزیکەکان بەکاردێ، وەك نێوان هاوسەران و خۆشەویستان و تاکەکانی خێزان و هاوڕێکان تیایدا پشت بە ئاخاوتنی ئاسایی دەبەسترێ و پێویست بە بەکارهێنانی ئەو فۆرمانە ناکات، کە لە بواری بانگکردنی فەرمیدا بەکاردێن، بۆ ئەم مەبەستە سوود لە چەند شێوازێك وەردەگیرێ، لەوانە:

+ بەکارهێنانی ناوی کەسی بانگکراو(خۆناو)، بەبێ بریناو، وەك:
- هێمن، ئەوە بۆ دواکەوتی؟

+ بچووککردنەوەی (خۆناو) بۆ مەبەستی خۆشەویستی، وەك:
- حەمەگیان، وەرە تۆزێ ئیشم پێتە.

+ بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەی بۆ پیشاندانی هەستی خۆشەویستی بەکاردێن، وەك: گیانەکەم، روحەکەم، دڵەکەم، چاوجوان، چاوڕەش، گوڵێ، گوڵەکەم...

+ بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەی ئاماژە بە پەیوەندییە نزیکەکانی خزمایەتی دەکەن، وەك: دایە، بابە، کاکە، تاتە، خوشکە، نەنە، باپیرە، ژنەکە، ئافرەت، پیاوەکە... لەم شێوازەدا، ئەم دەربڕینانە بەزۆری بەواتا فەرهەنگییەکەیان بەکاردێن، هەندێکیان تەنیا لەم شێوازەدا بەکاردێن، واتە ((واتای خۆیانیان بە پێی کەلچەری کوردەواری و دەوروبەری وتنەکە دەبێت، لەوانە وشەکانی (ئافرەت، [ژنەکە]، پیاوەکە)، کە بە بەکارهێنانی هەریەکەیان بەکارهێنەکە واتایان ڕوون دەکاتەوە، ئەگەر بۆ گوێهەڵخەر یان نەناسیش بێت، بۆ نموونە:

- ئافرەت، ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

لێرەدا دەزانرێت کە تەنیا (مێرد) بانگی ژنی خۆی بەم فۆرمە دەکات، بەدەر لەو چوارچێوەیە، ئەوا بە بەزاندنی پێڕەوە کۆمەڵایەتییەکەی بەکارهێنانی ئەو فۆرمە لە قەڵەم دەدرێت کە ئەمەش بوو، بێگومان کردەی گەیاندن ئاڵۆزی تێدەکەوێت، ئەمەش لەوانەیە کێشە دروست بکات.

- ئافرەت، تۆ ژنەکەی کاکە عەبەنیت؟*)) [هۆگر مەحموود فەرەج، 2000: 166].

## 15-3- کاریگەری دەروونی شێوازی بانگکردن لەسەر بانگکراو:

شێوازی بانگکردن هەڵگری وا تای دەروونی یە، کاریگەری ئەم واتا یە ئەرێنی یە یان نەرێنی، جۆری مۆرفیمەکانی بانگکردن و ناوی بانگکراو، بەرجەستەی یەکێك لەم چەمکانە دەکەن:

**أ- کاریگەری نەرێنی:**

ئەو بانگکردنانەی ئەم جۆرە کاریگەریەیان هەیە، هەستێکی ناخۆش لە سەر دەروو نی بانگکراو جێ دەهێڵێن، کە لەم شێوانەی خوارەوەدا دەبینرێن:

1- (مۆرفیمە بەندەکانی(ـە-بۆ نێر) و (ێ- بۆ مێ) وەك لە و شەی ( کورە، کچێ) کاریگەری خراپ یان هە یە و مرۆ ڤ دەوروژ ێنن، چونکە بانگکردنی ڕووت جۆرە نزمی یەك دەدا تە کەسەکە) [عەبدولواحید موشیر، 2005: 86].

2- بەکارهێنانی هەندێ مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن وەك(هێی)

- هێی تۆ، وازبێنە.

3- بچووککردنەوەی ناوی بانگکراو، بە مەبەستی سوککردن، وەك:

- ئەحە، وەرەوە جێی خۆت.

4- بەکارهێنانی هەندێ نازناو، کە لە پایەی کۆمەڵایەتی بانگکراو دێننە خوارەوە، وەك: شەلە، کۆرە، کەچەڵ...

5- بانگکردن بە جێناوی کەسی دووەمی تاك، وەك:

- تۆ، وەرە ئەم لاوە.

6- بانگکردن بە (خۆناو) کاتێ پایەی کۆمەڵایەتی بانگکەر نزمترە لە بانگکراو، وەك ئەوەی منداڵێك یا لاوێك بانگی کەسێکی لە خۆی گەورەتر بکا بە ناوی خۆی.

**ب- کاریگەری ئەرێنی:**

ئەو بانگکردنانەی ئەم جۆرە کاریگەر یەیان هە یە، هە ستێکی خۆش لە سەر دەروو نی بانگکراو جێدێڵن، خۆیان لەم شێوانەدا دەبیننەوە:

1- بەکارهێنانی دەربڕی نەکانی بواری خزما یەتی و نی شانەکانی ڕێز گرتن و پلەوپا یەی کۆمەڵایەتی و فەرمی، وەك: بەڕێز، گەورەم، دکتۆر، خانم، مامۆستا...

2- بەکارهێنانی هەندێ دیارخەر لەگەڵ بانگکراو، وەك: کوڕم. کوڕی خۆم، کوڕی باش....

3- هاتنی مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردنی وەك (ۆ، ێ، ینە) لەگەڵ بانگکراو، وەك:

- بابۆ، هەستە سەرینێکم بۆ بێنە.

- پووری، بێ زەحمەت هەندێ ڕێم کە.

- خزمینە، ماڵ و سامان هەموو شت نییە.

4- بەکارهێنانی هەندێ مۆرفیمی سەربەخۆی بانگکردن، وەك(یا):

- یا شێخ، چاوەڕوانی ئێوەین.

5- بانگکردن بەهۆی هە ندێ ئاوەڵ ناوی ئەرێنی، وەك: باڵا بەرز، چاوجوان، چاوڕەش، ناسکۆڵ...

6- بانگکردن بە جێناوی کەسی دووەمی کۆ، وەك:

- ئێوە (بەڕێزتان)، لە هەر ڕووداوێك ئاگادارمان کەنەوە.

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان

1- مۆرفیمەکانی بانگکردن پێکدێن لە؛ مۆرفیمە سەربەخۆکانی بانگکردن، کە وشەی ئەرکین، مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن کە گیرەکی ڕێزمانین و دەچنە سەر ناوی گشتی، هەندێ جار وەك گیرەکی وشەداڕێژ ڕەفتار دەکەن و ناوی نوێ دادەڕێژن، یا تەنیا ناوی کەسی بچووك دەکەنەوە. هەندێ گیرەکی ڕێزمانیش هەن بەشداری کردەی بانگکردن دەکەن، وەك (ەکە)ی ناسیاری و (گەل)ی کۆ، بەلام ئەمانە بە هیچ شێوەیەك نابنە مۆرفیمی بانگکردن.

2- مەبەست لە بانگکردن، تەنها هاتنی بانگکراو نییە بۆ لای بانگکەر، بەڵکو چەندان چەمکی تر لەم شێوازە بەدی دەکرێ، وەك: وشیارکردنەوە و دەستنیشانکردن، هاوارکردن، هەڕەشەکردن، دوعاکردن، لاواندنەوە... کە هەریەکە لەمانە بە پێی چەند سیمایەك و جۆری کاردانەوەی وەرگر و پ لەی داخوازییە کەی جیادەکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی لە بانگکردنی ڕاستەقینەدا، مەرجە بانگکراو سیمای □ + عاقل □ وەربگرێت.

3- لە هەندێ سەرچاوە بانگکردن و سەرسوڕمان بە تێکەڵی باس کراوە. لێکۆڵینەوەکە سەلماندوویەتی ئەم دوو شێوازە لە یەکتری جیاوازن.

4- زۆرجار لە ئەنجامدانی کردەی بانگکردندا، زمانی جەستە و هەندێ دەربڕینی دەنگی نازمانی یارمەتی ئاسانکردنی پەیوەندیکردنە دەدەن.

5- بانگکراو لە زمانی کوردیدا هەڵگری سیمای جیاواز و فۆرمی جیای وەك (خۆناو، بریناو، جێناو، ئاوەڵناو)ـە و لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی ڕستە و ڕێژە جیاوازەکانی کاری ڕستەی دوای بانگکراو دێت و وەك فرێزی ناوی دەردەکەوێ، بەلام هەموو ئەو کەرستانەی کە فرێزی ناوی ئاسایی فراوان دەکەن، فرێزی ناوی بانگکراو فراوان ناکەن.

6- شوێنی سەرەکی بانگکراو، سەرەتای ڕستەیە، کە لە ناوەڕاست دێت، پێویستی بە هەندێ فۆرمی تایبەتی وەك (گیان، کاك، چاوەکەم...)هەیە، جاریش هەیە بانگکراو دەکەوێتە کۆتایی ڕستە.

7- بۆ دیاریکردنی ئەرکی ناوی بانگکراو، لێکۆڵینەوەکە دوو ئەگەری خستۆتەڕوو، ئەگەر بانگکراو ڕستەیەکی سەربەخۆ بێ و لە پێکها تەی سەرەوەیدا کارەکەی دەرنەکەوتبێ، بانگکراو ئەرکی بکەری ڕێزمانی و بەرکاری لۆجیکی دەبینێ، بەلام ئەگەر بانگکراو لەگەڵ ڕستەکەی دوای خۆی سەیر بکرێ تەنیا ئەرکی ئاگادارکردنەوە دەبینێ.

8- هەڵبژاردنی جۆری ئاواز و مۆرفیمەکانی بانگکردن، پەیوەندی بە مەبەستی بانگکردنەکە و کات و شوێنەوە هەیە.

9- مۆرفیمەکانی بانگکردن و ناوی بانگکراو و هێز و ئاوازی تایبەت بە بانگکردن دەبنە سیمای جیاکەرەوەی ئەم شێوازە لە کردە زمانییەکانی تر.

10- سێ شێوازی سەرەکی لە بانگکردندا دەبینرێ؛ فەرمی، نافەرمی، دۆستانە، هەریەکەیان کاریگەری دەروونی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بانگکراو هەیە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**أ- بە زمانی کوردی:**


- أ بوبکر ع مر قادر(1993) پر سیار له ز مانی کورد یدا، نا مەی ماج ستێر(بڵاونەکراوە) زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ئەورەحمانی حاجی مارف(1979) ڕێزمانی کوردی، ب1، مۆرفۆ لۆجی، بە شی یە کەم(ناو)، چ. کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
- ــــــــــــــ (2004)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.
- ئیبراهیم ئەحمەد(1972) ژانی گەل(ڕۆمان)، سلێمانی.
- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم(1347-1998) ئامراز لە زمانی کوردیدا، چ1، (انتشارات صلاح الدین ایوبی)، اورمیه.
- بائیز عو مەر ئە حمەد(2002) دەر بڕینی ڕ ێژە لە د یالێکتی ژووروی ز مانی کورد یدا (گۆڤەری بادینان)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- بێکەس(2005) دیوانی بێکەس، ڕێکخستنی ئومێد ئاشنا، چ1، دەزگای ئاراس، چ. وەزارە تی پەروەردە، هەولێر.
- تەوفیق وەهبی(1929) دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یە کەم، (دار الطبا عة الحدیثة)، بەغدا.
- جگرخوین(1961) آوا ئو دەستورا زمانی کوردی، چ. سەلاحەددین، بەغدا.
- جەمال نەبەز(1976) زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا.
- دیار علی کمال(2002) ڕێز مانی کوردی، ڕوانگە یەکی بەر هەمهێنان و گوێزا نەوە، نا مەی ماجستیر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن کانەبی(1998) پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کورد یدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆ بەغدا.
- ڕەف یق شوانی(2001) چەند با بەتێکی ز مان و ڕێز مانی کوردی، دەز گای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- زەرێ یوسوپۆڤا(2005) شێوەی سلێمانی ز مانی کوردی، وەرگێڕانی.کورد ستان موکر یانی، لە بڵاکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چ. وەزارەتی پەوەردە، هەولێر.
- ساجیدە عبداللە فەرهادی(2007) شێوازی دوعاکردن لە ز مانی کورد یدا، گ.زانکۆ-زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ.(32)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- ساجده عبدالله فەرهادی و شلێر ڕەسول محمد(2009)، هەندێ لایەنی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، گ.ئەکادیمیای کوردی، ژ(12)، هەولێر.
- سعید صدقی(1928) مختصر صرف و نحوی کوردی، ج1، طبع اول، چ.نجاح، بەغدا.
- سەلام ناوخۆش بەکر(2004) زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی، بلاوکراوەی کتێب فرۆشی سۆران، چ.ژین، هەولێر.
- ـــــــــــــ(2005) پوختەیەك دەربارەی زمانناسی، چ.چوارچرا، هەولێر.
- شلێر نایف ئەمین(2007) ناسیاری و نەناسیاری دکرمانجیا ژووریدا (گۆڤەرا بەهدینان)، نامەی ماجستێر، زانکۆی دهۆك.
- شنە ئەبو بەکر ئەحمەد(2008) زمانی جەستە- لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی مەیدانییە، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- شیلان ڕەحیم ئیبراهیم(2004) شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکی و سینتاکسییە، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی.
- طلعت سامان(دوای ڕاپەڕین) زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی ( کەوەکانی قەرەچوغ)، بەرهەمی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، هەولێر.
- طالب حسین علی(1998) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- عادل ڕەشید قادر(2001) توخم لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی هەنووکەیی بەراوردکارییە لە نێوان کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی.
- عبدالرحمن محمدامین زەبیحی(1979) قاموسی زمانی کوردی، ب2، چ. کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- عبدالستار طاهر شریف(1986) وشە و ڕستە لای منداڵ لە تەمەنی(1-6) ساڵان، گ. کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، ب4، چ.کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
- عبدالله سەراج(1997) کاولاش(ڕۆمان)، چ. وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عەبدولوەهاب خالید موسا(2007) هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- عەبدولواحید موشیر دزەیی(2005) ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چ. شەهاب، هەولێر.
- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوول(2005) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، کتێبی گیرفان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- غازی فاتح وەیس(1984) فۆنەتیك، چ1، چ.(الادیب)، بەغدا.

- فەرە یدون عە بدول محە مەد(1998) ناد یاری (لێکۆڵینەوە یەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوریدا)، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- ڤیان سلێمان حاجی(2007) کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دە سەڵات و بە ستنەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- قیس کاکل تۆفیق(1995) جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نا مەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- گۆران(1980) د یوانی گۆران، ( سەرجەمی بەر هەمی گۆران)، ب1، ئا مادەکردن و کۆکردنەوەی: محمدی مەلاکەریم، چ. کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

- کورد ستان موکر یانی(1985) سینتاکسی ڕ ستەی سادە لە ز مانی کورد یدا، (دار الحر یة للطباعة)، بەغدا.

- ــــــــــــ (2000) سینتاک سی ڕ ستەی کوردی، چ1، دەز گای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- کوردۆییێف. ك.ك. (1984) ڕێز مانی کوردی، بە کەرە ستەی د یالێکتی کر مانجی سۆرانی، وەرگێڕانی.د.کوردستان موکریانی، چ.(الادیب)، بەغدا.

- لێژ نەی ز مان و زانستەکان(1976) ڕێز مانی ئا خاوتنی کوردی، چ. کۆڕی زان یاری کورد، بەغدا.

- محە مەد فاروق عـمر سدیق(1990) دە ستووری پێوەلکا ندنی مرۆڤناو بە ناوی باوك و باپیر و لە قە بەوە لە ز مانی کوردی و چەند ز مانێکی تردا، گ.ڕۆ شنبیری نوێ، ژ.(126)، بەغدا.

- محمد معروف فتاح (1985) هێماکاری و زمانەوانی، گ. کاروان، ژ.(28)، هەولێر.

- ــــــــــــ (1990) زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید(2006) چەند لا یەنێکی مۆرفۆ لۆجی کوردی، چ. ڕوون، سلێمانی.

- محمدی مەحوی و نەرمین عمر(2004) مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، چ.ژیر، زانکۆی سلێمانی.

- محە مەد مەولوود  مەم- (2001) ڕێ گا (ڕۆ مان)، چ2، دەز گای ئاراس، چ.وەزارە تی پەروەردە، هەولێر.

- محەمەد ڕەزای باتینی(1993) ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێز مان، وەرگێڕانی.حە سەنی قازی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید.

- مەزن عثمان(2008) هەندێ بەراورد و سەرنجی زمانەوانی، چ. شەهاب، هەولێر.

ـ مه سعود محه مهد(1977) هەڵدا نەوەی چەند ڕوو پەڕەیێکی ز مانی کوردی، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی پێنجەم، چ.کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
ـ نا صر حـسن ( پێش ڕا پەڕین) ز نجیرە درا مای تە لەفزیۆنی (ژا ڵە)، بەر هەمی تە لەفزیۆنی کەرکوك.
ـ نوری علی أمین(1956) قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نەحو)دا، چ.مەعارف، بەغدا.
ـ ــــــــــ (1960) ڕێزمانی کوردی، چ.کامەران، سلێمانی.
ـ هۆگر مەحموود فەرەج(2000)، پراگماتیك و وا تای نیشانەکان، نا مەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
ـ ــــــــــــــــــ ـ (2005) کردەی گەیا ندن لە نێوان سیمانتیك و پراکماتیك دا، گ.زانکۆی سلێمانی، ژ.(15)، سلێمانی.
ـ هێمن عەبدولحەمید شەمس(2006) شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکا ندا، نا مەی ماجستێر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە.
ـ هیدا یەت عە بدوڵڵا محه مەد(1993) پێشپرتك و پا شپرتك لە ز مانی کورد یدا، نا مەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین.
ـ وریا عمر أمین(1982) وشە، گ.نوسەری کورد، ژ(9)، چ.(الحوادث)، بەغدا.
ـ ــــــــــ (1982 أ) ڕێککەوتن لە زماندا، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(91)، بەغدا.
ـ ــــــــــ ـ (1986) بنا غەی سادەترین ڕ ستەی کوردی، گ.ڕۆ شنبیری نوێ، ژ(111)، بەغدا.
ـ ــــــــــ (1986 أ) مردنی وشە، گ.کاروان، ژ.(45)، هەولێر.
ـ ــــــــــ ـ (1989) فۆ نەتیك و فۆنۆ لۆجی، گ. کۆڕی زا نیاری عێراق-دە ستەی کورد، ژ.(20)، بەغدا.
ـ ــــــــــ (1994) هێز و ئاواز، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(134)، بەغدا.
ـ ــــــــ ـ (2005) لە ڕووە کانی ڕێ بازی گوێزا نەوە، گ. ئەکادیمی، کۆڕی زا نیاری کوردستان، ژ.(3)، هەولێر.
ـ ــــــــــ ـ (2007) بواری زما نەوانی و ئا ستەکانی شیکردنەوە، گ. ئەکادیمی، کۆڕی زانیاری کوردستان، ژ.(5)، چ.دەزگای ئاراس، هەولێر.
ـ یوسف شریف سعید(1990) دۆ خەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هە ندێ لا یەنی ڕستە سازی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

ب- بە زمانی عەرەبی:

ـ حمدان رضوان أبوعاصي(2008) تراكيب أسلوب النداء في العربية (دراسة وصفية تحليلية في ضوء علم اللغة التوليدي)، مجلة الجامعة الاسلامية، المجلد(16)، العدد(1)، كلية فلسطين، http://www.iugazo.edu.ps/ara/research.

ـ شحدة فارع وآخرون(2003) مقدمة في اللغويات المعاصرة، ط2، دار وائل للنشر، عمان، الاردن.

ـ الشيخ مصطفى الغلاييني(2006)، جامع الدروس العربية، دار الكتاب العربي، بيروت.

ـ عباس حسن( ؟ ) النحو الوافي، ج4، دار المعارف، مصر.

ـ عزام عمر الشعراوي(2001) النحو التطبيقي، ط 1، دار البشير، عمان.

ـ غازي مختار طليمات(2007) في علم اللغة، ط.3، دار طلاس، دمشق.

ـ فاضل صالح السامرائي(2002) معاني النحو، ط20، مجلد4، دار الفكر، عمان، الاردن.

ـ فرديناند دي سوسور(1916) علم اللغة العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة والنشر(1988)، موصل.

ـ قيس اسماعيل الأوسي(1988) اساليب الطلب عند النحويين والبلاغيين، بغداد.

ـ كريم حسين ناصح الخالدي(2006) نظرية المعنى في الدراسات النحوية، ط10، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

ـ محمد علي الخولي(1982) معجم علم اللغة النظري، انجليزي، عربي، مكتبة لبنان، بيروت.

ـ ـــــــــــ (2000) مدخل إلى علم اللغة، دار الفلاح للنشر، الاردن.

ـ محمد محمد يونس علي(2004) مدخل إلى اللسانيات، ط 1، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان.

ـ موفق الحمداني(2004) علم النفس اللغة في منضور معرفي، دار المسيرة، الاردن.

ـ نايف خرما(1978) أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة(9)، عالم المعرفة، كويت.

ـ هادي نهر(2004) التراكيب اللغوية، دار اليازوري، لنشر والتوزيع، عمان.

**ج- به زمانى ئينگليزى:**

- Abdulla, J.J and E.N. MacCaruse, (1967) Kurdish Basic Course dialect of Sulaimania, Iraq, University of Michigan Press.

- Amin, O.W.(1976) Some Fundemental rules of Kurdish Syntax structure, London.

- Crystal, D.(2003) A dictionary of Linguistics and Phonetics, 5th Edition, Black well, Oxford.

- Fattah, M.M.(1997) A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Doctoral Desseration University of Amsterdam.
- Fromkin, V. and R. Rodman, (1988) An Introduction to language, 4th edition, Holt, Rinehart and Winston, Inc, U.S.A.
- Hockeett, C.A. (1958) A Course in Modern linguistcs, U.S.A, Macmillan.
- Leech, G. and J.Svartvik, (1996) A Communicative Grammar of English, 4th , Impression, London and New York.
- Leech, G. , M.Deuchar and R.Hoogenraad(2006), English Grammar for Today, Anew Introduction, 2nd ed, printed in China.
- Lyons, J. (1977) Semantics, 2. Volumes, London, Cambridge, University Press.
- Mackenzie, D.N. (1961) Kurdish dialect studies- I, Oxford, University Press, London and New York.
- Magid, S.H.(1987), The Role of Intonation in Grammar Reference to English and Kurdish, M.A thesis, University of Mosul.
- Mohammed, I. H. (1987) A Grammatical study of Vocative in English and Arabic, M.A thesis, University of Mosul.
- Oliphant, L. (1955) A General Certificate English Course, 6th edition, 15th Impression, London.
- Palmer, L. (1972) Descriptive and Comparative Linguistics, London.
- Qanatê Kurdo (1981) Zimanê Kurdi Rêziman (gramatik), Weşanên Komkar, Frankurt.
- Quirk, R. , S.Greenbaum , G.Leech , J.Svartvik and D.Crystal(1987) Comprehensive Grammar of the English Language, 5th, Britain, Longman, London and Newyork.
- Qurik, R. and S.Greenbanum, (1995) A University Grammar of English, 13th Impression, printed in china.
- Sledd, J. (1959) A Short Introduction to English Grammar, Chicago.
- Trask, R.L.(1993) A Dictionary of Grammatical terms in Linguistics, Routledge, London and New York.

# الخلاصة

(اسلوب النداء في اللغة الكردية–دراسة تحليلية) هو عنوان هذه الرسالة، يهدف الباحث الى تحديد المفاهيم الدلالية والقواعد التي تتحكم بهذا الجانب من اللغة الكردية، تتألف الرسالة من مقدمة وثلاثة فصول.

المقدمة تناقش عنوان الرسالة والهدف من الدراسة والفرضية ومشكلة وأجراء البحث.

**الفصل الأول**– (بعض المحاور العامة ذات العلاقة بالنداء) يتكون من ثلاثة محاور. يناقش المحور الأول المستويات اللغوية المتعلقة باسلوب النداء. يبحث المحور الثاني عن العلاقة بين النداء وحالة الاعراب. يناقش المحور الثالث وجهة نظر اللغوين عن اسلوب النداء.

**الفصل الثاني**– (مفاهيم ومصطلحات والجوانب المختلفة للنداء وأدواتها) مقدمة نظرية عن مفهوم النداء. يناقش المصطلح النداء وتعريفه وادوات النداء وحذف ادوات النداء وخصائص النداء ومفهوم وأغراض النداء منها؛ النداء الحقيقي، الاستغاثة، التهديد، النُدبة، الدُعاء، التعجب. والفرق بين النداء والتعجب.

**يتناول الفصل الثالث**– (السمات الدلالية والنحوية للمنادى واسلوب النداء) يبحث عن سمات المنادى وترخيم المنادى وحذف المنادى ومنادى والمركب الاسمي والموقع المنادى في الجملة وعلاقة المنادى بالنبرة والتنغيم واساليب النداء التي تنقسم إلى الرسمية وغير الرسمية والمودة.

توصل الباحث إلى جملة من الاستنتاجات منها: هناك ثلاثة انماط من اساليب النداء في اللغة الكردية وهي الرسمية وغير الرسمية والمودة. لكل منها تأثيرها الايجابي والسلبي على المنادى.

تنتهي الرسالة بقائمة بأهم المصادر المعتمدة.

# Abstract

The title of this thesis is "Vocative Style Kurdish Language- A Descriptive Analysis". It aims at identifying semantic concepts and grammatical rules of vocative case in Kurdish languages. The thesis consists of an introduction and three chapters.

The introduction deals with the title, aim, purpose, hypothesis, problems and the procedure of the study.

Chapter one is entitled (Some general aspects that relate to vocative). It consists of three sections. First section deals with linguistic levels that relate to vocative analysis. Second section deals with the relation between vocative and case. Section three deals with the viewpoints of grammarians about vocative.

Chapter two presents a theoretical background about the concept of vocative and the linguistic terms which are used in the vocative analysis.

Chapter three deals with semantic and syntactic features called and calling styles.

The researcher has reached some conclusions. It was mainly concluded that there are three defferent types of vocative in Kurdish language which are formal, informal and friendly. Each has its own psychological positive and negative impact on the called person.

The thesis ends with the list of the references.

اقليم كردستان – العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين – أربيل

# أسلوب النداء في اللغة الكردية

## (دراسة تحليلية)

رسالة تقدم بها الطالب

رزگار واحد حمدامين
بكالوريوس – جامعة صلاح الدين (2004–2005)

إلى مجلس كلية اللغات– جامعة صلاح الدين وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

باشراف

أ.د.وريا عمر أمين

تشرين الثاني2009 گەلاڕێزان 2709 ذوالحجة 1430

Kurdistan Region - Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University- Erbil

# VOCATIVE STYLE IN KURDISH LANGUAGE (A DISCRIPTIVE ANALYSIS)

A THESIS
SUBMITTED TO THE COLLEGE OF LANGUAGES-
SALAHADDIN-UNIVERSITY IN PARTIAL FULFILLMENT OF
THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF MASTER
IN KURDISH LANGUAGE

**By**
**Rizgar Wahid Hamadameen**
**B.A. University of Salahaddeen (2004-2005)**

**Supervised By**
**Professor. Dr.Waria Omar Amin**

**NOVEMBER 2009 GALAREZAN 2709 THULHIJA 1430**